# الإنترنت إمتحان الإيمان والأخلاق والعقول

## ئینتەرنێت تاقیکردنەوەی باوەڕو ڕەوەشتو هزرەکانە

**نوسینی:**

د. محمد بن إبراهيم الحمد

دكتور في قسم العقيدة - جامعة القصيم - القصيم

والمشرف العام على موقع دعوة الإسلام

**وەرگێڕانی:**

ڕۆستەم فتح الله عبدالله

له بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن

www.iman1.com

**پێداچوونەوەی:**

م. صلاح الدين عبدالكريم

**چاپی یەکەم** 1433 ك

ناوی کتێب:  ئینتەرنێت تاقیکردنەوەی باوەڕو ڕەووەشتو هزرەکانە
نوسەر :  د. محمد بن إبراهيم الحمد
وەرگێڕ: ڕۆستەم فتح الله عبدالله
ژمارەی سپاردن: (      )
نۆرەی چاپ: یەکەم
ساڵی چاپ: 1433ی کۆچی
بنکەی بڵاوکردنەوە:        کتێبخانەی پێشین - هەولێر
کتێبخانەی دێرێن - سۆران
کتێبخانەی زانستی بەسوود  - کەلار .
کتێبخانەی صوهەیب - کۆیە
کتێبخانەی سیما - چەمچەماڵ
کتێبخانەی سوننە - سلێمانی
کتێبخانەی ئیمان - سلێمانی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله الذي أنزل على عبده الفرقان الفارق بين الحلال والحرام، والسعداء والأشقياء، والحق والباطل وجعله برحمته هدى للناس عموما، وللمتقين خصوصا، من ضلال الكفر والمعاصي والجهل، إلى نور الإيمان والتقوى والعلم وأنزله شفاء للصدور من أمراض الشبهات والشهوات، ويحصل به اليقين والعلم في المطالب العاليات، وشفاء للأبدان من أمراضها وعللها وآلامها وسقمها، وأخبر أنه لا ريب فيه ولا شك بوجه من الوجوه، وذلك لاشتماله على الحق العظيم في أخباره، وأوامره، ونواهيه، وأنزله مباركا فيه الخير الكثير، والعلم الغزير، والأسرار البديعة، والمطالب الرفيعة، فكل بركة وسعادة تنال في الدنيا والآخرة، فسببها الاهتداء به واتباعه، و صلى الله على نبينا محمد وعلى آله و صحبه أجمعين

أمّا بعد:

لە ڕۆژگاری ئێستاماندا ئەو هۆكارانەی كەوا دەبنە هۆی ئەوەی كە خەڵكی بەرەو بەدڕەوشتی و لاڕێی بوون بەرێت بە هەمو شێوازێكی سوك و ئاسان خراونەتە ڕو وە هەوڵ و كۆششێكی زۆر دەدرێت بۆ بەرەو پێش چون و برەودان بەو هۆكارانەی كەوا دەبنە هۆی فیتنە بۆ خەڵكی جا لە ڕۆژگاری ئێستاماندا زۆر فیتنە هەیە ڕوی لێمان كردووە زۆرێك لەو فیتنانەی كەوا باڵی كێشاوە بەسەرماندا.. یە كێك لەو فیتنە هەرە گەورانەی كە ئێستا لە ناو هەموو جیهانداو بە تایبەت لە ناو كۆمەڵگەی مسوڵمانانداا باوە بریتییە لە فیتنەی (ئینتەرنێت) ..........

جا خراپی خەڵكی لەوەدا دەبینرێت كە بە فیتنەی نازانن، بە ڵكو بە پێویستی ژیان و پێشكەوتنی دەزانن، جا هەر كاتێك خەڵكی حاڵیان وابێت كە باش و

خراپ لە یەکتری جیا نەکەنەوە ئەوا بەرەو نەمان و تیاچوون هەنگاو دەنێن، بۆیە پێویستە لە سەر خەڵکی کەوا باش و خراپی خۆی بزانێت و بی ناسێت ! بۆ ئەوەی کاتێك فیتنە ڕوی لێ دەکات بتوانێت خۆی لێ بپارێزێت وەکو شاعیر دەڵێت:

عرفت شر لا لشر لكن لتوقيه ومن لا يعرف شر عن الخير يقع فيه

خراپەم ناسی نەك بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەم

بەڵکو بۆ ئەوەی خۆمی لێ بپارێزم

هەرکەسێك خراپە جیانەکاتەوە لە چاکە ئەوا دەکەوێتە ناوی

جا ئەگەر بە وردی تەماشایەك بکەین فیتنەو ترسناکی (ئینتەرنێت)مان بۆ دەر دەکەوێت، جا هەرکات و زەمانێك فیتنەو ئامرازەکانی فیتنە ڕوی لە خەڵکی کرد ئەو کات بەد ڕەوشتی و خراپەکاری زیاتر دەرگای بۆ دەکرێتەوەو ئاسان دەبێت و زیاتر تەشەنە دەسێنێت، جا خوێنەری خۆشەویست: ئەم کتێبەی بەردەستت یە کێکە لەو کتێبانەی کەوا باسی ئەم فیتنەو تاقیکردنەوەیە دەکات، وە ئەو هۆکارانەی کەدەبێتە هۆی ڕزگاربون و نەجاتبوون لەو تاقیکردنەوەیە

کە وەکو فیتنەیەك ڕووی لە خەڵکی کردووە جا منیش بە پێویستم زانی کەوا ئەم کتێبە بە سوودە وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی لەبەر ئەوەی خەڵکانێکی زۆر لە (کچان و لە کوڕان) سەرقاڵی (ئینتەرنێتن)و بە ڕادەیەکی زۆر خۆیان پێوە سەرقاڵ کردووە، ئەم سەرقاڵییەش بێگومان سەر دەکێشێت بۆ تاوان و سەرپێچی خوای گەورەو دوور کەوتنەوە لە خوای گەورەو دینەکەی.

جا بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانی کە وەری بگێڕمە سەر زمانی کوردی بۆ ئەوەی سوود بە ئێوەی خۆشەویست بگەیەنم، جا لە هەندێك شوێندا پێویستی بە

زیاد کردن کردووە بە هۆی ئەوەی کە لە تۆڕەکانی (ئینتەرنێت و فەیسبووك و یوتیوب)دا کاری ناشەرعی و ناشیاوی زۆر ئەنجام دەدرێت)دا کە بەڕاددەیەکی ئێجگار زۆر ناشەرعی تێدا ئەنجام دەردرێت بە تایبەت لە Facebook چونکە بەڕاستی هەروەکو چۆن ئاسانکاری بۆ بڵاوکردنەوەی (ئینتەرنێت) کراوە بە هەمان شێوەش ئەو پەڕی هەوڵ و تێکۆشان دراوە بۆ بەرەوپێش چون و بڵاوکردنەوەی خراپەکاری تیایدا و ئەو پەڕی ئاسانکاری و مەجالی تیادا کراوە بۆ بەرەو پێش چونی بەرنامە ناشەرعییەکان و سایتە کۆمەڵایەتییە ناشەرعییەکان، وە پاشان ئامۆژگاری زانایانم هێناوە کە ئامۆژگاری و ڕوونکردنەوەیان داوە لەسەر بەکار هێنەرانی ئەم سایتە کۆمەڵایەتییانە...

بە ئومێدو هیوای ئەوەی کە بتوانم بەم کارە بچوکەم خزمەتی ئێوەی بەڕێزو خۆشەویست بکەم.

داوا لە خوای گەورەو کارلەجێ دەکەم کەوا پاداشتی دانەرەکەی بداتەوەو بیکاتە توێشویەك بۆ قیامەتی، وە داوا لە خوای پەروەردگار دەکەم کە ئەم وەرگێڕەی منیش بکاتە پاداشتێك بۆ ڕۆژی دواییم، وە داوا لە خوای گەورەو میهرەبان دەکەم کەوا پاداشتی برای بەڕێزو خۆشەویستم (م. ڕێباز محمود) ئیمام و وتاربێژی مزگەوتی إمامی شافعی لە چەمچەماڵ، بداتەوە کە یارمەتییەکی زۆری دام بۆ وەرگێڕانی شیعرە عەرەبیەکان کە لەم کتێبەدا هاتووە، خوای گەورە پاداشتی بە بەهەشتی بەرین بداتەوە.

ڕۆستەم فتح اللە عبداللە

١٧ / ٥ / ٢٠١٢

# پێشەکی دانەر

ئینتەرنێت داهێنراوێکی گەورەیە لە دونیای زانیارییەکاندا، وە پێشبڕکێ یەکی فراوانە بۆ تاقیکردنەوەی باوەڕو ڕەوشت و هزرەکان، وە دەرگاکانی خێرو چاکە کراوەن، بەڕووی (ئینتەرنێتدا)دا وە شەڕو خراپەکاری خراونەتە ڕوو بە هەموو شێوازێکی سووك و ئاسان، بە شێوازێك (ئینتەرنێت) دەتوانرێت بەکاربهێنرێت چۆن بتەوێت، هەروەها بینینەکان والآدەکات چۆنت بووێت، وە دەستەکان هەڵە دەکەن ویستی چۆن بێت، بێ ئەوەی لێ پێچینەوەی لەسەر بکرێت، بێ ئەوەی هەڵوێستێك هەبێت لەسەر ئەو سنوورانە، نەفسە خراپەکان ئارەزوو دەکەن لەوەی هەرشتێك کە خراپ بێت فەرمان دەکات بەدەستەکان لە پەڕەکانی (ئینتەرنێت) بینووسێت بەخراپ وە بەنێو خەڵکیدا بلاوی بکاتەوە، نەفسە خراپەکان ئارەزووی بلاو بوونەوەی شتانێکی هەست بزوێن دەکەن کە نەفسی ئینسانەکان ڕادەچلەکێنێت بۆ کاری ناشیاو و خراپ و ئارەزوبازی، بۆیە کۆمەڵە کەسانێکی خراپ بەردەوام پێشبڕکێی تاوان دەکەن لە بەکارهێنانی ئەم ئامێرەدا, جا هۆی خراپ بەکارهێنی ئەم ئامێرە ئەوەیە کە هەست بە چاودێری خوای گەورە ناکرێت، چونکە ئەگەر هەست بە چاودێری خوای پەروەردگار بکرێت، وە بزانرێت خوا شاهیدی هەموو کاروبارێکە, ئەوا هەڵە لە بەکارهێنانی ئەم ئامێرە کەم دەبێتەوە، ئەوکات ئەم (تەکنۆلۆجیا)ی پێشکەوتنە لە کاری باش و بەسودا بەکاردەهێنرێت کە سوودی بۆ مرۆڤایەتی هەبێت، ئەوکات سەربەرزی و سەرفرازی بەدەست دێت بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر نەفسەکان والآ بکرێت ئەوا باش بزانە نەفس حەزی بەهەواو ئارەزووە, تووشی لەڕێ دەرچوون و بێ ئیمانیت

دەكات و دەبێتە هۆی نەمانی تەقوا[1] وە دەبێتە هۆی مردن و لەناوچوونی پلەو پایەو نامووس و كەمبوونەوەی ڕێزو شكۆ.

وە ئەم نوسراوە لە چۆنێتی بەكارهێنانیدا بە یانزە خاڵ باسم كردووە، ئومێد بە كەسێك دەبرێت بە ئیزنی خوا ئەگەر لەم یانزە خاڵەدا یاخود لەم یانزە (إمتحان) تاقیكردنەوەیەدا ڕزگاری ببێت ئەوا بەئیزنی خوا سەرفرازی ئەم دونیاو ئەو دونیا دەبێت، وە ئەگەر كەسێكیش نەبێت لەو كەسانەی كەوا ئەو سەرفرازییە بۆ كەسانی كە بەدەست بهێنێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە بۆ خۆی فەراهەمی دەهێنێت.

د. محمد بن إبراهيم الحمد

دكتور في قسم العقيدة - جامعة القصيم — القصيم

والمشرف العام على موقع دعوة الإسلام ١٤٢٤/٧/٩ هـ

---

(1) تەقوا/ بە مانای خۆپارێزیو لەخواترسانە لە ئاشكراییو پەنهانیو نهێنی دا.

## الإنترنيت إمتحان

ـــ ئینتەرنێت وەكو تاقیكردنەوەیەك:

ـــ وەچەند هۆكارێكی جۆراو جۆر بۆ ڕزگاربوون لە فیتنەی ئینتەرنێت:

## الأول: إحسان التعامل مع الإنترنيت

یەكەم:  باش بەكارهێنان و هەڵسوكەوت كردن لەگەڵ ئینتەرنێت

## الثاني: الحذر من خطوات الشيطان

دووەم: ئاگابوون لە فێڵ و پیلانەكانی شەیتان

## الثالث: تخصيص الوقت، وتحديد الهدف

سێ یەم: تایبەت كردنی كات، وە دیاریكردنی ئەو شتەی هەوڵی بۆ دەدەیت

## الرابع: النظر في العواقب

چوارەم: تێڕوانین لە ئایندە

## الخامس: تجنب المثيرات

پێنجەم: خۆلادان لە شتە هەست جولێنەرەكان

## السادس: غض البصر

شەشەم: چاو داخستن لەئاست شتە حەرامكراوەكان

## السابع: التثبت

حەوتەم: لێكۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن

## الثامن: التأني في إبداء الرأي

هەشتەم: لەسەرخۆیی وپەلە نەكردن لە دەربڕینی بۆچون و پێشنیارەكان

## التاسع:  لزوم مراقبة الله ــ عز وجل

نۆیەم: پابەندبوون بە چاودێری خوای پەروەردگارەوە

العاشر: المشاركة في تقديم النافع المعين

دەیەم: بە شداربوون لەپێشكەش كردنی شتی باشی یارمەتیدەردا.

الحادي عشر: إنكار المنكر

یانزەیەم: نەهی كردن و ئینكاریكردن لە خراپەكاری

الأول: إحسان التعامل مع الإنترنيت.

باش هەڵسوكەوت كردن لەگەڵ ئینتەرنێتدا

عەقڵ ئازادە، لەوەی كە چۆن (ئینتەرنێت) بەكاربهێنێت " بەوەی لەكاری بەسوودو باشدا یان لە كاری تاوان و سەرپێچی خوای باڵادەست بەكاری بهێنێت، جا ئەو كەسەی لەكاری باش و بەسوودا

(ئینتەرنێت) بەكار بهێنێت ئەوا سەر فرازو براوەیە، ئەو كەسەیشی لەكاری فاحیشەو كاری ئاژاوەگێڕی و كاری بێ ماناو بێ كەڵكدا بەكاری بهێنێت ئەوا هەر لەدونیادا زەرەو زیانەكەی بە چاوی خۆی دەبینێت لە ڕۆژی دوایشدا لێی بەرپرسیارەو لێ پرسینەوەی لێ دەكرێت لە لایەن خوای پەروەردگارەوە، خەڵكی لە بەكارهێنانی (ئینتەرنێتدا) جیاوازن و هەركەسێك بە جۆرێك مامەڵە لەگەڵ ئەم ئامێرەدا دەكات، ئەو كەسانەش لە بەكارهێنانیدا لە دوو كۆمەڵ بەدەر نین، ئەم دوو كۆمەڵەش چەند ئامانجێكیان هەیە لە بەكارهێنانیدا:

كۆمەڵەی یەکەم ـــ کەسانێکن لەکاری باش و بەسوودا بەکاری دەهێنن ـــ ئەمانەش

دابەش دەکرێن بۆچەن کەسانێك بە پێی ئامانجەکانیان:

أ/ کەسانێك بۆ بانگەوازی خوای گەورە بەکاری دەهێنن و لە ڕێی ئەم ئامێرەوە بانگەوازی بۆ دینی (ئیسلام) دەکەن ـــ جا چی بە بڵاوکردنەوەی (کتێب _ نامیلکە _ محاضراتی صوت _ دەرزو و دەوری زانایان _ وتارەکانیان)

کە ئەمەش باشترین خێرە، چونکە زانایان دەفەرموون باشترین جیهادی (زانست)ە.

ب/ کەسانێکی تریش هەن ئەم (ماڵپەڕو سایتانە) بەڕێوە دەبەن و بەردەوام کتێب و دەرزەکانی زانایان دادەگرن و فەتوا گرنگەکانیان کە پەیوەندی بە مسوڵمانانەوە هەیە لە هەموو بوارەکانی

(بیروباوەڕو عەقیدە _ فقە _ مەنهەج ) وە یاخود ئەو فەتوا گرنگانەی کە وەکو (ئاڵتوون و زێڕ)وان کە لە (قورئان و فەرموودەوە) هەڵچنراون، خەڵکی پێ چاوڕۆشن دەکەنەوە، لە کاتی

(فیتنەو ئاژاوەگێڕی)دا کە پەیوەندی بە ژیانی موسڵمانان و خەڵکی یەوە هەیە دادەگرن و بۆ خەڵکی ئاسان دەکەن، کە بەڕاستی ئەم جۆرە کەسانەش بەشدارن لەو خێرە گەورەیەی زانایاندا إن شاء اللّٰه.

ج/ کەسانێکی تریش هەن شوکرانەی نیعمەتەکانی خوای گەورە دەکەن بەوەی کە (ئینتەرنێت) بۆ دەرزو دەوری شەرعی و زانستی بەسوود بەکاردەهێنن و

ئەوكاتانەی كە خۆیان بەم ئامێرەوە سەرقاڵ دەكەن ناهێڵن شەیتان زاڵبێت بەسەریانداو ئەمری خوای گەورەو پێغەمبەرەكەی جێ بە جێ دەكەن هەروەكو پێغەمبەری ئازیز فەرمویەتی: وروي عن أنس بن مالك رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه و سلم: { طلب العلم فريضة على كل مسلم }(2).

واتە: گەڕان بەدوای زانست و فێربوونی زانستی شەرعیدا واجب و پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك.

وە لە فەرموودەیەكی تردا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی:

{ مَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْمًا سَهَّلَ اللَّهُ لَهُ به طَرِيقًا إِلَى الْجَنَّةِ }(3).

واتە: هەركەسێك ڕێگەیەك بگرێتە بەر بۆ فێربوونی زانست خوای گەورە بەو هۆیەوە ڕێگەیەكی بەهەشتی بۆ ئاسان دەكات.

گەڕان بە دوای زانستی شەرعیدا دەبێت لە بەردەستی مامۆستایەكدا فێری ببیت و خۆت پەروەردە بكەیت نا بێت خۆت لەماڵەوە دانیشی و بتەوێت خۆت بە تەنها فێری زانستی شەرعی بكەیت چونكە باشترین زانست ئەوەیە كە لەبەر دەستی مامۆستایەكدا دابنیشیت و فێری ببیت، بۆیە دەبێت ئەو پەڕی

هەوڵ بدەیت تاكو مامۆستایەكت دەست دەكەوێت، بەڵام ئەگەر ئەوسا نەتتوانی مامۆستایەكت دەست بكەوێت یاخود شوێنت دوور بوو، ئەوكات دەتوانیت لە ڕێی (ئینتەرنێت)ەوە هەوڵی زانستی شەرعی بدەیت چونكە زۆر جار بۆت نارەخسێت یاخود مەجال نییە بۆیە ئەم جۆرە كەسانە جاری واهەیە شوێنیان

(2) صحيح الترغيب والترهيب للألباني (ج/1–ص/17). ورواه ابن ماجه.

(3) صحيح الجامع الصغير (ج/٢–ص/٦٠). صحيح مسلم برقم (٦٢٩٩).

دوورەو ناچارن لەڕێی (ئینتەرنێت)ەوە داوای زانستی شەرعی بکەن، کە ئەمەش نیعمەتێکی ئێجگار گەورەو زۆرە چونکە زەمانێك هەبووە نەك هەر ئامێرەکانی (تەلەفۆن ــ مۆبایل ــ ئینتەرنێت) هەر نەبوونە، بەڵکو زۆر زەحمەت بووە لەسەریان، بۆیە پێویستە ئەم جۆرە کەسانە بەردەوام شوکرانە بژێری پەروەردگاریان بن، جا شوکرانە بژێرییان بەوەش دەبێت بەردەوام لە زانستی شەرعی و گوێ گرتنی وانە شەرعییەکانی زانیندا بەکاری بهێنن و کتێب و وانە شەرعییەکانی زانست بخوێننەوە, کە ئەمەش شوکرانەی ڕاستەقینەیە.

جا (ئینتەرنێت) ڕێگەی زۆرە کەوا ئەگەر کەسێك بیەوێت گوێ لە دەرزە شەرعییەکان بگرێت و بەشداری ئەو وانە شەرعیانە بکات، یەکێك لەو بەرنامە زۆر پێشکەوتووانەی کەوا سوپاس بۆ خوای گەورە بە زۆر زوبان وانەی تێدا دەوترێتەوە، کە خەڵکی کورد زوبانی خۆشەویستی ئێمەش بەشدارە لەو سایتەداو سوودی لێ دەبینن، سوپاس بۆ خوای گەورە، ئەم بەرنامەیە ژورێکی تایبەت بە کورد واتە تایبەت بە زوبانی کوردی جیا کراوەتەوەو وانەی تیادا دەوترێتەوە بە (مباشر) ڕاستەوخۆ وانە شەرعییەکانی تیادا دەوترێتەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کە خەڵکی کوردستان دەتوانن سودی لێ ببینن و فێری زانستی شەرعی بن و بەشداربن تیایدا، جا ئەم بەرنامەیە بەردەوام (وانەی شەرعی و دەرزی ئایینی) تێدا دەخویندرێت و دەوترێتەوە، لە لایەن چەند مامۆستایەکی بە تواناو لێهاتووەوە خوای گەورە تەمەن درێژو سەرکەوتویان بکات بۆ خزمەتی ئەم دینە پاکە ئەو بەرنامەیەش ناوی (Beyluxe Messenger)ە (بایلۆکس

مێسنجەر)ە[4]، سوپاس بۆ خوا لە ڕێی ئەم بەرنامەیەوە ئەو مامۆستا بەڕێزانە خزمەتێکی باشیان بەم دینە کردووە خەڵکێکی زۆر لە (خوشکان و برایان) بەشداری تێدا دەکەن و دەرزێکی زۆری لێ فێربوونە، ئەمەش فەزڵ و گەورەییی خوایە، وە پاشان هەوڵ و ماندوبوونی ئەم مامۆستا بەڕێزانەیە خوای گەورە پاداشتی بە خێریان بداتەوەو بەردەوامییان بکات بۆ خزمەتی ئەم دینە لەڕێی ئەم بەرنامەیەو غەیری ئەم بەرنامەیەشەوە.

د/ کەسانێکی تریش هەن بەشداری دەکەن و پەیوەندی دەکەن بەیەکەوە لە (تۆڕەکانی ئینتەرنێت)ەوە لە کارە خەیرییەکانی وەك (یارمەتیدانی فەقیرو

---

(4) بەرنامەی Beyluxe Messenger (بایلۆکس میسنجەر) بەرنامەیەکی پێشکەوتوە، چۆنێتی ئیش پێکردنی بە (ئیمەیڵی) تایبەت بە خۆتە، تەنها بەو ئیمەیڵەی کە دای دەنێیت دەتوانیت پێی داخڵ ببیت، چۆنێی دانانی ئیمەیڵەکەش کاتێك دادەنرێت کە بەرنامەکە دادەبەزێنیت بۆ ناو کۆمپیوتەرەکەت، پاشان بەو ئیمەیڵەی کە دایدەنێیت پێی داخڵ دەبیت، پاشان کە داخڵ بویت، بەرنامەکە دەکرێتەوە لە شێوەی (یاهو مێسنجەر)دایە، بۆ فێربوونی چوونە ناو ژورەکان بەم شێوەیە دەبێت:....................

بۆ چوونە ناو ژووری وانە شەرعییە –کوردییەکان–

ئەو ژوورەی کە تایبەتە بە زوبانی کوردی ... لەسەر (Toolbars) (تولبارس)ی بەرنامەکە واتە لە بەشی سەرەوەی بەرنامەکە دەچیتە سەر Action پاشان لاپەڕەیەکی ترت بۆ دەکرێتەوە دەچیتە سەر Join a Chat Room پاشان دەچیتە سەر Religion & Spirituality پاشان دەچیتە سەر Islam لاپەڕەیەکی ترت بۆ دەکرێتەوە دەچیتە ناو ژوورە کوردییەکان Salafi kurdi هەڵدە بژێری. بەڵام ناوە کوردییەکان بە (ئینگلیزی) نوسراوە، لەسەر ژوورەکان دەبڵ کلیك دەکەیت، ژوورەکەت بۆ دەکرێتەوە (ناوی مامۆستاکەو وانە شەرعییەکان نوسراوە تیایدا) ئەم ژوورە شەوانە بەردەوام چەن مامۆستایەکی بەڕێز وانەی شەرعی تێدا دەڵێنەوە.................

وە ئەگەر کەسێکیش ویستی بەشداری وانە شەرعییە عەرەبییەکان بکات ئەوا ژوورە عەرەبییەکانیش ژووری تایبەت بە خۆی هەیە.

هەژاران)و یارمەتی و کۆمەکی کردنی منداڵانی هەتیو و هەژاران) بە پارەو سامانەکانیان کە بەریدی تایبەتی و کارت و چەکی تایبەت بە خۆیان هەیە ئەم کارانە دەکەن کە ئەمەش کارێکی زۆر باش و بەسوودە، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

{ وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ }(5).

واتە: یارمەتی و هاوکاری یەکتری بکەن لەسەر چاکەو لەخواترسی * هاوکاری و یارمەتی یەکتری مەدەن لەسەر تاوان و سەرپێچی و دەست درێژی * لە خوای گەورەیش بترسن چونکە بێگومان خوای گەورە تۆڵەی بەتینە.

کۆمەڵەی دووەم: کەسانێکن لەکاری خراپەو سەرپێچی پەروەردگارییاندا بەکاری دەهێنن ئەم جۆرە کەسانەش دابەش دەبن بۆ چەند جۆرێك بە پێی بەکارهێنانیان بۆ مامەڵە پێکردنییان لە کاری خراپەو ناشیاودا:

ا/ کەسانێك هەن بۆ مەبەستی فاحیشەو خراپەکاری و ئارەزوبازی و شەهەوات بەکاری دەهێنن و بەردەوام خەریکی داونلۆدی فیلمی (سێکس)و ڕەسمی ئافرەتانی ڕووت و بێ جل و بەرگ، ئەم جۆرە کەسانەش هەر زەرەریان بۆ خۆیان نییە، بەڵکو زەرەرو زیانەکەیان وەکو (ڤایرۆس) وایە بەناو خەڵکیدا بڵاوی دەکەنەوە، چونکە شیرازەی کۆمەڵگە تێك دەدەن و گەنجان تووشی شۆك و خراپەکاری دەکەن، کە ئەم جۆرە کەسانەش هەدەف و ئامانجیان ئەوەیە کە نەفسە پیسەکەیان بە

---

(5) سورة المائدة: الآية ٢.

تێرکردنی حەرام پڕ بکەن و داوێن پیسیش لەناو کۆمەڵگەی موسڵمانان‌دا ڕەواج پێ بدەن، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی:

{ وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا }[6].

واتە: نزیکی زینا مەبنەوە چونکە بە ڕاستی کردەوەیەکی زۆر ناشرینە.

خوای گەورە لە حەرامیێتی (زینا)دا یەکسەر نەیفەرمووە (زینا) مەکەن، بەڵکو فەرموویەتی نزیکی زینا مەبنەوە، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی کە توشی ئەو تاوانە قێزونە دەبێت، بە چەن هۆکارێك توشی دەبێت سەرەتا لە نەزەرەوە، هەموشمان باش ئەوە دەزانین کە (ئینتەرنێت) سەرەکیترین هۆکارە بۆ توش بوون بە نەزەر، خوای گەورە بمانپارێزێت، پاشان هەر لەو نەزەرەوەیە کە تێکەڵاویی و قسەکردن و مەوعید دانان و پاشان توش بوون بە (زینا)و داوێنپیسی ڕوو دەدات پەنا بە خوای گەورە.

ب/ جۆری دووەمیشیان کە لە جۆری یەکەمیان نزیك دەکاتەوە، ئەو کەسانەن کەوا (ئینتەرنێت) بۆ گۆرانی داگرتن و گۆرانی بڵاوکردنەوەو بازرگانی پێکردنی گۆرانییە کە بەداخەوە زۆر (منتديات و سایت و ماڵپەڕی تایبەت) بە گۆرانی و گۆرانی بێژان هەیە لە کاتێکدا خوای میهرەبان و باڵادەست فەرموویەتی لە قورئانەکەیدا، کە ئەو قورئانە تاڕۆژی دوایی ئەرك و پێویستی سەر شانی تاك بە تاکی هەموو کەسێکە حوکمی پێ بکات و فەرمانەکانی خوا جێ بە جێ بکات و

(6) سورة الإسرآء: الآية ٣٢

له فەرمانەکانی خوا یاخی نەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت: { وَمِنَ النَّاسِ مَـــنْ يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًا أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُهِينٌ }(7).

واتە: هەندێ لە خەڵکی هەیە قسەو باسی بێ هوودە دەکا وەکو (گۆرانی وتن ــ مۆسیقا) بۆ ئەوەی بە نەزانی خەڵکی لە ڕێگای خوا گومڕا بکـات * وە ڕێگـای خوا دەکاتە جێگای گاڵتە پێکردن * ئەوانە سزای سەر شۆڕکەریان بۆ هەیە.

(لَهْوَ الحَديث) بریتییە لە (مۆسقاو گۆرانی) ابن مسعود ڕەزای خوای لێبێت، ئەو صەحابەیە کە زاناو شارەزاو بلیمـەتی نـاو صـەحابە بـوو بـە تەفسـیری قورئـان فەرموویەتی:

{ واللّه الذي لا إله غيره أنَّ ذلك هو الغناء }(8).

واتە: سوێند بەو خوایەی کەهیچ پەرستراوێك بەحەق نییە غەیری ئـەو نـەبێ کـە (اللّه)یە مەبەست پێی گۆرانی و مۆسیقایە . سـێ جـار ئـەو سـوێندەی دووبـارە کردەوە (رضي اللّه عنه)

وەلە ئایەتێکی تردا خوای گەورە دەفەرمووێت:

{ أَفَمِنْ هَذَا الْحَدِيثِ تَعْجَبُونَ * وَتَضْحَكُونَ وَلَا تَبْكُونَ * وَأَنْتُمْ سَامِدُونَ }(9).

واتە: جا ئایا لەم وتەیە کە قورئانە سەرتان سوڕ دەمێنێ؟!! * وە پێ دەکـەنن و ناگرین * وە ئیوە سەرگەرم و بێ ئاگان . (سَامِدُونَ) عبداللّه کوڕی عباس (رضي اللّه عنه) لەتەفسیری (سَامِدُونَ)دا دەفەرمووێت: (الغناء) واتە: گۆرانییە.

---

(7) سورة لقمان: الآية ٦.

(8) تفسير القرطبي/١٤/٤٨.

(9) سورة النجم: الآية ٥٩-٦١.

وە لەفەرمودەیەکی تردا پێغەمبەری ئازیز (صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی:
{ لَيَكُونَنَّ مِنْ أُمَّتِى أَقْوَامٌ يَسْتَحِلُّونَ الْحِرَ وَالْحَرِيرَ وَالْخَمْرَ وَالْمَعَازِفَ، وَلَيَنْزِلَنَّ أَقْوَامٌ إِلَى جَنْبِ عَلَمٍ يَرُوحُ عَلَيْهِمْ بِسَارِحَةٍ لَهُمْ، يَأْتِيهِمْ - يَعْنِى الْفَقِيرَ - لِحَاجَةٍ فَيَقُولُوا ارْجِعْ إِلَيْنَا غَدًا . فَيُبَيِّتُهُمُ اللَّهُ وَيَضَعُ الْعَلَمَ، وَيَمْسَخُ آخَرِينَ قِرَدَةً وَخَنَازِيرَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ }(10).

واتە: لەناو ئوممەتی مندا چەند کۆمەڵێك پەیدا دەبن کە زیناو ئاوریشم و عارەق و (المعازف ) حەڵاڵ دەکەن (واتە: ئەمانە خۆیان حەرامن)!

معانی بعض الکلمات:

(المعازف) بریتییە: لە ئالات و ئامێری (مۆسیقاو گۆرانی).

کە ئەمەش عبدالله کوڕی مەسعود (رضي الله عنه) فەرموویەتی.

(الحِر): الفرج والمعنى يستحلون الزنا- واتە: حەڵاڵکردنی داوێن پیسی.

وأخبرنا بن بشران أنبأ الحسين بن صفوان ثنا بن أبي الدنيا ثنا علي بن الجعد أنبأ محمد بن طلحة عن سعيد بن كعب المرادي عن محمد بن عبد الرحمن بن يزيد عن بن مسعود قال: { الغناء ينبت النفاق في القلب كما ينبت الماء الزرع والذكر ينبت الإيمان في القلب كما ينبت الماء الزرع }(11).

واتە: (گۆرانی و مۆسیقا دووڕوویی لەدڵدا دەڕوێنێت هەروەکو چۆن ئاو گژو گیا دەڕوێنێت، وەیادی خوای گەورە باوەڕ لەدڵدا دەڕوێنێت وەکو چۆن ئاو گژو گیا دەڕوێنێت).

---

(10) السلسلة الصحيحة للألباني (ج/١-ص/١٨٦).

(11) وراه ابن ابي الدنيا: ١٣٠... والبيهقي.

گوێ گرتنی بەردەوام لە گۆرانی بەریدی زینایە، لەبەرئەوەی کاتێك کەسێك گوێ بیستی گۆرانی دەبێت هۆش و بیری بەلای ئافرەتاندا دەڕوات و بیر لە زیناو داوێنپیسی دەکاتەوە، ئەگەر شەیتانیش بیەوێت کەسێك گومڕاو سەر لێ شێواو بکات، ئەوا بە دەنگی خۆی گومڕای دەکات، دەنگی شەیتانیش وەکو ئەبو بەکری صدیق ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی (مزمور الشیطان) واتە: (جووزەلەی شەیتانە)، وە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بێ دەنگ بوو لەسەری و نەیفەرموو وانییە.. وەزۆربەی زۆری زانایانی ئەم ئوممەتە فەرموویانە دەنگی شەیتان بریتییە لە (مزمور)، واتە: جوزەللەو ئامێرەکانی مۆسیقا.

کەواتە (گۆرانی و مۆسیقا) دەنگی شەیتانی لە ڕەحم دەرچووە، جا کەوابوو ئەگەر بێت و دەنگی شەیتان بریتی بێت لە (گۆرانی و مۆسیقا) خوا پەنامان بدات، ئەی ئەبێت چۆن ئەوانەی کە بەردەوام گوێ لە (ئاوازی) شەیتان دەگرن چۆن تووشی کاری فاحیشەو بەدڕەوشتی نەبن، خوای گەورە بمانپارێزێت.

وە عبد الله بن مسعود رضي الله عنه فەرموویەتی: {الغناء خطبة الزنا}(12).

واتە: گۆرانی ڕاکێشەری زینایە.

ج/ کەسانێکی تر هەن بۆ مەبەسی دڵداری و هەڵخەڵەتاندنی ئافرەتان بە کاری دەهێنن و دەیانەوێت لە ڕێی (چاتکردن بە ئینتەرنێت)وە، ژەهری گڵاوی خۆیان بڵاو بکەنەوە، هەندێکی تریان ڕاستە بۆ داوێن پیسیان نییە بەڵکو بە حساب خۆیان دەیانەوێت لە ڕێی (فەیسبووك و چاتکردن و نامە بۆ یەکتر ناردن) زەواج پێك بێنن، بەڵام ئەمەش ناشەرعییەو خوا و پێغەمبەرەکەی نەهییان لێکردووە

(12) نزهة الأسماع ٦٦.

چونكه هیچ قازانجێك لەو جۆره زەواجەدا نییه كه تۆ بەبێ یەكترناسینی كەسوكار، بێ ئەوەی هیچ خزمایەتی و یەكتر ناسینێك هەبێت، بێ ئاگاداری كەسێكی شیاو، بێ ئاگاداری دایك و باوك و براو خزمی هەردولا ئەم جۆره كارانه بكرێت، له زەرەرو زیان و پەشیمانی هیچ شتێكی كەی بەدوادا نایەت ئەو كەسەی كه ئەمڕۆ سیقەی به زەواجی (چات و ئینتەرنێت و فەیسبووك)ه هەر ئەو كەسەشه دوو سبەی سیقەو پێ ناكات و دەڵێت چۆن بزانم خیانەتم لێ ناكەی هەروەك و پێشتر به خیانەت كردن له كەس و كارت زەواجت لەگەڵ كردم، ئەو كەسەی بەم شێوەیه زەواج بكات با دڵنیا بێت لەوەی كه هیچ كام لەو ژنو مێرده سیقه به یەكتر ناكەن و هەردوكیان بەردەوام له دڵه ڕاوكێ و دڵ پیسی دان.

بۆیه دەبێت خوای گەوره چۆن فەرمانمان پێدەكات، وا جێ به جێی بكەین و، وه چۆنیش قەدەغەو نەهی شتێكمان لێ دەكات بەهەمان شێوەو بێ دوودڵی خۆمانی لێ بپارێزین، خوای گەوره چۆن ئێمەی دروستكردووه ئاواش دەزانێت چی بۆمان باشه، وەكو خۆی دەفەرمووێت:

{ قُلْ لِلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُون }(13).

واته: ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بڵێ بەپیاوانی ئیماندار كەوا چاویان دابخەن و داوێنیشیان بپارێزن، ئەوه چاكترو پاكتره بۆ ئەوان، بێگومان خوا بەئاگایه بەهەموو كردەوەیەك كه دەیكەن.

وه سەبارەت به ئافرەتانیش دەفەرمووێت:

---

(13) سورة النّور: الآية ٣٠.

{ وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنّ }(14).

واتە: ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بڵێ بە ئافرەتانی ئیماندار کەوا چاویان دابخەن و دامێنیان بپارێزن .

د/ کەسانێکی تر هەن کە لەهەوو جۆرەکانی تر شەڕ و خراپەیان زۆر زیاترە !!!

ئەم جۆرە کەسانەش بریتین لەو ڤایرۆسانەی کەوا (ئینتەرنێت) بۆ مەبەستی ئاژاوەگێڕی و فیتنەو بوختان و ناکۆکی لەنێوان خەڵکیدا بەکاری دەهێنن، خوای گەورەش وەصفی فیتنەی بۆمان کردووە لە قورئانی پیرۆزداو دەفەرموێت:

{ وَالفِتْنَةُ أشَدُّ مِنَ القَتْلْ }(15).

واتە: فیتنەو ئاژاوەگێڕی زۆر توندترو قورسترە لە کوشتن .

وەلە ئایەتێکی پیرۆزی تردا دەفەرموێت: { وَالفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ القَتْلْ }(16).

واتە: فیتنەو ئاژاوەگێڕی زۆر گەورەترە لە کوشتن.

جا ئەم فیتنەیە چ فیتنەی (دین)ی بیت یاخود (دونیەوی)، مەبەست لە فیتنەی دینی ئەوەیە کەسانێکی نا شارەزا بە دینی خوا بەردەوام بەناوی دینەوە خەریکی ئاژاوەگێڕان و دینی ئیسلام لە پێش چاوی خەڵکی ناشرین دەکەن، وەکو دەبینرێت چۆن لە (فەیسبووك)دا قسەی زل و قەڵەو دەنوسرێت و کاری توندڕەوی و ناشرین فێری خەڵکی دەکرێت لەڕێی نووسینەکانیانەوە قسەی نابەجێ و ناشرین بە زانایان و بانگخوازان دەوترێت، ئەو زانایانەی کەوا هەردەم خەمخۆری (دین)و (ژیان)و ئاسوودەیی خەڵکی و موسڵمانانن، بەڵام چونکە ئەم زانایانە بە گوێی

---

(14) سورة النّور: الآية ٣١.

(15) سورة البقرة: الآية ١٩١.

(16) سورة البقرة: الآية ٢١٧.

هەوەس و ئارەزوی كەسانێكی توندڕەو نەفام ناكەن، بۆیە ناوو ناتۆرەی ناشـرین و لەقەب و جنێوی ناشرینیان پیێ دەوترێت .

وە مەبەست لە فیتنەی (دونیەوی) ئەوەیە كە بەردەوام تاوان و كـاری ناشـەرعی ئەنجام دەدرێت هەرلە بڵاوكردنەوەی ڕەسمی ناشەرعی و گـۆرانی و فـیلم و قسـەی ناشرین هتد ...

جا نامەوێت لێرەدا باسی بكەم، چونكە بەدرێژی لە خاڵی (٧حەوتەم)دا هـەردوو جۆر فیتنەكە فیتنەی (دینی) و (دونیەوی) وەسەلماندنی ناشەرعی و دەرئـەنجامی خراپەی ئەم دوو جۆرە فیتنەیە بە بەڵگـەی (قورئـان ــ فـەرموودەی صـحیح)دا باسكراوە.

ج / كەسانێكی تر هەن بریتین لەو كەسانەی كە سایتی تایبەت بە (تانەو تەشـەر لەئیسلام و گاڵتەكردن بەقورئان و گاڵتـەكردن بـە خـواو بـە پێغەمبـەری خـواو گاڵتەكردن بە (مُقَـدَّ سات)ی دینی و ئایینی موسڵمانان دەكرێت، وەكو دەبینرێت چەندین (فەیسبووك و پەیج و سایت)ی تایبەت هەیە كە كوفرو ئیهانە بە (قورئان و خواو پێغەمبەری خۆشەویست) علیه السلام دەكرێت ..

لەڕۆژگاری ئێستاماندا ئەو پێنج شتەی كە زەرورن پارێزگارییان لـێ بكرێـت كـە پێی دەوترێت: (حفظ الضروريات الخمس) كە بریتین لە (الدِّين ــ النّفس ــ النّسل ــ العقل ــ الأموال) ئەم پێنج زەروورییاتەی كە باسم كرد پێویستە پارێزگارییـان لێبكرێت و هیچ كامێكیان بەكەم سەیر نەكرێت پێویسـتە وەكـو چـاوی خۆمـان پارێزگارییان لێ بكەین، بەداخەوە زۆر جار نوكتەو گاڵتەوگەپ ڕێك دەخرێت بـۆ ئەوەی ئەو (پەیج و فەیسبووكان)ە (شەیرو لایك بكریت) وەزۆر كەسی بێ ئاگـاو

دوور لەدینیش کە ئاگایان لە ناشەرعێتی ئەو کارە ناشـیاوانانە نییـەو یەکسـەر (لایك و شەیر)ی دەکات بۆ ئەوەی خەڵکیکی زۆرتر بیبینێت وە چەندین (پەیج و فەیسبووك و سایت)ی تایبەت  بە نوکتە هەیە، ئـەم جـۆرە سـایتانە زۆرن لـەناو ئێمەی موسڵماندا بەداخەوە.

جا ئەم سایتانە ڕەواجی زۆری پیّ دەدرێت و بەشداربووانی ئـەم سـایتانە(نوکتـەو قسەی هیچ و بیّ بنەما) بۆ ئەم سایتانە ئەنێرن و بەردەوام ڕەواجی پیّ ئەدەن، جا لەم جۆرە سایتانەی کە گاڵتە بە دین دەکرێت (نوکتـەکانییان) دیـاری کـردووە / وەك { گاڵتە بە دیـن ـ گاڵتـەکردن بـە خـوا ـ گاڵتـەکردن  بـە  سـوننەتەکانی پێغەمبەر ـ  بەشی گاڵتە کردن بە زمانە جۆراو جۆرەکان ـ وە بەشی نـاموس و حەیای خەڵکی } بە پشتیوانی خوای گەورە باسی دانە بە دانەی{ ناشـەرعی } هەموو ئەم بەشانە دەکەم کە چەندە تاوانەو خوای گەورە نەهی لیّ کردووە.

پێش هەموو شتێك ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (صـلی اللە علیـە وسـلم) بـاس دەکەم کە ئەگەر بێت و ئەوەی یەك تۆز ئیمانی بە خواو بە پێغەمبەر (صـلی اللە علیە وسلم) هەبێت گوێڕایەڵی ئەم فەرموودەیە دەبێت و وەکو (گوارەو حەڵقە) لە گویّ یەکانی دەکات !!!!!

کە چۆن پێغەمبەری ئازیز هەڕەشەی (دەست نیشانکردنی ئاگری دۆزەخ)ی بۆ ئەو جۆرە کەسانە داناوەو هەڕەشەی لەو کەسانە کردووە بە ئاگر کە (نوکتەیەك یاخود مەتەڵێك) دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵێك کەس پێی بڵـێن بـەخوا فلاّنـە کـەس (قسە خۆش و ڕووخۆشە بە خوا فلاّنە (پەیج و ئیمەیڵ و سـایتی)ی فلاّنـە کـەس شتی پیّ کەنیناوی و سەیرو سەمەرەی خۆشـی تیّدایـە بـەخوا مەجلیسـی فلاّنـە

کەس زۆر خۆشە لەبەر ئـەوەی بەسـەرهاتی زۆر پێکـەنیناوی لا هەیـەو نوکتـەی خۆشی لا هەیە)

لەکتێبی (الآداب للبيهقي)دا ئەم بابەی بەو نـاوەوە دانـاوەو ئـەم فەرموودەیـەی کردووە بە ناونیشانی ئەم (باب)ە واتە ئەم باسە ......................

**باب الرجل يحدث فيكذب ليضحك به القوم**

أَخْبَرَنَا أَبُو عَبْدِ اللَّهِ الْحَافِظُ، حَدَّثَنَا أَبُو الْعَبَّاسِ مُحَمَّدُ بْنُ يَعْقُوبَ، حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ بَكْرٍ الْمَرْوَزِيُّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ بَكْرٍ السَّهْمِيُّ، حَدَّثَنَا بَهْزُ بْنُ حَكِيمٍ، عَـــنْ أَبِيهِ، عَنْ جَدِّهِ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم: { وَيْلٌ لِلَّذِي يُحَدِّثُ فَيَكْذِبُ، لِيُضْحِكَ بِهِ النَّاسَ، وَيْلٌ لَهُ، وَيْلٌ لَهُ }(17).

واتە: هاوار بۆ ئەو کەسە یاخود (ویل: کە چاڵێکە لە چاڵەکانی ئاگری جەهەننەم) بۆ ئەو کەسەی کە لای خەڵکی قسە دەگێڕێتەوە، کە ئەو قسەیەی درۆیە تەنها بۆ ئەوەیەتی (پێی پێ بکەنن) وەیل بۆ ئەوە وەیل بۆ ئەوە.

حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ حَدَّثَنِى أَبِى حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ أَنْبَأَنَا مَعْمَرٌ عَنْ بَهْزِ بْنِ حَكِيمٍ عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ قَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ - صلى الله عليه وسلم يَقُولُ: { وَيْلٌ لِلَّذِى يُحَدِّثُ الْقَوْمَ ثُمَّ يَكْذِبُ لِيُضْحِكَهُمْ
وَيْلٌ لَهُ وَوَيْلٌ لَهُ }(18).

---

(17) الآداب للبيهقي.... باب الرجل يحدث فيكذب ليضحك به القوم.

(18) صحيح الترغيب والترهيب للألباني (٣/٥).

واتە: هاوار بۆ ئەو کەسە یاخود (ویل: کە چاڵێکە لە چاڵەکانی ئاگری جەهەننەم) بۆ ئەو کەسەی کە شتێك بۆ کۆمەڵێك کەس باس دەکات بۆ ئەوەی پێی پێ بکەنن وەیل بۆ ئەوە وەیل بۆ ئەوە.

فەرموودەی ئێجگار زۆر هەیە بەڵام مرۆڤی تێگەیشتوو یەك بەڵگەی بەسە ! هەروەکو شێخ ألبانی ڕەحمەتی لێ بێت دە فەرمووێت:

(طالب الحقِّ يكفيه دليلٌ واحد، و صاحبُ الهوى لا يكفيهِ ألف دليل، الجاهلُ يعلَّم، وصاحبُ الهوى ليسَ لنا عليه سبيل، فنسألُ الله إمَّا أن يهديهِ وإمَّا أن يقصِمَ ظهره).

واتە: ئەو کەسەی حەق ویستە تەنها یەك بەڵگەی بەسە، بەڵام ئەو کەسەی شوێن کەوتەی هەواو ئارەزووە هەزار بەڵگەش بەس نییە بۆی، جا نەفام و نەزان دەبێ فێربکرێت، وەشوێنکەوتەی هەواو ئارەزوو ئێمە هیچ ڕێگە چارەمان بۆی نیە، بۆیە داوا لەخوا دەکەین یان ڕێنموونی بکات یان پشتی بشکێنێت .

ئەمە سەبارەت بە حەرامێتی نوکتەو مەتەڵ، جا بابزانین ئەی ئەو کەسانەی (نوکتە) بەناوی (دین و ئیسلامەتی یەوە هەڵدەبەستن بەناوی پێکەنین و نوکتەوە) ئەوجا بابزانین ئیشەکەی ئەمان چۆنە ئایا با بزانین هەر تاوانە یاخود کوفرە؟؟؟

لە یەکێك لە غەزاکاندا پێغەمبەری خۆشەویست سەلامی خوای لێبێت لەگەڵ هاوەڵەکانیدا دەرچوون بۆ جیهاد، کۆمەڵێك لە مونافیقەکان خۆیان کەمێك دواخست لە دواوەی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) دەڕۆیشتن، گاڵتەیان بە پێغەمبەرو هاوەڵە بەڕێزەکانی دەکردو تانەیان لێ دەدان، بۆیە یەکێك لە صەحابە گوێی لێیانبوو بۆ پێغەمبەری خوای باسکرد (صلى الله عليه وسلم) ئەوانیش

وتیان{ تەنها بۆ کات بەسەربردنمان بوو، ویستمان ڕێگاکە کەمێك بەو قسانەوە بەڕێ بکەین} پەنا بەخوا دەگرین لەم ووشە کوفرانە! خوای گەورەش ئەم ئایەتەی سورەتی (تەوبە)ی نارده خوارەوە لەسەریان.

{ وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ * لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ }(19).

واتە: (وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ) سوێند بێت ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیت، بەڕاستی ئەوان دەڵێن، (لَيَقُولُنَّ) (إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ) دڵنیابن ئێمە هەر دەمەتەقێ و گاڵتە دەکەین، (قُلْ) تۆش بڵێ، (أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ) بە خواو بە بەڵگەکانی و بە پێغەمبەرەکەی (علیه السلام) گاڵتەتان دەکرد * (لَا تَعْتَذِرُوا) بە هانەو عوزر مەهێننەوە، (قَدْ كَفَرْتُمْ) بەڕاستی ئێوە بێ بڕوا بوونەوە، (بَعْدَ إِيمَانِكُمْ) پاش ئیمان هێنانتان دوای ئەوەی ئیمانداربوون.

قال شيخ الإسلام ابن تيمية - رحمه الله:

{ الاستهزاء بالله وآياته ورسوله كفر يكفر به صاحبه بعد إيمانه }.

وكذلك الاستهزاء ببعض السنن، ومما انتشر الإستهزاء باللحية أو الحجاب، أو بتقصير الثوب أو غيرها فجانب الربوبية والرسالة والوحي والدين جانب محترم لا يجوز لأحد أن يبعث فيه لا باستهزاء، ولا بإضحاك ولا بسخرية، فإن فعل فإنه كافر }(20).

---

(19) سورة التوبة: الآية ٦٥-٦٦.

(20) مجموع فتاوى.

شيخ الإسلام ابن تيمية (ڕەحمەتی خـوای لێبێـت) دەفـەرمووێت: گاڵتـەکردن بـە (خواو دەسەڵاتی خواو وە بە پێغەمبەری خوا کـوفرە، خاوەنەکـەی کـافر دەبێـت پاش ئیمان هێنانی . وە هەروەها گاڵتە کردن بە چەند سوننەتێك، وەکـو: گاڵتـە کردن بە ڕیش و حیجاب و پۆشـاکی شـەرعی ئافرەتـان ، وە یـاخود بـە کـورت کردنەوەی پۆشاکی پیاوان، جگە لەمانە، لایەنی خوایەتی و لایەنی ناردنی وەحی و ئاین و دین لایەنێکی ڕێزدارە، دروست نییە بۆ هیچ کەسێك گاڵتە یـاخود پـێ کەنین وە یاخود بۆ سوعبەت، گاڵتە بکات پێی بەهیچ شـێوەیەك دروسـت نییـە، چونکە هەرکەسێك وابکات ئەوە بێ باوەڕەو کافرە. }.

هەروەها گاڵتەکردن و نوکتە گێڕانەوە بـە نموونـە هێنانـەوە لـە سـەر (خـەڵك و زمانەکانیان و یاخود شێوەی قسەکردن و گوفتاریان و یـاخود ئـەو شـارەی لێـی دانیشتوون) ئەم جۆرەشیان هـەر دروسـت نییـەو خـواو پێغەمبەرەکـەی (علیـه السلام) نەهیان لێکردووە، هەمووی بەم ئایەتەی سورەتی (الروم)دا بـاس دەکـەم کە مرۆڤی ژیرو تێگەیشتوو ڕادەچەڵەکێ نێت !!!

{ وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ }(21).

واتە: لە نیشانەو دەسەڵات و گەورەیی خوا بریتی یە لە دروست کردنی ئاسمانەکان و زەوی وە جیاوازی زمانتان و ڕەنگ و ڕووتـان، بەڕاسـتی لـەوەی کـە باسـکرا نیشانەی زۆر هەیە بۆ زانایان ....

(21) سورة الروم: الآية ٢٢.

کەواتە زمان و ڕەنگ و ڕەگەزو ڕەچەڵەك هەمووی تەنها خـوای باڵادەسـت ئـەی بەخشیێت بە مرۆڤەکان، کەواتە با تانەو تەشەر لە زمــان و ڕەچــەڵەك و نەتــەوەی یەکتری نەدەین، چونکە خوای گەورە لە سورەتێکی تـردا باســی لــە ناشــەرعی و نادروستی ئەم گاڵتە پێکردنەمان بۆ دەکات و دەفەرمووێت:

{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آَمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَومٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْرًا مِنْهُمْ وَلَا نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْرًا مِنْهُنَّ وَلَا تَلْمِزُوا أَنْفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَمَنْ لَمْ يَتُبْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ }(22).

واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، بــا هــیچ کۆمــەڵێك گاڵتــە نــەکات بــە کۆمەڵێکی تریان، ڕەنگە گاڵتە پێ کراوەکان لە گاڵتە پێ کەرەکان باشترن بن لای خوا، وە ژنانێك گاڵتە نەکەن بە ژنانێکی تر، ڕەنگە (ئافرەتە) گاڵتە پێکراوەکــان باشتر بن لە (ئافرەتە) گاڵتە پێ کەرەکان، تانەو تەشەر لە یەکتری مەدەن، (لەنێو خۆیاندا)، ناوو ناتۆرە لە یەکتری مەنێن، ئای چەند خراپە ناوبردنێ کــە گوناهــە، پاش ئیمان و باوەڕ هێنان، جا ئەوەی پەشیمان نەبێتەوە، ئەوە ئەوانە هەر خۆیــان ستەمکارن.

وە خوای گەورە دەفەرموێت: { وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَحِيمٌ }(23).

---

(22) سورة الحجرات: الآية ١١.

(23) سورة الحجرات: الآية ١٢.

واتە: لە پاشەملە بە خراپی باسی یەکتری مەکەن، ئایا کام لەئێوە پێی خۆشە کە گۆشتی براکەی بخوات بە مردوویی لە خوا بترسن، بێگومان خوا لێ خۆشبوی بە بەزەییە.

بۆیە لێرەدا باسی ئەو جۆرە کەسانەمان کرد لـە بەکارهێنـەرانی (ئینتـەرنێت)دا لەنێوان باش بەکارهێنەرانی و خراپ بەکارهێنەرانی تاکو کەسی خاوەن (هـۆش و بیر) متمانەی تەواو بەنەفسی خۆی نەکات چونکە هەرکەسێك حـاڵی وابێـت کـە متمانە بەنەفسی خۆی بکات ئەوە کەسێکی سەر لێ شێواوە خوا پـەنامان بـدات .... چونکە دەبێت کەسی خـاوەن عـەقڵ و تێگەیشـتوو زێـدەڕۆیی نـەکات لـە متمانەو دڵنیابون بۆ نەفس، لەوەی کە بکەوێتـە نێـو هەڵـەو سەرپێچـیەوە، لـە پاشدا گران بێت لەسەری کەنەفسی پاك بکاتەوە لەو فیتنەیەی کە تێی کەوتووە، خوێنەری بەرێزو خۆشەویست چـەندین کـەس هەبوونـە کاتێـك کـە کەوتوونەتـە فیتنەی ئینتەرنێتەوە زۆر بەزەحمەت لێی دەرباز بوونـە بگـرە هەنـدێك جـار زۆر کەس هەبووە، نەك هەر گران بـووە لەسـەری بگـرە هـەر دەربـاز نـەبووە لێـی، واقیعیش ئەمەی سەلماندووە وەکو ئەوەی چـەندەها چیرۆکی دڵتـەزێن و نـاخۆش ڕوویداوە بەهۆی خراپ بـەکارهێنانی ئـەم ئـامێرەوە کـە (ئینتـەرنێت)ە، بگـرە هەندێك جار کاتێك کە دونیای بە جێ هێشتووەو مردووە هەر لە کۆڵی نەبۆتەوە بۆیە ڕووداو و بەسەرهاتی ئەو کەسانە زۆرە بەڵام تەنها چەند دانەیەکی لێ بـاس دەکەین بە پشتیوانی خودا، مرۆڤی عاقڵ و تێگەیشـتوو یـەك بەڵگـەی بەسـە، هەروەکو شێخ ألبانی ڕەحمەتی لێ بێت دەفەرموێت: { طالب الحقِّ يكفيـه دليـلٌ

واحد، و صاحبُ الهوى لا يكفيهِ ألف دليل، الجاهلُ يعلّم، وصاحبُ الهوى ليسَ لنا عليه سبيل، فنسألُ الله إمَّا أن يهديهِ وإمَّا أن يقصِمَ ظهره }.

یەكێك لە بانگخوازەكان دەفەرمووێت: برادەرێكی زۆر خۆشەویستم هەبوو كە بەردەوام لە گەڵمدا بوو دوای ماوەیەكی زۆر ئەم برادەرەم دیار نەبوو بێت بۆ لام كاتێك بیستم ئەو برادەرەم بۆیە دیار نییە لەماڵەوە خەریكی (ئینتەرنێت) دەبێت زۆربەی كاتەكانی بە (ئینتەرنێت) لەگەڵ كۆمەڵێك هاوڕێی خراپ بەسەر دەبات، جا ئەم بانگخوازە دەفەرموێت بەردەوام ئامۆژگاریم دەكرد بەڵام سوودی نەبوو، ئەم گەنجە قەدەری خوا پاش ماوەیەك مردو گەڕایەوە بۆ لای پەروەردگاری، جا بەزمو ڕەزمەكە لێرەوە دەست پێ دەكات پەنا بەخوا، ئەم بانگخوازە دەفەرموێت دایكی ئەم گەنجە هات بۆلام و پێی وتم كوڕێكی زۆر باشم هەبوو لەدەستم چوو مرد، بەڵام لەهەمووی ناخۆشتر ئەوەیە كە خەوێكی زۆر ناخۆشم پێوە بینیوە، ئەم دایكە دەڵێت لەخەومدا كوڕەكەم بینی كۆمەڵێك خەڵك میزیان دەكرد بەسەر گۆڕەكەیدا، جا كاتێك ئەم بانگخوازە دەفەرموێت من زۆرم پێ سەیر بوو دەبێت چی هۆكارێك بووبێتە مایەی بەدبەختی ئەم برادەرەم، جا پاش ماندوبونێكی زۆرم بۆ ئەوەی بۆم دەربكەوێت، كاتێك تەماشای (ماڵپەڕی) موقیعی ئەم گەنجەمان كرد سەیر دەكەین مانگانە ڕەسمێكی زۆری ئافرەتانی ڕووت و داوێن پیسی بۆ دێت لە لایەن هاوڕێكانییەوە، هەر لەم سایتەوە دەڕوات بۆ چەندین كەس وە ئەم گەنجە خۆی ئەم ڕەسمانەی سێند كردبوو واتە ناردبوی بۆ چەندین سایتی ترو برادەری خۆی كە ئەوانیش لە ڕێی ئەمەوە دەیان نارد بۆ چەندین كەس جا منیش ویستم ئەو كۆمپانیایە بدۆزمەوەو مەوقیعی ئەم گەنجە

بەستەزمانە نەگبەتە دابخەم، جا کاتێك قسەم کرد لەگـەڵ کۆمپانیاکـەدا وتییـان کاتێك دەتوانیین ئەم سـایتە هـاك بکـەین و قەدەغـەی بکـەین ڕەقـەمی سـڕی سایتەکەمان لابێت!!! بەڵام بە داخـەوە ڕەقـەم سـڕی و گەنجەکـە پێکـەوە مـردن مەگەر زیندو بێتەوە پێمان بڵێت بەڵام هەرگیز شـتی وا نابێـت نەفسـێك بمرێـت هەرگیز زیندوو نابێتەوە، جا ئەم بانگخوازە دەفەرموێت بۆم دەرکەوت ئەم گەنجـە لەدوای خۆی خراپەی بۆ دێت و بازرگانی خراپەی بەجێهێشت! جا مانای ئەم خەوە ئەوەیە تاوانی ئەو کەسانەی هەموو بۆ دێت کە دەچنە ناو مەوقیعی ئەم گەنجەوە، تا خەڵکی ئەم سایتە بکاتەوە ئەم تاوان و خراپەی بۆ دێت پەنا بـەخوای گـەورەو میهرەبان، براو خوشکانی خۆم ئەم گەنجە ئەگەر بێت و لەجیاتی ئەم سایتە خراپە سایتێکی بە سوودی دابنایە تا ڕۆژی قیامـەت چـەندین خێـری بـۆ ئـەهات کـە دەبووە مایەی خێرو پاداشت بۆ خۆیی خەڵکانی تریش، جا ئەگـەر بێـت و تـۆش نەك هەر ماڵپـەڕێك دروسـت بکـەیت بگـرە (ئەگـەر بێـت و سـایتێکی ڕەسمـی ئافرەتانی ڕوت و بێ ڕەوشتت)دابو پێیان ئەوە دڵنیابە تۆش هەمان ئـەم کـارەت ئەنجام داوە بۆیە ئەگەر شتی وات کردووە ئەوە داوای لێ خۆشبوون لەخوای گەورە بکەو بگەڕێرەوە پێش ئەوەی ماڵئاوایی لە دونیا بکەیت، چونکە تاوانی خەڵکیت بۆ دێت بێ ئەوەی لەسەر شانی ئەوان کەم بێتەوە چونکە پێغەمبەری خوا (صـلی الله علیه وسلم) لە فەرموودەیەکی پیرۆزدا دەفەرمووێت:

وعن أبي هريرة رضي الله عنه قال قال رسول الله صلى الله عليه وسلم:

{ إذا مات ابن آدم انقطع عمله إلا من ثلاث صدقة جارية أو علم ينتفع به أو ولد صالح يدعو له }[24].

واتە: كاتێك بەنی ئادەم ئەمرێت لەكردەوەكانی دائەبڕێت ئیللا لە سێ شت نەبێت، خێرێك كە لەدوای خۆی بە جێی هێشتبێت بە ڕێی كردبێت، واتە (وەك دروستكردنی مزگەوتێك یا دروستكردنی سایتێكی باش وەكو سایتی قورئان و فەرموودەو سایتی زانستی هەر شتێك كە مایەی خێر بێت بۆ خەڵكی)، دووەمییان زانست و زانیارییەك كە لە دوای خۆی بە جێی هێشتبێت و سوودی بۆ خەڵكی تیابێت، سێ یەمیان نەوەیەكی صالح و باشی جێ هێشتبێت داوای لێخۆشبوونی بۆ بكەن لە خوای گەورە.

جا ئەگەر لە دوای مردنیش ئەم سێ شتە هەر بۆمان بێت با وریابین نەكەین (شەڕە جاریە) لە دووای خۆمان جێ بێڵین، بە تایبەتی لە ئامێرێكی وا ترسناكدا كە (ئینتەرنێت)ە چونكە هەموومان ئەزانین یەكێك لە سیفەتە خراپەكانی ئەم ئامێرە ئەوەیە پەنا دەگرین بەخوا كاتێك شتێكی تیادا (إضافة) دەكەین واتە لەناو (پەیجەكانی) ئینتەرنێتدا شتێك داخڵ دەكەین بە تایبەت لە (فەیسبووك)دا ئەو كەسانەی كە دەیبینن ئەگەر (شەیری) بكەن و بڵاوی بكەنەوە، ئەوا تۆ ناتوانیت لە پەیجی ئەو كەسەی كە لە تۆوە وەری گرتووە بیسڕیتەوە، پەنا بە خوای پەروەردگار تاوانی هەموو ئەو كەسانەت بۆ دێت كە سەیری دەكەن، خوێنەری خۆشەویست هەموومان باش ئەوە دەزانین كە سایتی (فەیسبووك) ئەو

(24) **صحيح الترغيب والترهيب** (ج/١–ص/١٨). **إرواء الغليل** (ج/٦–ص/٢٨).

هەموو دانیشتووەی هەیە نزیکەی 37 ملیۆنە و ڕۆژ بە ڕۆژیش لە زیادبووندایە، بیرێك بکەرەوە بە لایەنی کەمەوە ئەگەر (یەك هەزار) کە ئەگەر بێت و کەسێك ئەو شتەی بڵاوی دەکاتەوە (عام)ی بکات بەلایەنی کەمەوە (یەك ملیۆن) تەماشاکەر دەیبینێت باشە بۆ بیرێك ناکەیتەوە تاوانی هەموو ئەو کەسانەت بۆ دێت بێ ئەوەی لە تاوانی ئەوان کەم بێتەوە ئەگەر تەماشایەکی ئەو شاخە بەرزانە بکەیت، دەبینیت هەمووی لە وردە بەردی کەڵەکە بوو دروست بووە بۆیە ئەو شاخە بەرزو گەورەیەی لێ دروست بووە، بۆیە ئەگەر تۆیش هەموو ڕۆژێك تەنها (یەك ڕەسمی ئافرەتانی بێ پۆشاك، یاخود یەك فیلم و یاخود یەك گۆرانی) ئەمە بە لایەنی کەمەوە کەسی واهەیە بە شەوو بە ڕۆژ بەردەوام تا کارت و وەحدەی (ئینتەرنێت)ەکەی ئیش بکات هەر خەریکی (بڵاو کردنەوەی شتی بێ شەرعی و حەرام و خراپ و بەدڕەوشتییە) ئاخۆ دەبێت تا کاتی مردنی ئەو هەموو تاوانانە وەکو شاخەکانی لێ نەیات وە دڵنیاش بە لەوەی کە خوای گەورە لە هەر هەمووی دەپرسێتەوە، وەکو لە قورئانە پیرۆزەکەیدا دەفەرموێت: { فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ * وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ }[25].

واتە: هەر کەسێك بە قەد یەك وردیلە مسقاڵە زەڕڕە کردەوەی باشی کردبێت دەیبینێتەوە وە هەر کەسێکیش بە قەد یەك وردیلە مسقاڵە زەڕڕە کردەوەی خراپی کردبێت لێی دەپرسرێتەوە . وە پاشان یەکێکی تر لەو خراپیانەی (ئینتەرنێت) ئەوەیە کە بە هیچ جۆرێك ناتوانین ئەو شتە بسڕینەوەو (هاك)ی بکەین جا بیر بکەرەوە ئەگەر بێت و ئەو شتە (فلیمی سێکس، یاخود ڕەسمی

---

(25) سورة الزلزلة: الآية ٧-٨.

ئافرەتانی ڕووت، یاخود گۆرانی ... هتد) یاخود هەرشتێك بێت كه تاوان بێت و زەرەرو زیانی هەبێت، ئەو كات چی دەكەیت براو خوشكی خۆم .

الثاني: الحذر من خطوات الشيطان.

ئاگابوون له فێڵ و پیلانەكانی شەیتان.

پێویسته لەسەر كەسی خاوەن هزرو هۆش بە ئاگابێت لە فێڵ و پیلانەكانی شەیتان، لەبەر ئەوەی خۆی بۆ بەنی ئادەم ئامادە كردووە، وە له هەموو شوێنێك بنكەی بۆ داناوە، ئەو دوژمنەش هەوڵ و تێكۆشانی بۆ ڕێگەی سەركەشی و گومڕاییە، وەكو خوای پەروەردگار دەفەرموویێت:

{ وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ }(26).

واتە: دوای هەنگاوەكانی شەیتان مەكەون، چونكه بێگومان ئەو دوژمنێكی ئاشكراتانە.

شەیتان بەردەوام هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی نەوەی ئادەم لە خشته بەرێت، وەكو (إبليس) لەعنەتی خوای لێبێت سوێندی بۆ خوای پەروەردگار خوارد هەڕەشەی له مرۆڤەكان كرد كه بەردەوام هەوڵ بۆ گومڕاكردنیان بدات وەكو خوای گەورە دەفەرمویێت:

{ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ * إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ * قَالَ فَالْحَقُّ وَالْحَقَّ أَقُولُ * لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنْكَ وَمِمَّنْ تَبِعَكَ مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ }(27).

---

(26) سورة البقرة: الآية ١٦٨.

(27) سورة ص: الآية ٨٢.

واتە: (إبليس) شەيتان وتی: ئەی خوای گەورە سوێند بێت بە عیززەت و گەورەیی و دەسەڵاتت ئەبێت هەموو بەندەکانت گومڕا بکەم و سەریان لێ بشێوێنم * ئیللا ئەو بەو بەندانەت نەبێت کە بەڕاستی تۆ دەپەرستن و عیبادەت تەنها بۆ تۆ دەکەن * خوای گەورەش فەرمووی: من حەقم هەر حەقیش دەڵێم * بە ڕاستی ئاگری (دۆزەخ) پڕ دەکەم لە تۆو لەو (مرۆڤانەش) کە شوێنی تۆ دەکەون هەر هەموویان.

پێویستە لەسەر خاوەن هزرو هۆش بە هیچ شێوەیەك متمانە بە دوژمنەکەی نەکات، وە خۆی فڕێ نەداتە ناو قوڵایی فیتنەوەو زیادەڕۆیی نەکات لەمتمانە بوون بەنەفسی هەرچەندە عەقڵی پێ گەیشتوو کاملیش بێت لە ڕووی (ئایین، زانست)ەوە.

ئەلێرەوە دەبینین کەسی خاوەن بیرو هۆش دوور دەکەوێتەوە لەفیتنە، وە بەرەو پیریشی ناچێت، ئەگەر پشتی هەڵکرد لەفیتنە یارمەتی بۆدێت، وە سۆزی خودایی ئەبێتە هاوەڵی، ئەگەر متمانەی کرد بەنەفسی خۆی ئەوە بەرەو مردن ڕۆیشتووە بەهۆی ئەو لادانەوە وە خوای گەورە دەیداتە دەست نەفسی خۆی و ئەو سۆزە خوداییە نامێنێت، یوسف (علیه السلام) خۆی نمایش نەدەکرد بۆ فیتنە بەڵکو فیتنە خۆی بۆ ئەو نمایش دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا متمانەی نەکرد بە نەفسی بەوەی کە خاوەنی ئەو باوەڕو عیلم و ڕەچەڵەکە ڕێزدارەیە کە هەیبوو لە کاتێکدا پێغەمبەر یوسف (علیه السلام) خاوەنی ئەو ئیمانە بە هێزو پتەوەو ئەو عیلمە زۆرە بوو کە خوا پێی دابوو وە خاوەنی ئەو ڕەچەڵەکە پڕ ڕێزە زۆرە بوو، بەڵام ئەم پێغەمبەرە بەڕێزە سەلامی خوای لەسەر بێت هێشتا دەترسێت لە فیتنەی ئافرەت و هەڵدێت لە فیتنەی ئافرەت و پەنا دەگرێت بە خوا لە فیتنەی ئافرەت، لە

هەمان کاتدا دان بەوەدا دەنێت ئەگەر خوا یارمەتی نەدات ئەوا دەکەوێتە داوی شەیتانەوە و دەبێتە یەکێك لە تییاچووان و نەفامان وەکو خوای میهرەبان دەفەرموێت: { قَالَ رَبِّ السِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِي إِلَيْهِ وَإِلَّا تَصْرِفْ عَنِّي كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُنْ مِنَ الْجَاهِلِينَ }(28).

واتە: (یوسف) وتی ئەی پەروەردگارم بەندکردنم لاخۆشترە لەوەی کە ئەوانە داوای دەکەن لێم بیکەم، وە ئەگەر لێم لانەدەی پیلانی ئەوانە دڵم بۆیان دەڕوات و حەزیان لیّ دەکەم وە لەنەفامان دەبم و دەچمە ڕیزیانەوە.!!! سبحان الله پێغەمبەرێکی وەها بەڕێز لای خوا کە بە شاهیدی قورئان و حەدیسی پێغەمبەر (علیه السلام) بەڕێزی و گەورەیی سەلمێندراوە هەر وەکو پێغەمبەری خۆشەویست لە فەرموودەیەکی پیرۆزدا فەرموویەتی:

{ إِنَّ الْكَرِيمَ ابْنَ الْكَرِيمِ ابْنِ الْكَرِيمِ ابْنِ الْكَرِيمِ يُوسُفُ بْنُ يَعْقُوبَ بْنِ إِسْحَاقَ بْنِ إِبْرَاهِيمَ }(29).

جا پێغەمبەرێکی وا بەرێزو ئازیز ئا بەو جۆرە بێت ئاخۆ دەبێت ئێمەی نەزان و بیّ عیلم خۆمان چۆن بگرین؟ لەبەردەم فیتنەی ئافرەتدا دواکارین لە خوای میهرەبان بمانپارێزێت بە فەزڵ وگەورەیی خۆی.

بۆیە دەبێت بەردەوام ئەوەمان لەیادبێت کەشەیتان دوژمنمانەو بەردەوام هەوڵ دەدات بۆ گومڕاکردنمان و سەرلیّ شێواندنمان هەروەکو خوای گەورە دەفەرمووێت:

---

(28) سورة يوسف: الآية ٣٣.

(29) سلسلة الأحاديث الصحيحة (ج/٤-ص/١٩١).

{إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا إِنَّمَا يَدْعُو حِزْبَهُ لِيَكُونُوا مِنْ أَصْحَابِ السَّعِيرِ}[30].

واتە: بە ڕاستی شەیتان دوژمنی ئێوەیە دەی ئێوەش بە دوژمنی خۆتانی دابنێنن، وە ئەو بانگەوازی شوێن کەوتووانی خۆی دەکات تا بیانباتە ناو دۆزەخەوە.

وە هەروەها دەفەرمووێت: { يَا بَنِي آَدَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ }[31].

واتە: ئەی نەوەی ئادەم ئاگادارو وریابن باشەیتان سەرشۆڕو فریوتان نەدات و تووشی بەڵاو ناهەمواریتان نەکات.

{ قال رجل للحسن البصري أينام إبليس قال لو نام لوجدنا راحة }[32].

واتە: جارێکیان پیاوێك لە (حسن البصري) پرسی ئایا شەیتان ئەخەوێت؟

(حسن البصري) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرمووی: ئەگەر بخەوتایە ئەوا ئێمە دەحەساینەوە.

وە خوای گەورە لە چەندین ئایەتی پیرۆزی قورئاندا ئاگادارمان دەکاتەوە کە نەکەوینە داوی شەیتانەوە چونکە دوژمنی ئادەمیزادە وە دەیەوێت وەك خۆی سەرگەردانیان بکات، خوای گەورە دەفەرمووێت:

{قَالَ رَبِّ بِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِي الْأَرْضِ وَلَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ }[33].

---

(30) سورة فاطر: الآية ٦.

(31) سورة الأعراف: الآية ٢٦.

(32) تلبيس إبليس (١/٥٠).

(33) سورة الحجر: الآية ٣٩.

واتە: شەیتان بە پەروەردگاری وت: ئەی پەروەردگار چۆن منت گومڕاکرد منیش دەبێت وەها بۆ بەندەکانت سەر زەوی یان بۆ بڕازێنمەوە و وە دەبێت هەر هەمویان گومڕا بکەم و سەریان لێ بشێوێنم.

زۆر کەس هەبونەو هەیە کەبونەتە مایەی قوربانی شەیتان و شەیتان فریـوی داون و لە ڕیی ڕاست وەری گێڕاون، زۆرن ئەو کەسانەی کەوا بە هۆی شەیتانەوە هەموو ژیـانی خۆیـان لـە دەسـت داوەو (گەنجینـەی ئـاڵتونی خۆیـان) لەدەسـت داوەو فەوتاندویانە، زۆربەی ئەو ڕووداوانەش بـە هـۆی (ئینتـەرنێت)ەوە ڕوویـان داوە، هۆکاری ئەم ڕوداوانەش تەنها بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا بێ ئاگابونـە لـەوەی کـە شەیتان بەردەوام لە کەمین دا بوونە بۆیان و بەردەوام هەوڵی گومڕاکردنیـان یـان داوە، وە خۆشیان دوور بوونە لە خواو یادی خوای گەورەیان نەکردۆتـەوەو خـوای گـەورەیان لـەبیر کـردووە هـەر بۆیـە خـوای گـەورەش ئـەوانی لـەیاد کـردووەو فەرامۆشیانی کردووە ! هەروەکو لە قورئانـە پیرۆزەکەیـدا دەفـەرموێت: { وَمَـنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى * قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِي أَعْمَى وَقَدْ كُنْتُ بَصِيرًا * قَالَ كَذَلِكَ أَتَتْكَ آيَاتُنَا فَنَسِيتَهَا وَكَذَلِكَ الْيَوْمَ تُنْسَى }(34).

واتە: هەرکەسێك پشت هەڵبکات لە زیکرو یادی من، یادی من نەکاتەوەو داوام لێ نەکات بیپارێزم لە هەڵەو تاوان و سەرپێچی، ئەوا هەر لە (دونیا)دا ژیـانێکی ناخۆش و تەنگ و چەڵەمەی پێ دەدەین وە لە ڕۆژی دوایشدا بە کوێری حەشـری دەکەین و حیسابی لەگەڵ دەکەین * دەڵێت ئەی خوایە بۆ بە کوێری

(34) سورة طه: الآية ١٢٤.

حەشرم دەكـەيت خـۆمن لـە دونيـادا چـاوم ئـەيبينى * خـواى گـەورەش پێـى دەفەرموێت: ئايا لە دونيادا ئايەتەكانى ئێمەت بـۆ نەخوێندرايـەوە؟ ئايـا پـێش ئەوەى كە بكەويتە فيتنەوەو ژيانى خـۆت تـاڵ بكـەيت پـێش ئـەو كارەسـاتانە ئامۆژگارييەكانى ئێمەت بۆ نەهات؟ تۆش لەبيرت كرد ئێمەش ئێستا بايەخت پێ نادەين و بە كوێرى حەشرت دەكەين.

كەواتە ئەو نەپاراستنەى خواى گەورە، وە ئـەو زەليـل بوونـە كـە خـواى گـەورە تووشى ئەو كەسانەى دەكات لە (عەدل)و دادپەروەرى خواى گەورەوەيە، بۆيە ئەو كەسانەى كە دوورن لە خواى گەورە يەكسەر (شـەيتان) ليێيـان نزيـك دەبێتـەوەو توشى (هەلاكەت و خراپەكارييان) دەكات!

ڕوداوو بە سەرهاتى ئەو كەسانە زۆر زۆرن كەوا بە دەستى خۆيان، خۆيان تووشـى ئەو بە سەرهاتە خراپانە كردووە ! وەكو خـواى پـەروەردگار دەفـەرموێت: { مَـا أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللَّهِ وَمَا أَصَابَكَ مِنْ سَيِّئَةٍ فَمِنْ نَفْسِكَ }(35).

واتە: هەرشتێك لە خێرو چاكە كە تووشتان دەبێت ئەوە لە لاى خواوەيە، وە هـەر شتێك لە خراپەو شەڕو نەهامەتى كە تووشتان دەبێت ئەوە لە خۆتانەوەيە.

يەكێك لەو ڕووداوانە كـە شـايەت حـاڵى ڕووداوەكـە خـۆى باسـى ئـەو ڕووداوە ناخۆشەى كە بەسەريدا هاتووە بۆمانى باس دەكات تاكو ئەو كەسانەى كەوا ئـەو شەيتانەى لەبەر دەستيدايە كە ناوى (ئينتەرنێت)ە، وەكو ئـەميان لێ نـەكات و تووشى وەها ناشەرعييەكى لەو جۆرەيان نەكات، كە بە ڕاستى بـە خوێندنـەوەى (چاوەكان پڕ فرمێسك دەبن !! دڵەكان دەهەژێنێت !! عەقڵەكان دەوەستێنێت).

(35) سورة النساء: الآية ٧٩.

## له قوربانیه‌كانی ئینته‌رنێت:

كچێك چیرۆكێكی ناسۆراویی بۆ یه‌كێك له هاوڕێ كچه‌كانی ده‌گێڕێته‌وه.[36]

هاوڕێی خۆشه‌ویست............

پاش سلاو و ڕێز

هه‌رگیز باوه‌ڕناكه‌م ئه‌وه‌ی كه به‌سه‌ره‌مدا هاتووه‌و كردوومه به‌ویستی خۆم .... تۆ ته‌نها كه‌سێكی له‌م ژیانه‌دا سه‌رپشكی له‌وه‌ی كه ئه‌یكه‌ی، ئێستا من هه‌ست ناكه‌م كه من خۆم بم، هه‌موو ئه‌وه‌ی كه ئه‌مه‌وێ ته‌نها لێخۆشبوونی خوای په‌روه‌ردگاره مه‌رگم پێ ببه‌خشێ پێش ئه‌وه‌ی خۆم خۆم بكوژم، ئه‌م چیرۆكه كه یه‌ك ڕۆژ به‌سه‌رمدا تێنه‌په‌ڕیوه تیایدا نه‌گریابم و دواتریش بۆ ماوه‌یه‌ك توانای بینینم نه‌بوو هه‌ر ڕۆژێكم لێ ئه‌ڕوا ده‌یه‌ها جار بیر له‌وه ئه‌كه‌مه‌وه كه خۆم بكوژم، ئێستا ژیان لام هیچ گرنگی یه‌كی نیه، هه‌موو سه‌عاتێك ته‌مه‌نای مردن ئه‌كه‌م، ئه‌م چیرۆكه ئه‌خه‌مه به‌رده‌ستت تاكو بلاوببێته‌وه و ببێته فۆڕم ونیشانه بۆ پاراستنی حیشمه‌تی هه‌ر كچێك كه ئینته‌رنێت به‌كارده‌هێنێت، هه‌روه‌ها ببێته په‌ندو ئامۆژگاری بۆ كه‌سه وریا و زرینگه‌كان.

ئه‌مه‌ش چیرۆكه‌كه‌مه

ڕۆژێك یه‌ك له‌كچه هاوڕێكانم بردمه‌وه بۆ مالی خۆمان یه‌كێك بوو له‌و كه‌سانه‌ی (ئینته‌رنێت)ی زۆر به‌كارئه‌هێنا و شاره‌زاییه‌كی باشیشی تیا هه‌بوو، ئاره‌زوومی جولاند به‌وه‌ی منیش حه‌زم به‌جیهانی (ئینته‌رنێت بێت), له‌ماوه‌ی دوو مانگدا

---

(36) قوربانیه‌كانی خۆشه‌ویستی.

فێری بەکارهێنانی (ئینتەرنێت)ی کـردم سـەرەتا زوو زوو سـەردانم ئـەکرد تـاکو هەموو شێوازەکانی فێر کردم، هەروەها فێری لاپەڕە بەکارهێنان و گەڕان بەدوای مەوقیعەکان هەر هەمووی لەماوەی ئەم دوو مانگەدا بوو، شـەڕی نێـوان مـن و مێردەکەم ئەو کاتە دەستی پێکرد کە (ئینتەرنێت)هاتە ماڵمان، سەرەتا ئەو دژی بوو بەلاّم هەرچۆنێك بوو قەناعەتم پێکرد، پێم ووت هەست بەلـەڕاوکێ ئەکـەم و دوورم لە کەسوکارو هاوڕێکانم، بەڵگـەی ئەوەیشـم بـۆ ئەهێنایـەوە کـە هـەموو هاوڕێکانم (ئینتەرنێت)بەکاردێنن، لەبەرچی من بەکاری نـەهێنم؟ ووتم لـەڕێگای (ئینتەرنێت)ەوە دەنگوباسی هاوڕێکانم ئەزانم، هەروەها ئەوەشم پێ ووت کە ئـەم کولفەی تێچوونی لە تەلەفۆن هەرزانترە، هەرچۆنێ بـوو مێردەکـەم ڕازی بـوو وە بەزەیی پێمدا هاتەوە.

هەروەکو تێمەگەیاند لەسەرەتاوە زۆر بە جدی قسـەم لەگـەڵ هاوڕێکـانم ئـەکرد، لەمەوپاش ئیتر مێردەکەم هیچ گلەیی و گازندەی نەبوو ... هەسـتم ئـەکرد ئـەم زانی مێردەکەم زۆر مورتاح بوو بەوەی پرتـەو بۆڵـەی مـن نـەمابوو هـەرکاتێك مێردەکەم لەماڵ دەردەچوو هەروەکو شێت پڕم ئەدایە (ئینتەرنێت)ەکەو لەسـەری ئیشم ئەکرد بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك، لەماوەی چەند ڕۆژێکدا پەیوەندیم لەگەڵ کۆمەڵێك ناوی خوازراودا دروست کرد، نەم ئەزانی ئەو کەسانە پیاون یان ئافرەت هەر هەموویان لەڕێگای (ئینتـەرنێت)ەوە قسـەم لەگـەڵ ئـەکردن تـاوەکو زانـیم یەکێك لەوانەی قسەی لەگەڵ ئەکردم پیاوە !!

داوای یارمەتیم لێکرد کە هەندێ زانیاریم دەربارەی (کۆمپیوتەر)و (ئینتـەرنێت) بداتێ، زۆر شتی لێوە فێربووم .. یەکێك بوو لەو کەسانەی بەشـێوازێکی گشـتی

شارەزاییەكی باشی لە بواری ئینتەرنێت دا هەبوو، بەردەوام قسەم لەگەڵدا ئەكرد هەرشتێكم نەزانیبا لە زۆربەی شتەكان هانام بۆ ئەو ئەبرد تا وای لێهات ڕۆژانـە پەیوەندیم پێوە ئەكرد، وە زۆر حەزم لە نوكتەو قسەكانی بوو تەسەلای دڵم بـوون ... بـە درێـژایی ڕۆژگـار پەیوەندیەكـەمان بـەهێزتر دەبـوو، ئـەم پەیوەندیـە ڕۆژانەیەمان نزیكەی سێ مانگی خایاند زۆر شت لە بەینمان سەری هەڵدا بەقسە شیرینەكانی زۆری هەڵم ئەنا، لەوەیـە قسـەكانی بـەو ئەندازەیـە خـۆش و جـوان نەبووبێ بەڵام شەیتان ئاوها ئەیڕازاندەوە !!! ڕۆژێك داوای لێكردم پێكـەوە قسـە بكەین وە زۆریش سووربوو لەسەر داواكەی ترساندمی بەوەی زانیـاریم دەربـارەی (ئینتەرنێت)پێ نەدا .. زۆرم هەوڵدا ڕێگربم لەبەردەم داواكەی، بـەڵام هەرچـەندم كرد نەمتوانی، لەبەرچی !! نەم ئەزانی بۆ؟!! .. هەتا ڕازی بووم بە هەندێ مەرج، تەنها یەك جار قسە بكەین و هیچی تـر، ئـەویش ڕازی بـوو ... چـووینە سـەر بەرنامەی دەنگ و قسە بكەین .. ئەگەر چی ئەو بەرنامەیەم بەباشـی نـەدەزانی بەڵام دەنگی خۆش و قسەكانی زۆر سەرنجڕاكێش بوون، كاتێك گوێم لەدەنگی بوو تەزوویەك بەگیانمدا هات داوای ژمارەی تەلەفۆنی لێكردم ژمارەكەی خۆشم پێدا، بەو شتە زۆر زۆر دوو دڵ بووم، نەمتوانی زیاتر قسەی لەگەڵ بكـەم نـەم ئـەزانی بۆچی شەیتان ئـاوا ئـەو شـتانەم لـەلا خۆشەویسـت ئـەكات و لەهـەمان كاتـدا لەناخەوە لەململانێدا بووم لەنێوان نەفس و بەها و ئەخلاق و دیندا! تاكو ڕۆژێـك لەڕێگای (تەلەفۆن)ەوە قسەم لەگەڵ كرد, ئەلێرەوە ژیانم بـەلادان و تـرازان لـەڕێ دەستی پێكرد .. داماڵرام لەحیشـمەت، زۆر كـەس هـەوڵی ئـەدا لێمـان نزیـك ببێتەوە بەڵام وەیل بۆ ئەوكەسەی بیەوێ لێمان نزیـك ببێتـەوە یـان لەكـەدارمان

بكات، ببوين بەیەك لاشەو ڕوح، لەڕێگای (تەلەفۆن)ەوە قسەمان ئەكرد و (ئینتەرنێت) یشمان بەكارئەهێنا, بەلاّم هەرگیز نەمان ئەتوانی زۆر قسەبكەین هەركەسێك ئەم وشانەی من بخوێنێتەوە وا ئەزانێ مێردەكەم حەقی پێنەداوم یان زۆر لەماڵەوە نەبوو بەلاّم بە پێچەوانەوە.. ئیشی ئەكرد و زۆریش نە ئەچووە لای هاوڕێكانی هەمووی لەپێناو من دا ... ڕۆژگارهات و ڕۆی زۆر ئالوودەی ئینتەرنێت بووبووم ڕۆژانە (٨) بۆ (١٢) كاتژمێر خەریكی ئەبووم حەزم نە ئەكرد مێردەكەم بگەڕێتەوە ماڵ، پەیوەندیەكەمان زیاتر بەهێز بوو تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی دوای ئەوەی قسەمان لەگەڵ یەك ئەكرد داوای ئەوەی لێ ئەكردم یەك ببینن، ئەگەر چی زۆر ناڕەحەتیش بوو لەهەمان كاتدا نەشم ئەتوانی وازی لێ بێنم و پەیوەندیمان نەمێنێ بەلاّم زۆرم سەرزەنشت كرد لەسەر داواكارییەكەی لەناخیشەوە لەو زیاتر حەزم بەبینینی بوو، زۆریش ئەترسام نەك لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە بەڵكو لە ترسی ئاشكرا بوون و حەیا چوون كە خەڵك پێ بزانێ، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر جەختی لەسەر ئەوە ئەكردەوە كە یەكتر ببینین تەنها یەك بینین و هیچی تر، ڕازی بووم بە مەرجێ ئەمە یەكەم جار و دواجار بێ، تەنها بم بینێ و هیچ قسەكردنی تیا نەبێ، ئەشم زانی كە ئەو بڕوای نە ئەكرد من ڕازی بم چونكە ئەو هیوا بڕاو ببوو لەوەی كە من ڕازی بم، ئەو خۆی پیشانی من نەدا كە هەموو خۆشیەكم بۆ دەستەبەر بكات و ئەشترسا لەوەی نەبادا من تووشی بەلاّیەك ببم، ئەو وەكو قەلاّیەك من بپارێزی، هیچ شتێكی وەهام شك نەبرد كە ڕازی نەبم ئەویش بەمەرجەكەی من ڕازی بوو، سوێندی بۆ خواردم تەنها بینین و هیچی تر .. بەڵێ ! منیش ڕازی بووم مەوعیدمان لەیەكێك لە بازاڕە گەورەكان دانا، كات

و ساتیشمان دیاری کرد و شەیتانیش کەسی سێیەممان بوو، کاتێك یەکمان بـینی خۆزگەم ئەخواست كە قەت نەم بینیایە و نەم بینیایە ... بەڕاستی ڕوخسـارێكی سەرنج ڕاكێشی هەبوو لە بالآشدا زۆر جوان بوو پێی سەرسام بووم بـەڵێ زۆریـش سەرسام بووم لەماوەیەكی زۆر كورت دا كە لەخولەكێك تێ نەپەڕێ، بڕوام نـەبوو ئەمە ئەو ڕووخسارە بێ كە من قسەی لەگەڵ دەكەم لەهەمان كات دا ئەویش پێ وەی دیاربوو كە زۆر سەرسام ببوو بە جوانیەكەم وەكو بڵێی شـێتم بـووبێ، پێـی ووتم لەمەولا ئەگەر تۆم لەدەست چێ خۆم ئەكوژم، خۆزگە قەت نـەم بینیایـە !!! لەو كاتەدا خۆم زۆر جوان هاتە پێش چاو وەسیفاتی ژنێتیم زۆر زیادی كرد گـەلێ زیاتر لە پێش زەواج كردنم.

ئەی خوشكەكانم: ئەمە سەرەتای كۆتاییەكەیە، خوشكەكانم ئەم كوڕە نەی ئەزانی من زەواجم كردووە كە مێرد و چەند منداڵێكیشـم هەیـە، بەشـێوازێكی گشـتی دوای ئەم یەكتر بینینە قسە كردنمان تەواو گۆڕا زیاتر قسەكانمان ڕۆمانسـی بـوون ئەی زانی چۆن خاڵە لاوازەكانم بدۆزێتەوە وەكو مێینەیەك، لەمەشدا شـەیتان زۆر یارمەتی دەری بوو داوای لێكردمەوە كە جارێكی تر بم بینێتەوە منیش عوزرم بۆ ئەهێنایەوە جار جار ئەمدا بەگوێیا كە پەیوەندیت لەگەڵ ئەپچڕم، بەلآم لەناخەوە لەخۆی زیاتر حەزم بە بینینی ئـەكرد، نـەم ئـەتوانی بـرەو بەیـەكتر بیـنین بـدەم لەبەربوونی پیاوەكەم لەو شارە، پەیمان زیاتر كرایەوە پـێم ووت كـە مـن زەواجـم كردووە چـەند منداڵێكیشـم هەیـە، نـاتوانم بتبیـنم بـا تـەنها پەیوەندیەكـەمان لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بێت .. بڕوای نـەبوو كـەمن شـووم كردبـێ و منداڵیشـم هەبێ، پێی ئەووتم تۆ وەكو فریشتە وای پێویستە بپارێزرێی وام لێهـات هـۆگرو

گوێ بیستی دەنگی بووم، خەیاڵم ڕۆیشت، لەدڵی خۆمدا دەم ووت ئەگەر من لـە ئامێزی ئەودا بم دەبێ حاڵم چۆن بێ ! ڕقم لە مێردەکەم ئەبووەوە وام ئەبینی کـە هیچ ڕۆڵی نەبێ لەدەسـت هێنـانی خۆشـحاڵی خـۆم و منداڵـەکانم، وام لێهـاتبوو هەستم بەناڕەحەتی ئەکرد ئەگەر بۆ ماوەی ڕۆژێك یان دوان نەم بینیایە لـەڕێگای (ئینتەرنێت)ەوە، وە زۆر هەستم بە ئیرەیی ئەکرد ئەگەر قسە لەگەڵ یەکێکی تـر بکردبا، ئەگەر ماوەیەك دیار نەبوایـە ئـاڵۆز ئـەبووم خۆشـم نـەم ئـەزانی بـۆ وا ئالودەی بووم !؟ تەنها ئەوە نەبێ حەزم ئەکرد زوو زوو بیبینم، ئەویش درکی بەوە کردبوو بۆیە نەیزانی چۆن بەدەسـتم بـێنێ بـۆ خـۆی و بـەردەوام داوای ئـەکرد و هەموو ڕۆژێك ئەی ووت با بتبینم منیش هەر ئەم ووت مـن زەواجـم کـردووە و مێردم هەیە، ئەویش ئەی ووت تۆ ئەبێ وانەکەیت ! ئایا ئەبێ ئێمـە هـەروا لـە ناڕەحەتیدا بمێنینەوە، چۆن ئەبێ ئێمە هەر یەکمان خۆش بوێ و نـەتوانین لەیـەك نزیك ببینەوە؟؟ وا پێویست ئەکا بەدوای چارەسەرێکدا بگەڕێین، وا ئـەخوازێ لـە سایەی یەکدا بژین، هەموو ڕێگەیـەکی لێگـرتم منـیش جـار لـەدوای جـار ڕەدم ئەکردەوە، تاکو ڕۆژێك داوای زەواجی لێکردم !! پێی ووتم با مێردەکەت تـەلاقت داو من مارەت بکەم، ووتی ئەگەر ڕازی نەبی یان ئـەمرم یـان شـێت ئـەبم یـان مێردەکەت ئەکوژم !! لەڕاستیدا ترسێکی زۆرم لێهات زۆر سەرم سـوڕما کاتێـك داخوازی کردم یەك موچورکەیەك بەگیانمدا هات و لەرزێك دای گرتم هـەر ئاگـام لەخۆم نەمابوو، وا خۆم ئەبینیەوە کە من دیلی مێردەکەم بم هیچ خۆشەویستیەکم بۆ لای نـەمابوو، زۆرم ڕق لـێ دەبـوەوە حـەزم نـە ئـەکرد هـەر بیبیـنم خـۆم و منداڵەکانیشم لەبیرچوو بوو ڕقم لەزەواجەکەم و ژیـانی خانەوادەکـەم دەبـوەوە وام

ئەزانی من تەنها کەسێکم لەم ژیانەدا ئەزانم واتای خۆشەویستی چی یە، ئـەویش هەستی کردبوو کە زۆرم خۆش ئەوێ پێشنیاری ئەوەی کرد کە کێشـەیەك لەگـەڵ مێردەکەم دروست بکەم تاکو تەلاقم بدا، پێشتر هیچ شـتێکی بەدڵـدا نـەهاتبوو وەك ئەوەی ئەمە تاکە دەرچوونم بێت لەو قەیرانە نـا هـەموارە، بـەڵێنی ئـەوەی پێدام دوایی ئەو داخوازیم بکات هەروەها بەڵێنی ئەوەیشی پێـدام لـە داهـاتوودا ئەو ئەبێتە مایەی خۆشگوزەرانیم و بەدرێژایی تەمەن لەگەڵم ئەمێنێتەوە، ئەمـە هەروا کارێکی ئاسان نیە بەلاّم بیرۆکەیەکی لەجێ بوو سـەرەتا دەسـتم کـرد بـە دروست کردنی کێشەو گرفت لەگەڵ مێردەکەمدا هەتاوەکو بێزاربێ و تەلاقم بدا.

چەند هەفتەیەك ئاوا ماینەوە تاوەکو وام لێهات بۆ دروست کردنی کێشە پێشەکی پلانم بۆ ئەکێشا، بەدرێژایی ئەو ماوەیـە سـووربوو لەسـەر دیتـنم لەبـەر ئـەوەی ئەیزانی لەوەیە مێردەکەم هەروا بەخێرایی تەلاقم نەدات پاشـان داوای لێکـردم و یەك ببینین و ئەگەر نا ؟؟ بێ سێ و دوو ڕازی بووم وەکو بلێـی شـەیتانی نـەفرین لەجێی من گفتوگۆ ئەکات و بڕیار ئەدات، داوام لێ کرد ئەو ڕێکخەری فەرمان و ئیش و کارم بێ، ڕۆژێك مێردەکەم ووتی ئەچم بۆ سەفەری ئیشـێ لەوەیـە پێـنج ڕۆژم پێ بچێ، ووتم ئەمە کارێکی گونجاوە مێردەکەم داوای لێکردم بچمەوە ماڵی باوکم بۆ ئەوەی نەفسیەن مورتاح بم و ئەو کێشە دروست کراوەم کەم بێتەوە، ڕەدم ئەکردەوە و عوزرم بۆ هێنایەوە تا لەماڵەوە مامەوە، هەر چۆنێك بوو ڕێك کەوتین و بەناچـاری چـوو بـۆ سـەفەر، هـەر کـە لەخـەو هەڵئەسـام ڕام ئـەکردە سـەر ئەنتەرنێتەکە کەشەوانیش ئەخەوتم دام ئەخست، دوای چەند ڕۆژێك مەوعیـدمان دانا ڕازی بووم بە داواکـاری هاوڕێکـەی ئینتـەرنێتم پـێم ووت ئێسـتا ئامـادەم

لەگەڵت دەرچم ئەشم زانی ئەمەی ئەیکەم زۆر خراپ و مەترسیدارەو بێ فەرمانی خوای گەورەیە هەتا هەستم بە ترسیش ئەکرد بەلامەوە هەروەکو چۆن یەکەم جارم بوو بیبینم ئاوا بوو، هەرچۆنێك بوو لەگەڵی دەرچووم بەڵێ بـە دڵنیاییـەوە خـۆم فرۆشت لەگەڵ دەرچوونم، حەزێکی زۆرم هەبوو لەسەر ئەوەی زیـاتر لـە نزیکـەوە ئاشـنای بمو بیناسـم، ڕێـك کـەوتین بچـینە یـەك لـە بازاڕەکـان، لەسـەیارەیەك سەرکەوتین بەنێوەندی جادەیا ئەڕۆیشتین هەستم بەهیچ نـەدەکرد تـەنها ئەوەنـدە نەبێت کەمێك قەلەك و ناڕەحەت بووم چونکە یەکەم جارم بوو کە لەگەڵ پیاوێـك دەربچم کە هیچ پەیوەندییەکی خزمایەتیمان نەبووبێ هەر ئەوەنـدە تـەنها دەوری حەوت مانگ بوو دەمناسی لە ڕێگەی (ئینتەرنێت)ەوە تەنها یەك جاریش بـینی بووم بۆ یەك دەقیقە، وردە وردە دڵەڕاوکێم زیادی کرد، دەستمان کرد بە گفتوگـۆ پێم ووت ئەمەوێ کاتەکەمان زۆر نەخایەنێت ئەترسم مێردەکەم بمان بینێـت یـان شتێك ببیستێت، پێی ووتم ئینجا بابزانێ ئەوپەڕی تەلاقت دەداو ڕزگارت دەبـێ، هیچ سەرسام نەبووم بە قسەکانی و شێوازی دەربڕینەکەی دڵەڕاوکێکەم زیادی کرد پێم ووت پێویست ناکات زۆر دوورکەوینەوە، نامەوێ زۆر دواکەوم لەگەڕانەوەمدا بۆ ماڵ ... پێـی ووتم لەوەیـە کـەمێك دواکـەوین، لەبەرئـەوەی نـاتوانم ئاواهـا بەئاسانی دەست بەردارت بم حەزئەکەم زیاتر لەگەڵم بمێنیتەوە، ئەمەوێ چـاوەکانم پڕبن لە بینینت چونکە لەوەیە نەتوانم جـارێکی تـر نـەتوانم بتبینمـەوە لـەدوای ئەمە، بەم شێوەیە قسەکانمان دەستی پێکرد دڵەڕاوکێ و ناڕەحەتیم زیادی دەکـرد لەهەمان کات دا حەزم ئـەکرد زیـاتر لەگـەڵی بمێنمـەوە، قسـەکانمان زیـاتر بـە ئاقارێکی ڕۆمانسیدا ڕۆیشت، نـەم ئـەزانی کـات کەیـەو چـەندێك بەسـەرماندا

تێپەڕیوە هەتا هەستم نەكرد بەكام ڕێگادا دەڕۆین، لەناكاو گەیشتینە شوێنێك نەم ئەزانی كوێیە، لەشوێنی حەوانەوەو كێڵگەو شتی وا دەچوو، هاوارم كرد ئێرە كوێیە؟؟ بۆ كوێم ئەبەی؟؟ چەند چركەیەكی خایاند سەیارەكەی وەستاو پیاوێكی تر دەرگای لێكردمەوە زۆر بەتوندی دەری هێنام هەموو ئەو شتانە زۆر كتوپڕ بوو، هەر هاوارم ئەكردو ئەگریام لێیان تێنەئەگەیشتم چی دەڵێن؟؟ وە نەشم ئەزانی چی بەدەورمەوەیە ئەوەندەم زانی هەستم بەلێدانێكی بەهێز كرد بەڕوومیانا كێشا هەروەها گوێم لەدەنگێك بوو وەكو بوومەلەرزە ئیتر ئاگام لەخۆم نەما، نازانم چیان لەگەڵدا كردم، وە نازانم كێ بوون، وە ژمارەیان چەن بوو؟!!! تەنها دوانم بینی هەموو ئەمانە وەكو هەورە بروسكەیەكی تیژ تێپەڕبوون، هەستم بەهیچ نەدەكرد تەنها ئەوە نەبێ لە ژورێكا بووم نیمچە ڕووت و جل و بەرگەكانم دابڕابوون هەر ئەگریام و هاوارم ئەكرد، لەشم هەموو پیس ببوو چەند چركە ساتێكی پێ چوو كوڕەكە هاتە لام دەستی كرد بە پێكەنین، پێم ووت ئەمەی بەسەرمدا هات ئێوەن؟ تكایە ڕێم كەن؟ تكایە ڕێم كەن؟ ئەمەوێ بگەڕێمەوە ماڵ پێی ووتم ماوەیەكی تر ئەگەڕێینەوە ماڵ بەڵام ئەبێ بەڵێنی ئەوەم پێ بدەی نابێ هیچ كەسێك پێ بزانێ ئەگەر بزانن ئەمە عەیبەیەكە بۆ كەسوكارەكەت یان ئەگەر بەكەس بڵێیت و دەعوا بنووسی ئەوا تۆڵە لەمندالەكانت ئەكەمەوە، پێم ووت تەنها ئەمەوێ بگەڕێمەوە ماڵەوە بەهیچ كەسێك ناڵێم، هەستم بەترسێكی زۆر كردو هەموو لەشم ئەلەرزی و لەگریانیش نەئەوەستامەوە، وە ئەوەندەم لەبیرە لەو ڕووداوەی بەسەرمدا هات، هیچ شتێكی وام بەبیردا نایا باسم نەكردبێ دەرچوونم لەماڵ تا گەڕانەوەم دەوری چوار كاتژمێری خایاند چاویان بەستمەوەو لەسەیارەكە

سەریان خستم و لە شوێنێکی نزیك ماڵ فڕیان دام باش بوو بەو حاڵەوە کەس نەیبینیم زۆر بەخێرایی چوومە ماڵەوە پاشان دەستم کرد بەگریان هەمان گریانێك تاوەکو فرمێسك لەچاوم بڕا، لەدواییدا پێم زانی کە ئەتك و دەست درێژیان کربووە سەرم چونکە نەزیف بووم و خوێنم لێ ئەهات چوومە ژوورێکەوە دەرگام لەسەر خۆم داخست بۆ ئەوەی مندالەکانم نەبینم وەهیچ پارووە نانێکیشم لەگەروو نەچووە خوارەوە، هاوار بۆ خۆم چۆن بەپێی خۆم چووم بۆ دۆزەخ؟؟ ئەبێ حالم چۆن بێ دوای ئەم ڕووداوە؟؟! زۆر ڕقم لەخۆم ئەبووەوە هەولم ئەدا خۆم بکوژم، زۆر ئەترسام لە ئاشکرا بوون هەروەها پەرچە کرداری مێردەکەم، هیچ پرسیارم سەبارەت بە منالەکان لێ مەکەن، هەر هەستم بە بوونیشیان نە ئەکرد !! و نەشم ئەزانی چی بەچواردەورمەوەیە تاوەکو مێردەکەم لەسەفەر گەڕایەوە هەستی بەگۆڕانێکی گەورە کرد! پێشتر وانەبووم لەگەڵ ئەودا بەلاَم حالم زۆر خراپ بوو زۆر بەپەلە بردمی بۆ نەخۆشخانە، سوپاس بۆ خوا هیچم لەسەر ئاشکرا نەبوو پشکنینێکی تەواوکرام، بەلاَم ووتیان تووشی بەدخۆراکی بووەو دەمارەکانی ووشك بۆتەوە پێویستی بەحەسانەوەیە وە ماوەیەکی کەمی ئەوێ زۆر ناخایەنێ، داوام لە مێردەکەم کرد بمباتەوە بۆ مالی باوکم هەر ئەگریام کەسوکارەکەم وایان ئەزانی کێشەو ئاژاوەی من و مێردەکەمە، باوکم زۆر قسەی لەگەلمدا کرد، بەلاَم نەگەیشتە هیچ ئەنجامێك، هەتا مێردەکەشم هیچی نەئەزانی، هیچ کەسێك بەحالی نەئەزانیم کەسوکارەکەم پێشنیاری ئەوەیان کردم قورئانم لەسەر بخوێنن لەوەیە نەخۆش بم.

بەهیچ شێوەیەك لایەق بەو مێردە نیم داوای لیٚ ئەکـەم تـەلاٚقم بـدا، جـاران کـە داوای تەلاٚقم لیٚ ئەکرد لەبەر خۆم بوو بەلاٚم ئێستا حەز ئەکەم تەلاٚقم بدات لەبەر ئەو هەموو ڕێزو حەیایەی مێردەکەم و لەبەر ئەوەی باوکی منالٚەکانمـە ئێسـتاش من شایانی مێردەکەم نیم، شایانی ئەوە نیم لەنێو ڕێزو حورمـەتی ئـەودا بـژیم، هەموویشی بەهۆی خۆم و ئەو (ئینتەرنێت)ە نەفرینەوە بوو، بەدەستی خـۆم گـلٚ کۆیەکم بۆخـۆم سـاز کـرد هاوڕێکـەی چـاتم ڕاوچـیەکی وەکـو خـۆی نـەبوو بـۆ ئەوکچانەی (ئینتەرنێت) بەکاردێنن، هەرکەسێك ئەم بەسەرهاتەی من بخوێنێتەوە ئەبێتە پەند و ئامۆژگاری و ئەیپارێزیٚ لە خراپەکاری، بەلاٚم من ئێستاش شایەنی ڕەحمم، هیواردارم کە کەس ئەم حالٚەتەی منی بەسەردا نەیـەت تەمـەننا ئەکـەم مێردەکەم لێم ببوریٚ بەڕاستی ئـەو شـایەنی ئـەو هـەموو عـەیب و عـارە نیـە، هەروەها داوا لە منالٚەکانم دەکەم لێم ببورن، وە خـۆم بـەخۆم کـرد داوا لـەخوای گـەورە ئەکـەم لـێم خۆشـبیٚ و لـە تاوانـەکانم ببـوریٚ، ئێسـتا هاوڕێکـەم دوای خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە، بۆ ئەو کچانەی ئینتەرنێت بەکاردێنن هەروەها بۆ ئـەو کوڕانەی لەناو تەمەنی کەنجێتیدان و حەزوو ئارەزووەکان تینی بۆ هێنـاون لـەخوا بترسن و خۆیان و کەس و کاریان بپارێزن ئەمە خراپی ئینتـەرنێت نیـە، بـەلٚکو ئێمە نازانین چۆن بەکاری بهێنین، ئێمە وازمان لە هەموو شتە چـاکەکان هێنـاوە تەنها بەدوای شتە خراپ و ڕەشەکاندا ئەگەڕێین و ئەو شـتانەی بـەهای ئـەخلاقی مرۆڤ ناهێلٚین، من زۆر لۆمەی هاوڕێکەم ئەکەم چونکە ئەو کەسێکی زۆر بە ویقار و لێهاتوو بوو هەمووان بەخیلیمان پیٚ ئەبرد، ئەو ژیانی ناخۆش نـەبوو هـەروەها هیچ کێشەیەکی لەگەلٚ مێردەکەشیدا نەبوو، بەلٚکو زۆر لە ژیانێکی خۆشدا بـوو،

بەلاَم بابەتی بۆشایی (فەراغ) لای هەرکەسێك نەزانێ چۆن بەکاری بهـێنێ خـۆی لەخۆیا زۆر ترسناکە ئینتەرنێت بوارێکی یەکجار فراوانی هەیـە وەبـۆ وەرگـرتنی چاکە لەهەمان کاتدا وە لەهەمان کاتدا بۆ شەڕو خراپەکاریش، بەلاَم وا پێویسـت ئەکات ئێمە بـزانین چـۆن بـەکاری ئـەهێنین هـەروەها بەسـادەو بەسـانایی وەری نەگرین، وەبزانین چۆن کاتە بەتاڵەکانمانی پێ پڕبکەینەوە، ئەو گەنجانەمان کە هیچ کاریان نیە کەسو کارەکەیان ئەبێ چاودێریان بکەن چونکە بە بۆچوونی من هەموو شتێك ئاگامان لێنەبێ سەر ئەکێشێ بۆ خراپـەکاری بەناشـوکری نـەبێ ئەوەنـدە کێشە زۆربووە وەکو تەلاَق، دزی .... هتد .

کوا ڕۆڵی باوك و گەورەی خێزان؟! لەوەیە مێردەکەت مامەڵەیەکی چاکت لەگەڵدا نەکات یان بە ئاڕاستەیەکی باشتدا نەبات یان نەزانێ چی لە پێش داواکارییەکانی تۆوە هەیە، بەلاَم خۆ ئەبێ بزانێ چی ئەکـەی و زانیـاری سـەبارەت بەشـتەکانت هەبێ، ئەی ئەوانەی بانگەشەی ئیسلامەتی ئەکەن، بۆ خۆتان و بۆ ئەوانەی لە ژێر سایەی سێبەری دەسەلاَتی ئێوەدان؟ ئەو بەتاڵیەی کە ولاَتی ئێمەی گرتۆتەوە ئەوە شەڕێکە ئەمان شەڕ، ئێمە هەر لەشوێن خۆمانین هـەنگاو بـەرەو پێشـەوە نـانێین ئەڵێی نەعامەین سەرمان خستۆتە لمەوەو لەشمان بەدەرەوەیە، ئەرێ کوا بانگەوازو ڕێنموونی و سەحوەو کۆمەڵی فەرمان بەچاکە کردن؟ بۆچی ئێمە کۆتایی کەس بین بگەین بە تەقنیات و تەکنەلۆژیا؟ بۆچی نەبینـە پێشـەنگ لـەبری ئـەوەی هـەر پاشکۆ و پەیوەست بین بەڕۆژئاواوە؟ کوا گەنجی سوارچاك و زانسـتخواز لـە کـوێ یە؟ کوا گەنجانی موسڵمان چی فەسادێ سەر زەمینی تـەنیوە؟ هیچـی تـر نـاڵێم تەنها (حسبنا الله ونعم الوكيل) اللهم سلم اللهم سلم .. اللهم لطفـك بعبـادك ..

اللهم أبرم لهذه الأمة أمراً رشدا يعز فيه أهل طاعتك ويـذل فيـه اهـل معصـيتك ويؤمر فيه بالمعروف وينهى به عن المنكـر).! ئەوەی ماوە بـوترێ پـاش ماوەیـەك هاورێیكەم كۆچی دوایی كرد، چووە ژێرگڵ، بەلاّم نهێنیەكەشی لەگەڵ خـۆی بـردە ژێر گڵەوە مێردەكەشی بەهیچی نەزانی ئاگادارم كە زۆر بۆی نیگەران بوو منیش زۆر بۆی نیگەران بووم، ئەوەشم ئەزانی وازی لە ئیشەكەی هێنـاو گەڕایـەوە نـاو منداڵەكانی ئێستا ئەزانم ئەم دونیایە هیچ گرنگیەكی نیە هەر هیچ تام و چێژێكی نیە !!! مەگەر بۆ كەسێك لە گوێڕایەڵی خواو و پێغەمبەرەكەیدا بێت سوودی لێ ببینیّ...

## الثالث: تخصيص الوقت، وتحديد الهدف.

تایبەت كردنی كات، وە دیاریكردنی ئەو شـتەی هـەوڵی بـۆ دەدەیـت پێویسـتە لەسەر مرۆڤەكان كاتێكی دیاریكراوی هـەبێت و ئیشـێكی دیـاری كـراو ئـەنجام بدات، وە دەبێت ئەو شتەی كەهەوڵی بۆ ئەدرێت ڕوون ودیار بێت، لەو ماوەیـەی كە خۆی (بە ئینتەرنێت)ەوە خەریك دەكات، بەلاّم ئەگەر بێت و لـە سـایتێكەوە بچیتە سایتێكی تر و بەردەوام جیّ گۆڕكیّ بكەیت لە سایتەكاندا ئەوە بێگومـان دەبێتە هۆی لەدەست دانی كاتێكی زۆرو سودێكی زۆر كەم بـەهۆی ئـەو گەڕانـە زۆرەی لەسایتەكاندا دەیكەیت، كەسی واهەیە لـە تاسـكباری كۆمپیوتەرەكەیـدا بەلایەنی كەمەوە ٥ پێنج سایتی كردۆتەوە، لە سایتێكیاندا خـەریكی چاتە لـە سایتێكی تریاندا خەریكی داگرتنی فیلم و گۆرانییە لە سایتێكی تریاندا سەرقاڵی بەرنامەو شتی بێسوودە بەردەوام سەرقاڵەو مێشكی خۆی مەشـغوڵ كـردووە بـێ

ئەوەی هیچ ئامانجێك لەو گەڕانانەدا هەبێت، تەنها خۆ مەشغوڵ کردنێکی بێسوودەو بێ هوودەیە و هیچی تر، وەکاتیش زۆر گرنگە، جا بەفیڕۆدانی ئەو کاتە بەنرخانە بەگەڕان بەشتی بێسوودەوە بەفیڕۆ بچێت بێگومان مایەی زەرەرمەندی و پەشیمانییە، پێغەمبەری خۆشەویست لە فەرموودەیەکی پیرۆزدا فەرموویەتی: {لَا تَزُولُ قَدَمَا عَبْدٍ يَوْمَ القِيَامَةِ حَتَّى يُسْأَلَ عَنْ عُمُرِهِ فِيمَا أَفْنَاهُ، وَعَنْ عِلْمِهِ فِيمَ فَعَلَ، وَعَنْ مَالِهِ مِنْ أَيْنَ اكْتَسَبَهُ وَفِيمَ أَنْفَقَهُ، وَعَنْ جِسْمِهِ فِيمَ أَبْلَاهُ}(37).

واتە: دوو پێی هیچ کەسێك لە جێی خۆی ناجولێت لە ڕۆژی دواییدا هەتاکو پرسیاری چوار شتی لێ نەکرێت: ئەو تەمەنەی کەهەت بوو لە چیدا تەواوت کرد؟ ئەو زانستەی کەهەت بوو چۆن کارت پێکرد؟ ئەو ماڵەی کەهەت بوو چۆن پەیدات کرد؟ وەلە چیدا بەخشیت؟ وە ئەو لاشەیەت لە چیدا تەواو کرد؟

وە لە ڕیوایەتێکی تردا فەرمویەتی:

{لا تزول قدما عبد يوم القيامة حتى يسأل عن أربع عن عمره فيما أفناه وعن علمه ما عمل به وعن ماله من أين اكتسبه وفيما أنفقه وعن جسمه فيما أبلاه}(38).

واتە: دوو پێی هیچ کەسێك لە جێی خۆی ناجولێت لە ڕۆژی دواییدا هەتاکو پرسیاری چوار شتی لێ نەکرێت: ئەو تەمەنەی کەهەت بوو لە چیدا تەواوت کرد؟

---

(37) السلسلة الصحيحة (٩٤٦).

(38) صحيح الترغيب والترهيب (ج/٣-ص/٢٢٧).

ئەو زانستەی کەهەت بوو چۆن کارت پێکـرد؟ ئـەو مالّـەی کەهـەت بـوو چـۆن پەیدات کرد؟ وەلە چیدا بەخشیت؟ وە ئەو جسم و لەشەت لە چیدا تەواو کرد؟

جا ئەی ئەو کەسەی کەوا بەردەوام ئەو تەمەنە جوانەی خـۆت بـە (فەیسـبووك و ئینتەرنێت و چاتکردن) لەگەڵ کچان داو لەگەڵ کەسانێك کە نایان ناسیت و تەنها لە ڕێی (ئینتەرنێت)ە وە بونە بەهاوڕێت و بەردەوام ئـەو کاتـە ناسـك و تەمەنـە جوان و بەنرخەی خۆتیان بۆ بەفیڕۆ ئەدەیت، خۆت لە نوێژی جەماعەت و زیکـرو یادی خوا بێ ئاگا کردووە وازت لە چوون بۆ نوێژی جەماعـەت هێنـاوە، ئەونـدە سەرقاڵی (فەیسبووك و ئینتەرنێت و چاتیت) کاتێك کە بـانگ ئـەدرێت ئەونـدە خۆت سەرقاڵ کردووە بیرت دەچێتەوە وا کاتی نوێژە، دڵـت ئەوەنـدە مـردووە لـە ئاستی عیبادەت کردندا نازانیت کـەی کـاتی نوێـژە کـەی کـاتی زیکـرو یـادی (اللّٰه)یە، وازت لە خوێندنی قورئان هێناوە ڕەمەزان بۆ ڕەمەزان پەڕۆ سەوزەکە لە قورئانەکە ئەکەیتەوە بۆ خوێندنی بەهۆی سەرقاڵبوونت بـە هـۆی (فەیسـبووك و چاتکردن)ە وە، چی وەڵامی خوای گەورە دەدەیتـەوە کاتێـك پرسـیاری تەمـەنی لێکردیت؟ ئایا لە وەڵامدا دەڵیی ڕۆژانە ١٠ بۆ ١٥ دە بۆ پانزە کاتژمێر خەریکی (فەیسـبووك و ئینتـەرنیت) دەبـووم؟ یـەك پرسـیارت لـێ دەکـەم تـاکو خـۆت وەڵامەکەی بۆ ئەو ڕۆژە ترسناك و سەختە دابنێـی؟؟ خـوای گـەورە لـە قورئانـە پیرۆزەکەیدا دەفەرموێت: { وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ }(39).

واتە: درووستم نەکردووە جنۆکەکان و مرۆڤەکان تەنها بۆ پەرستنی خۆم نەبێت .

(39) سورة الذاريات: الآية ٥٦.

وەڵامەکەی لەسەر زیرەکی و ئینسافی خۆت وەستاوە، !!! ئەی ئەو کەسەی کە وازت لە خوێندنەوەی کتێب و نامیلکەی بەسوود هێناوە، وازت لە دەرزو دەوری شەرعی هێناوە، وازت لە دەرزەکانی قوتابخانەت هێناوە کاتێکیش ئیمتیحاناتت نزیك دەبێتەوە شپرزە دەبیت و نازانیت چی بکەیت ئەوەی کە لەو ماوە کەمەدا دەی خوێنیت بایی ناجیح بوون نییە یاخود نیوەی ناجیح بوونە، لە دوایشدا گلەیی و گازندەو ناشوکری دەکەیت و سەرزەنشتی مامۆستاکانت ئەکەیت، ئەمە چۆن بڕیارێکە دەری ئەکەیت؟ تۆ خۆت مەشغوڵ کردووە بە (ئینتەرنێت)ەوەو شەوی ئیمتیحانیش بە چاوی خەوەوە سەعی دەکەیت و کاتی تاقیکردنەوەش بڵاوکراوەکانی هاوڕێکانت کە لە (فەیسبووك)دا بڵاویان کردۆتەوە لەبەر چاوت دێت و دەڕوات، بۆیە تۆ زۆر دووریت لەو کەسەی کەوا دەزانێت و جوابی پرسیارەکانی پێیەو هەوڵ و کۆششی داوە بۆیە هەرگیز یەکسان نیت لەگەڵ ئەو کەسەدا وەکو خوای گەورەو میهرەبان

دەفەرموێت: { قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ }(40).

واتە: ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ ئایە ئەو کەسەی کە دەزانێت وەك ئەو کەسە وایە کە نازانێت بەڕاستی تەنها خاوەن ژیرەکان بیردەکەنەوەو ئامۆژگاری وەردەگرن.

بۆیە براو خوشکی بەڕێزم ئاگاداری فەفیڕۆدانی ئەو کاتە بەنرخ و تەمەنە جوانەی خۆت بە بە کاری بێ شەرعی و تاوان و سەرپێچی پەروەردگارت لە تۆڕەکانی

---

(40) سورة الزمر: الآية ١٠.

(ئینتەرنێت و چات و فەیسبووك ) دا بەسەر مەبە چونکە تەنها خۆت و ئەو تەمەنە کەمەی کە هەتە لە دونیادا بە فریات دێت ئەگەر بە فیڕۆدان بە (چات و فەیسبووك) بەسەری ببەیت ئەوا دڵنیابە ئەو کەسانە ناتوانن لە ڕۆژی دواییدا بە فریات بێن، جا وریابە ئەی براو خوشکی خۆم (فیتنەی ئینتەرنێت) فیتنەیەکی ئێجگار گەورەیە ئەگەر ئاگاداری نەبیت، زۆر کات کەسانێك هەن بیر لەدەرئەنجامی ئەم بەفیڕۆدانی کاتە ناکەنەوە بیر لەوە ناکەنەوە کەخوای پەروەردگار بۆ شتێکی زۆر لەوە گەورەتر دروستی کردووە، زۆر جار کەسی وا هەیە ئەوەندە خۆی مەشغوڵ دەکات بە (ئینتەرنێت)ەوە لەماڵەوە لێی بێزار دەبن بەهۆی ئەوەی کەبەردەوام خەریکی فەیسبووك وچاتکردنە، لەیەکێك لەڕووداوەکان کە لە وڵاتێکی (عەرەبی) ڕوویدا لەنێوان ژن و مێردێکدا بوو ئافرەتەکە داوای جیابوونەوەی لەمێردەکەی کرد هۆکاری سەرەکی جیابوونەوەی ئەم ئافرەتە لە مێردەکەی ئەوەبوو، ئەم ئافرەتە دەڵێت میردەکەم ڕۆژانە ١٧ کاتژمێر بە (فەیس بووك)ە وە خۆی مەشغوڵ دەکات، من هەموو پێداویستییەکانی ماڵەکەم جێ بەجێ دەکەم ئەم ئافرەتە داماوە دەڵێت بەڕادەیەك خۆی مەشغوڵ دەکات کە هیچ کاتێکی نە بۆمن نە بۆ منداڵەکانی تەرخان نەکردبوو، ئەمەش بووە هۆی بێزار بوونم تاوای لێهات داوای تەڵاقم لێکرد، بەڵام پاش گفتوگۆیەکی زۆر لەنێوان ئەم ژن و مێردە خێزانی ئەم کابرا نەگبەتە مەرجێکی بۆ گەڕانەوەی دانا ئەویش ئەوە بوو کە بەهیچ جۆرێك خەتی (ئینتەرنێت) لەماڵەکەیاندا نەمێنێت، لەپاشاندا ئەم پیاوە بەهۆی ئەوەی زۆر دەمێك بوو لەگەڵ خێزانیدا ژیابوون بە بێ کێشە بڕیاریدا مەرجی هاوسەرەکەی قەبوڵ بکات و خێزانیشی گەڕایەوە بۆلای ئەمە بەنسبەت

پیاوانەوە لەیەکێك لەسایتەکان سەرژمێری یەك کراوە لـەنێوان بـەکار هێنـەرانی ئینتەرنێت بۆ هەردوو ڕەگەزی (پیاوان و ئافرەتان) ئەم لێکۆڵینـەوە سـەرژمێرییە سەلماندوو یەتی کە بەکار هێنانەرانی ئینتەر نێت لەلایەن (ئافرەتـان) ەوە، تـەنها زۆربەیان ئامانجیان بۆ گفتوگۆ کردنە لەگەڵ پیاوانداو هەندێکیان بۆ یاریکردنیانە وە زۆر شتی تر, بە بەراورد لەگەڵ (پیاوان)دا، ژنان زیاتر (ئینتـەرنێت) و سـایتە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنن، ڕیپۆرتاژێکی نوێ واپیشـان دەدات کـەژنان لـە بەکارهێنانی (ئینتەرنێت)دا بە کاتێکی زیاتر بەنزیکەی لـە ٣٠٪ لـە (پیـاوان) بەسەر دەبەن بە پێی ڕیپۆرتاژەکـە بـە شـێوەیەکی تێکڕایـی ئافرەتـان مانگانـە کاتێکی زۆر لەسەر (ئینتەرنێت) بەسەر دەبەن کە نزیکەی ٢٤، ٨ لە بەرامبەر ٢٢، ٩ کاتژمێری پیاواندا.

سەبارەت بە بەکارهێنانی سایت و تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا، جیاوازییـەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا " لەم بارەیشەوە ڕیپۆرتاژەکە ئـەوەی نیشـانداوە کە نزیکەی ٥٦٪ ی ئافرەتانی پێگەیشتوو دەڵێن کە ئەوان (ئینتــەرنێت) بـەکار دەهێنن بۆ مانەوەی پەیوەندییان لەگەڵ کوڕانـدا بـە مەبەسـتی دڵـداری و کـات بەسەر بردن، ئـەوە لەبەرامبــەر (لـە ٤٦٪)ی پیـاوانی پێگەیشـتوو بـۆ هـەمان مەبەست زۆر بەداخەوە زۆربـەی مسـوڵمانان وادەزانـن پێشـکەوتن و زانسـت و مەعریفەت ئەوەیە لە هەموو شتێکدا شوێنی بێ باوەڕو بـێ دینـەکان بکـەویت، بەڵام بەداخەوە هەرگیز وانییە چونکە ئەوان هەموو غەمێکیان بۆ ئەم دونیایەیـە چونکە باش دەزانن ئەو دونیایان لەدەست چووە، بەڵام تۆ موسڵمانیت و بە تەمای بەهەشتی . ئەی بۆ کارێك ناکەی تاکو پێی بچیتە بەهەشـتەوە، بـۆ کـارێکی وا

دەکەیت کەوا خۆت وەکو ئـەوان لیٚ بکـەیت و بسـت بـە بسـت لاسـایی ئـەوان دەکەیتەوە، لە هەرچیەك لە خراپە کـە ئـەوان ئـەنجامی بـدەن بـەڵاّم نـەك هـەر موسڵمانان سوود لەپێشکەوتنەکانی دونیایی ئەوان وەرنـاگرن، بـەڵکو چ شـتێك زەرەروو زیانی بۆ کۆمەڵگەی موسڵمانان و دیـن و ئیمـانی موسـڵمانان هـەبێت ئەوەیان لیٚ وە فێردەبن، وەخۆشمان ئەمـە زۆر بـەجوانی دەبیـنین و هەسـتی پـیٚ دەکەین کەوا چۆن لاسایی کافران دەکەینەوە جا بۆیە زۆربەی موسڵمانان چاو لـەم بیٚ دینانە دەکەن و بست بە بست شوێنیان دەکەون !!!

هەروەکو پێغەمبەری خۆشەویست (صـلی الله علیـه وسـلم) لـە فەرموودەیـەکی (صحیح)دا فەرموویەتی { وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَتَتَّبِعُنَّ سُنَنَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ شِـبْرًا بِشِبْرٍ وَذِرَاعًا بِذِرَاعٍ وَبَاعًا فَبَاعًا حَتَّى لَوْ دَخَلُوا جُحْرَ ضَبٍّ لَدَخَلْتُمُوهُ قَالُوا وَمَنْ هُمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَهْلُ الْكِتَابِ قَالَ: فَمَنْ }(41).

واتە: سوێند بەو خوایەی کە نەفسی منی بەدەستە ئێوە شوێنی قـەومانی پـێش خۆتان دەکەون بست بە بست و باڵ بە باڵ و پیٚ بە پیٚ هەتاکو ئەگەر بزن مـژۆك بچێتە کونی هێلانە کەیەوە ئێوەش دەچنە ژوورەوە لـە گەڵیـدا، صـەحابە وتیـان شوێنی کیٚ ئەهلی کیتاب یەهود و نەصارا؟

پێغەمبەر فەرمووی: ئەی کیٚ دەڵێم.

وە لە فەرموودەیەکی تـردا دەفـەرموێت: ئوممەتەکـەم شـوێنی (گـاورو یـەهود و نەصارا) دەکەون تا وای لیٚ دێت ئەگەر یەکێك لە ئەوان دایکی خۆی بهێنێتە بەر

---

(41) **صحيح الجامع (ج/٥ ص/١٠١/٥٣١٠). مسند إمام أحمد برقم (٨٣٤٠). وفي لفظ آخر من مسلم (لَتَتَّبِعُنَّ).**

چاوی خەڵکی و زینای لەگەڵدا بکات ئەوانیش بە هەمان شێوە زینا لەگەڵ دایکی خۆیان دەکەن.

خوای گەورە بمانپارێزێت بە ڕاستی لە ڕۆژگاری ئێستاماندا کچان و کوڕانمان و خوشکان و دایکانمان شوێنی ئەو کافرو بێ دینانە کەوتوونە ئەگەر لە هەموو شتێکیشیاندا نەبێت بەلایەنی کەمەوە شوێنی نیوەی ئەو کارە ناشەرعیانەی ئەوان کەوتوون کە خوای گەورە پێی ناخۆشە، خوای گەورە بمانپارێزێت، کەواتە ئەی خوشکی موسڵمان ئەی برای موسڵمانم ئەو کافرو بێ دینانە وازیان لە قیامەتی خۆیان هێناوەو هەوڵی بۆ نادەن بۆیە خۆیان سەرقاڵی (ئینتەرنێت و فەیسبووك)کردووەو کام شتەی خوا پێی

ناخۆشە ئەنجامی دەدەن، وە ئەشیانەوێت تۆی موسڵمانیش وەك خۆیان لێ بکەن ! بۆیە وریابە ئەگەر شوێنیان بکەویت ئەوا لە ئوممەتی ئیسلام نابیت ! پێغەمبەری خۆشەویست (صلى الله عليه وسلم)

لە فەرموودەیەکی (صحیح)دا فەرموویەتی: { ليس منا من تشبه بغيرنا }[42].

واتە: لە ئێمە نییە ئەوەی خۆی بچوێنێ بە غەیری ئێمە.

هەر بۆیە دایکان و باوکان بەرپرسیارییەتیەکی زۆر گەورەیان لەسەر شانە لەپەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا، نابێت منداڵ کاتێك ژووری تایبەتی بۆ جیادەکرێتەوە فەرامۆش بکرێن ڕاستە ئەم دایك و باوکە پەروەردەیەکی لاشەیی بەمنداڵەکانیان دەبەخشن بەوەی ناهێڵن لەهیچی کەم بێت، بەڵام بیریشمان نەچێت لایەنی رووحی منداڵ زۆر لەپێشترو گرنگترە وەك لەلایەنی جەستەیی، ئەم

(42) **السلسلة الصحيحة** (ج/٥–ص/١٩٣). **إرواء الغليل للألباني** (ج/٥–ص/١١١).

منالآنە نابێت فەرامۆش بکرێت، کاتێك ئەم مندالآنە داوای (کۆمپیوتەرو ئینتەر نێت) لە دایك و باوکییان دەکەن چۆن یەکسەر بەدەم داواکەیانەوە دەچن بۆ کڕینی پێداویستییەکانیان وایش پێویستە ئاگاداری مندالـەکانیان بـن بـزانن چـۆن ئـەم ئامێرە خەتەرناکە بەکار ئەهێنن ئایا لە کاری باش و بەسوودا بـەکاری ئـەهێنن یاخود لەکاری ناشیاوو بێسوود بەکاری ئەهێنن، بەلآم بەداخەوە زۆر لـەدایکان و باوکان لە سەتا ٪ ١٠٠ پێنجیـان 5 ئـاوڕ لەمندالـەکانیان نادەنـەوە بگـرە زۆر شانازیش دەکات دەلێت منالی من ڕۆشنبیرو شارەزاو موسەققەفە !! ئاخر دایك و باوکی شیرینم ڕۆشنبیری مندال لەئیسلامدا هیچ ڕیگرییەکی لێ نـەگیراوە بـەلآم دەبێت موراعاتی ئەوەش بکرێـت کەئـەم مندالـە ئـەم ئـامێرە بـەخراپ بـەکار نەهێنێت و بەردەوام خۆی خەریك نەکات پێوەی، وە بائەوەش نەوترێت مندالەکانم گەورە بوونەو ئینتەرنێت بەخراپ بەکار ناهێنن یـاخود جـارێ منـدالـەو نازانێـت بەخراپ بەکاری بێنێت چونکە شەیتان منـال و بچـووك نازانێـت، شـەیتان یـەك هەدەف و ئامانجی هەیە ئەویش گومڕاکردنی ئینسانەکانە بە هەر نرخێك بێت، بە ڕاسـتی ئینتـەرنێتیش یەکێکـە لـەو ئامێرانـەی کـە ئاسـانترین وەسـیلەیە بـۆ گومڕابوونی خەلکی لەلایەن شەیتانەوە، لە یـەکێك لـە (مالپـەڕەکان)دا لەسـەر منالآنی ڕۆژئاوا ئەوە سەلمێندراوە کەزۆربەی منالآن فێـری زینـاو داوێـن پیسـی بوونە هـەموو هۆکارەکـەی ئـەو سـایتە ڕاسـتەوخۆیانەن کـە ڕاسـتەوخۆ فیلمـە سێکسیەکان پەخش دەکەن، ئەمەش دەر ئەنجامی خراپی (ئینتەرنێت)ە !!! بۆیـە وتەیەك هەیە زۆرجوان وتراوە (گەورە ئاو ئەڕشێنێت بچووك پێی تێ ئەخشێنێت

بۆیه بێرەوشتی لەناو خەڵکیدا بەڕادەیەك بڵاو بۆتەوه كه دایك و باوك هیچ حسابێكیان بۆ ناكرێت بگره هەندێك جار دایك و باوك هاندەره بۆ لەناو چوونی ڕۆڵه كانیان، كاتێك دەبینین ئەم منداڵانه هەر به جۆرێك خولیای (ئینتەرنێت)و سایته خراپەكان بووه هەرچی نابەجێ یی و خراپەكارییەك هەیه ئەم خەڵكه فێری بووه دەبینین ئەوانەی دەیانەوێت لەژێر پەردەی پێشكەوتن و زانست چ گورزێكیان وەشاندووه بەڵام خۆمان هەستی پێ ناكەین كاتێك دەبینین هەر كەسەو بەشداره له سایتێك لەسایتەكاندا ئەمه سایتی فڵانه گۆرانی بێژەو ئەمه سایتی فڵانه ئەكتەرەو ئەمه سایتی فڵانه یاریزانەو ئەمه سایتی فڵان و فڵان .... كه ئەوەنده خۆشەویستی بۆ ئەم شەخسانه هەیه كه ئەم سایتانه ئیدیعایان بۆ دەكات كاتێك ئەم ئەكتەرانه شتێك دەكەن یەكسەر ئەم كەسه داماوانه لاسایی دەكەنەوه بیر ناكەنەوه ئایا ئەم شتەی ئەم دەیكات سودو قازانجی تێدایه یان نا بەڵام بەداخەوه سودو قازانج لەقامووسی خەڵكدا نییه !! بەڵام پێغەمبەری خۆشەویست دەفەرمووێت: وروى أبو داود { من تشبه بقوم فهو منهم }[43].

واته: هەر كەسیك خۆی بچوێنێت بەهەر نەتەوەیەك ئەوه لەوانه.

جا ئەگەر حەز دەكەیت لەگەڵ فڵانه گۆرانی بێژ یاخود فڵانه ئەكتەر بچیت كه پەنا دەگرین بەخوا هەندێك جار ئەم ئەكتەرانه بێدینن و لەسەر دینی یەهودو نەساران ئەوه زۆر باش بزانه هەر لەگەڵ ئەودا له ڕۆژی قیامەتدا حەشر دەكرێی، جا با ئاگاداری كوڕان و كچان وخوشكانمان بین بزانین كاتێك دەچنه سەر ئینتەرنێت بزانین خۆیان بەچییەوه خەریك دەكەن و له كام ماڵپەڕانەدا بەشدارن

(43) **سلسلة الأحاديث الصحيحة** (ج/١-ص/٣٩٠).

ئایا لەو ماڵپەرانەدا بەشدارن كەسوودی هەیە بۆیان یاخود لەو سایتانەدان كە (سایتی هەست بزوێن و فاحیشەو ئەخلاق ڕوخێنەرن) ئەگەر تەماشای كەسانی زاناو شارەزا بكەین دەبینین چەندە كات بە پێزو گەورە دەزانن دەبینین بەردەوام كاتەكانیان بەشتی بەسوودو باش تێدە پەڕێنن و نرخی كاتیان ئەوەندە لەلا گرنگە ئەگەر بێت و كەمێك لەساتەكانی تەمەنیان بە شتی بێسوود بەسەر بەرن زۆر پەشیمانی دەردەبڕن و خەفەتی زۆری بۆ دەخۆن، بەڵام چەندەها كەس هەن نەك هەندێك لە ساتەكانی تەمەنیان بگرە هەموو تەمەنیان بەشتی بێسودو بێ بنەما بەسەر دەبەن، بەڵام باش بزانین یەكەم شتێك كەخوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا لێ پرسینەوەی لەسەر دەكات كاتەكانی تەمەنیەتی، خوای گەورە لێی دەپرسێت ئەو تەمەنەی پێتم دا لە چیدا سەرفت كرد، ئایە لەوەڵامدا دەڵێی زۆربەی كاتەكانم بە خۆ خەریكردن بە (ئینتەرنێت)ەوە و بەگەڕان بەسایتە خراپ و بێسوودەكان بەسەر برد! بێگومان ئەم وەڵامە هەرگیز دەربازت ناكات لە سزای سەختی خوای گەورە.

{لا تزول قدما عبد يوم القيامة حتى يسأل عن أربع عن عمره فيما أفناه وعن علمه ما عمل به وعن ماله من أين اكتسبه وفيما أنفقه وعن جسمه فيما أبلاه}(44).

واتە: دوو پێی هیچ كەسێك لە جێی خۆی نا جولێت لە ڕۆژی دواییدا هەتاكو پرسیاری چوار شتی لێ نەكرێت: ئەو تەمەنەی كەهەت بوو لە چیدا تەواوت كرد؟ ئەو زانستەی كەهەت بوو چۆن كارت پێكرد؟ ئەو ماڵەی كەهەت بوو چۆن پەیدات كرد؟ وەلە چیدا بەخشیت؟ وە ئەو جسم و لەشەت لە چیدا تەواو كرد؟

(44) صحيح الترغيب والترهيب (ج/٣-ص/٢٢٧).

ئەوەی دەبێتە هۆی یارمەتی بۆ دەربازبوون لەفیتنەی (ئینتەرنێت) ئەوەیە کە لە سەر خاوەن عەقڵ پێویستە کە لە ئایندە بڕوانێت بەوەی کە زاڵبێت بەسەر نەفسی خۆیدا، وە نەفسی تێکەڵ بەتەقوا بکات.

## الرابع: النظر في العواقب.

تێڕوانین لەئایندە.

قال ابن الجوزي: (رحمه الله) { باللّه عليك يا مرفوع القدر بالتقوى لا تبع عزها بذل المعاصي، وصابر عطش الهوى في هجير المشتهى وإن أمضَّ وأرمض ـــ يعني وإن آلم وأحرق }.

واتە: توخوا ئەی ئەو کەسەی کەپلەو پایەت بەرزەوە بووە بەهۆی (تەقواوە)(45) سەربەرزیت مەفرۆشە سەرشۆڕی بەهۆی تاوانەوە، ئارام بگرە لەسەر تونێتی هەواو ئارەزوو هەروەکو چۆن تونوێتی لەگەرمای نیوەڕۆدا ئازارت پێ دەگەنێتو دەتسوتێنێت هەیە, ئەگەر گەیشتە ئەو ڕادەیە هەر ئارام بگرە .

بۆیە پێویستە بەردەوام بەئاگابین سەربەرزیی و شکۆیی خۆمان نەگۆڕینەوە بۆ شتێکی بێ نرخ، چونکە کەسی واهەیە بەهۆی (ئینتەرنێت)ەوە نەفس و گەورەیی خۆی لەدەست داوە بەهۆی ئەوەی بیری لەدەر ئەنجامەکەی نەکردۆتەوە کەچۆن زەلیل دەبێت بۆیە ئەگەر بێت و ئەو کەسە بیر لە داهاتووی خۆی نەکاتەوەو نەڕوانێت لە فیتنەی ئەو ئامێرە ئەوا لەخشتەی دەبات ئەگەر بێت و بیر لەدەرئەنجامی خراپەی (ئینتەرنێت) نەکاتەوە هەر بۆیە پێویستە بەردەوام بە

---

(45) **تەقوا/ بە مانای خۆپارێزی و لەخواترسانە لە ئاشکرایی و پەنهانی و نهێنی دا.**

ئاگابێت و بەهێمنانە ڕەفتار لەگەڵ ئەو ئامێرەدا بكاتو نەكەوێتە داوی شەیتانەوە، باش بەكارهێنانیش بەوە دەبێت بەردەوام لەكاری باش و بەسوودا بەكاری بهێنێت بۆ مەبەستی فیتنەو ئاژاوەگێڕی بەكاری نەهێنێت، یاخود خەڵكی بێزار بكات یاخود ئەو سایتانە بكاتەوە كە زەرەرو زیانێكی زۆریان لە كۆمەڵگە داوەو بۆنەتە هۆی ماڵوێرانی بۆ گەنجان، یاخود هەموو كاتەكانی تەمەنی لەگەڵ خەڵكانێك بەسەر بەرێت لە تۆڕەكانی (ئینتەرنێت)كە ئەوجۆرە كەسانە بەردەوام بیرلە شەهەوات دەكەنەوەو سایتی رووت و هەست بزوێن بۆ یەكتری دەنێرن و گرتەی ڤیدیۆیی سێكس و ڕەسمی ئافرەتانێك كە بێ ڕەوشت و داوێن پیسن بۆ یەكتری دەنێرن كەئەمەش زەرەرو زیانێكی زۆری بۆ گەنج هەیە ئەگەر بێت و بیر لەدەرئەنجامەكەی بكرێتەوە، هەر بۆیە ئەگەر بێت و بیر لەدەرئەنجام نەكرێتەوەو (هەواو ئارەزووەكانمان زاڵ بوو بەسەرماندا ئەوكاتە ئەو ڕووداوانە بەسەرمانا دێت كەبەسەر ئەو كەسانەدا هاتووە بەهۆی خراپ بەكارهێنانی (ئینتەرنێت) ەوە كە ئاییندەیان تاڵ و ژەهراوی بووە.....

ئەمەش ڕووداوی ئەو كچەی كە بە هۆی (چاتی ــ یاهوو مێسینجەر)ەوە تووشی هەڵە بوو بە نەزانین و هەڵخەڵەتاندن و درۆوە تووشی بوو ......

## كچی مەسنجەر (چات كردن)[46]:

---

(46) قوربانیەكانی خۆشەویستی.

من كچـێكم وه لەئەوپـەڕی گەنجێتیـدام ئینتـەرنێت بـەكادەهێنم وەكـو هـەموو كچێكی تر جارێك لـەجاران كەسـێكم هێنایـە مەسـنجەرەكەم (ماڵپـەڕی چـات كردن)، وەلەگەڵ ڕۆژگاردا زۆرم خۆشدەویسـت وەزۆر بـێ تاقـەت دەبـووم ئەگـەر ڕۆژێك گفتوگۆم لەگەڵ نەكردایە، ئێوە هەست بەوەناكەن كـە مـن چـەند خۆشـم دەویست، وە زۆركات داوای لێم ئەكرد كە بە تەلەفۆن قسـەی لەگەڵـدا بكـەم وە منیش بەتوندی داواكەیم ڕەت ئەكردەوە وەزۆر هەوڵی دا قسەی لەگەڵدا بكەم بـە (تەلەفۆن) بەلاّم لەبەر ئەوەی من مرۆڤێكی جێی متمانەی هەمووان بووم ئەمـەم ڕەتكردەوە، وە بڕوام نەبوو كە پەیوەندیەك هەبێ لەگـەڵ گەنجێكـدا تەنانـەت لـە (مەسنجەری) ئینتەرنێتیشەوە بێت، پەیوەندی نێوەمان نزیكەی مانگێكی خایانـد وەمن مەسنجەرەكەی ئەوم خستەپاڵ مەسنجەرەكەی خۆم وە ئەو نەیدەزانی ئەمە خوشكمە، وەڕۆژێـك لـەڕۆژان پچـڕا لەگەڵمـداو قسـەی لەگـەڵما نـەكرد زیـاتر لەهەفتەیەك .... زۆر توڕەبووم لەوكاتەدا بەلاّم كە گەڕایەوە بڕوام نەكرد، چونكە گومانم دەبرد كەوازم لێ بهێنێت، وەمن لەو ماوەیەدا سووربووم لەسەر وازهێنـان لێی، بەلاّم ئەو هەندێ قسەی نەرم ونیانی بۆ كردم كە وای لێكردم زیـاتر پێـوەی ببەسترێمەوە وە لەكۆتایی قسەكانمان لەو ڕۆژەدا داوای لێكردم بەتەلـەفۆن قسـەی لەگەڵ بكەم، وەمن داواكارییەكەیم ڕەتكردەوە، وە دوای ڕۆژێـك مەسـنجەرەكەم كردەوەو لەوێش بوو بەلاّم وەلاّمی نەدامـەوە وە ناچـاربووم كـە مەسـنجەرەكەی تایبەت بەخوشكەكەم بكەمەوە, هەر لەوكاتەدا بینیم كەوا دەسـتی كـردووە بـە دواندن و داوای (تعارف) ناسینم لێ دەكات لەوساتەدا هەستم بەناپاكی ئەو گەنجە ئەكرد، وەگفتوگۆم لەگەڵیدا تەواوكرد، وە ئـەو نـازانێ كـە مـن كـێم وە پاشـان

له‌مه‌سنجه‌ره‌كه‌ی خۆمه‌وه قسه‌م له‌گه‌ڵیدا كردەوەو وه دوای ده‌رچوونم وه ئه‌و نازانێ كه‌من بووم له‌شوێن و مه‌وقعێكی دیكه‌وه قسه‌م له‌گه‌ڵیدا كردووه، رێنموونیم بكه‌ن بۆ رێی ڕاست خوا پاداشتی چاكه‌تان باته‌وه.

وه‌ڵام: ئه‌و پرسیاره‌ی له‌مێشكمدا جێگیربوو ڕاسته‌وخۆ له‌كاتی خوێندنه‌وه‌ی نموونه‌ی ئه‌م كێشه‌یه‌دا ئه‌وه‌یه: بۆچی ئه‌م كه‌سه‌ت وه‌رگرت له‌ناو مه‌سنجه‌ره‌كه‌ت دا؟

تۆ خۆت ده‌رباره‌ی خۆت ده‌ڵێیت: (من كه‌سێكم جێی متمانه‌ی هه‌موانم)، وه سووربوونت له‌سه‌ر ڕه‌تكردنه‌وه‌ی قسه‌كردن له‌گه‌ڵیدا به‌ته‌له‌فۆن به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر زیره‌كی تۆ، و سووربوونت له‌سه‌ر پاراستنی ئه‌و متمانه‌یه‌ی كه به تۆ به‌خشراوه كه تۆی پێ ته‌ماشا ئه‌كرێت، وه من جارێكی تر ئه‌گه‌ڕێمه‌وه بۆ سه‌ر پرسیاره‌كه‌ی پێشووم: بۆچی ئه‌و كه‌سه‌ت هێنایه (مه‌سنجه‌ر)؟ له‌وانه‌یه بڵێی: به‌بێ هوده هێنامه ناویه‌وه به‌بێ هیچ مه‌به‌ستێك به‌ڵام من باوه‌ڕم ناكه‌م وه وه‌ڵامت ده‌ده‌مه‌وه به‌وه‌ی كه تۆش وه‌كو هه‌ر كچێك به‌دوای كه‌سێكدا ده‌گه‌ڕێیت كه په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵدا دابنێیت وه‌كو هاوسه‌رو واده‌بینیت كه كۆمه‌ڵه پاڵنه‌رێكی ناوه‌كی له‌ناختدا ڕات ده‌كێشن بۆ ئه‌وه‌ی قسه له‌گه‌ڵ كوڕدا بكه‌یت وه هه‌ست به‌هه‌مان شت ناكه‌یت كاتێك له‌گه‌ڵ كچێكدا قسه ده‌كه‌یت.

وه ئه‌مه شتێكی زۆر ئاساییه، چونكه ژیان به‌وه پڕده‌بێته‌وه‌و مانادار ده‌بێت كه‌ژن و پیاو به‌یه‌كه‌وه بن، وه به‌وه‌ش جوان و ڕازاوه ده‌بێت، به‌ڵام كاتێك ئه‌مه ڕوو ده‌دات له‌ده‌ره‌وه‌ی بازنه‌ی هاوسه‌رگیری، ئه‌وه ته‌نها بۆ پڕكردنه‌وه‌ی ئاره‌زووه ده‌روونیه‌كانه، پاشان ئافره‌ته‌كه به‌جێ ده‌هێڵێت به‌ده‌ردو ئازاری خۆیه‌وه‌و له‌وانه‌یه

ئافرەتەکە بمرێت و هێشتا ئەو شتە بەسەریەوە دەمێنێتــەوەو ناسـڕێتەوە، وە ئــەو ئافرەتەی کەوا شوو دەکات زۆر شتی ژیـانی هاوسـەرداری لەدەسـت دەدات کـە چاوەڕوان بوو بۆی .. !!

خوشکی بەڕێزم کاتێك کچـێك بـیر لــەکوڕێك دەکاتــەوە، کاتێـك خـەونی پێــوە دەبینێت بەڵکو کاتێك لەمێشکیدا دەبێت کەسێتی کوڕێکی دیـاریکراو: ئەمانــە هەموویان شتێکی ئاسایین، چونکە ئەو خەونانە زوو دەڕۆن، وە لەوانەیە ماوەیەك لەلای بمێنێت، بەلاّم ڕووداوەکانی ڕۆژانەی ژیان لــەبیری دەبەنــەوەو دەیشـارنەوە، بەلاّم ئەم کارە نا ئاسایی دەبێت کاتێك کە کچ لەهەوڵی ئــەوەدا بێـت چـۆن ئــەم خەوانــەی بکـات بــە شــتێکی ڕاســتەقینە لەژیانیــدا، بۆیــە پەیوەنـدی دەکـات بەگەنجێکەوە لەیەکێك لە ڕێگەکانی پەیوەندی کردنەوە (ئینتەرنێت ـــ تەلــەفۆن ....) و ئەم کارە زۆر خراپ دەبێت کاتێك کچەکە بەدەم ئەو شتانەوە دەچێت بۆی داڕێژراوە تاوەکو بکەوێتە داوەکەوە!

خوشکی بەڕێز: ئایا دەتــوانم پێــت بڵــێم کــەوا تــۆ ئــەو داوەی بــۆت داڕێــژرابوو بەدەمیەوە چوویتەو چێژت لێی کردووە، بەلاّم زیرەکیەکـەت وای لــێ کـردی کـە نەیهێشت بکەویتە ئەو داوەی کە بۆت نرابۆوە، بزانە کە تۆ ئەو کەسەت وەرگرت و هێناتە لای خۆت ... وە ئەمەش هەوڵێکە بۆ گـۆڕینی خەونــەکانت لــە شــۆڕە سواری خەونەوە (فارس الاحلام) بۆ ڕاستی و حەقیقەت..

وە لەیادت نەچێت کە تۆ ئەو کەسە ناناسیت .. بۆیە پێی دەڵێم (کەس) و نــاڵێم (گەنج) !! وە پاشان لەوانەیە هیچ شتێك نەزانی دەربارەی ئەو: وە ئەوەی سەرنجی

تۆی ڕاكێشاوەو پێی سەرسام بوویت تەنها كۆمەڵێك پیتی ڕێكخراوە بەدەم یەكەوە كە لەیانەیەكدا ڕێكدەخرێت.

ئاگاداربە جارێكی تر: تۆ دەربارەی ئەو دەڵێیت (لەگەڵ ڕۆژگاردا زۆر خۆشم ویست)، وە لەدوای ئەمەش دەڵێیت: (زۆر بێتاقەت و بێزار دەبووم گەر ڕۆژێك بڕوا و قسەی لەگەڵدا نەكەم، وە ئێوە نازانن كە چەندم خۆش ئەوێت)

خوشكی بەڕێزم پرسیارت لێدەكەم ئەی كچی ژیر و زیرەك؟؟ ئەو پاڵنەرانە چی بوون لەپشت ئەم خۆشەویستیە (شێتانەیەوە)؟ ئایا بەتەنها قسەكردن و گفتوگۆ (لە ماسنجەرەوە) ئەم هەست و سۆزەی بۆ دروست كردی؟ وە ئەوەی ڕاستیە ئەو كەسە زۆر لێزانانەو خاوەن ئەزموونانە زۆر بەباشی توانیویەتی كە چۆن ئەو هەست و سۆزە لای تۆ دروست بكات؟!

بەلاّم زۆر بەداخەوە ئەو خۆشەویستیەی (كە ئێمە هەستی پێ ناكەین وەك تۆ دەی لێیێت) ڕەگ و ڕیشەی (چەند وتەیەك) بووە با هەر ئاستێكی هەبێت لە ڕەوانبێژیدا ..... ئایا ڕاستە – خوشكی بەڕێز- كە كچ ئەگەر چی زۆر زیرەك و ژیریش بێت (هەر دەكەوێتە ناو ئەو داوەی كە بۆی دانراوە) كاتێك گەنجێكی لێزان چەند وتەیەك ڕێكدەخات و هەر دەیلێێتەوە .....

كوڕە گەنجەكان باسی ئەوەدەكەن كە باشترین ڕێگا بۆ دەستەمۆكردنی كچان و ڕاوكردنیان زیادەڕەوی كردنە لە پیا هەڵدانیاندا!! وە دەربڕینی تینی خۆشەویستیە لەدەروونیدا بۆی، وە ئەم جۆرە وتانە وا لەكچ دەكات بیرو هۆشی نەمێنی و چاوەكانی بنوقێنی بەداخەوە بەبێ هۆش و بیرو پەی پێ بردنێك !!

پێم بڵێ خوشکی بەڕێز ئایا تۆ لەسەر شاشەی ئامێرەکەت هیچ جۆرەو وتەیەکی ترت بینیوە بێجگە لەم جۆرە وتانە؟! پاشان تێبینی ئەو ماوەیە بکە کە لەنێوان کچێکدا هەیە (کە تۆ) دەڵێیت دەربارەی خۆت (بڕوام نەبوو ڕۆژێك لەڕۆژان من پەیوەندیم هەبێ لەگەڵ گەنجێکدا تەنانەت لە (مەسنجەریشدا)!!

وە لەنێوان کچێکدا (کە هەر تۆی دووبارە) دەربارەی خۆت دەڵێیت: (زۆر بێزارو بێتاقەت دەبووم گەر ڕۆژێك بڕواو قسەی لەگەڵ نەکەم، ئێوە هەست ناکەن کە من چەندم خۆش دەوێ) وە ئەوەی کە وای لێت کرد کە پێشبینی ئەو بکەیت لە نێوان تۆ و هەر گەنجێك هیچ جۆرە هیچ پەیوەندیەك بەهەر شێوەیەك بێت دروست بێت، وە ئەوەبوو کە تۆ ئامانجەکانی ئەو جۆرە پەیوەندیانەت دەزانی وە لەوانەیە کە گوێ گردنت بووبێ لە هەواڵی ئەوانەی بوونەتە قوربانی بۆ ئەم جۆرە پەیوەندیانە کە لەسەرەتادا زۆر بێتاوانانە بە دەردەکەون، وە ئەوەی کە وای لێت کرد زۆر خۆشت بوێت، بریتیە لە پێویستی تۆ بۆ خۆشەویستی، وە بەتوانایی ئەو کوڕە بوو کە وا خۆی نیشان بدات کە تۆی خۆشت دەوێت و شێت و عەودالی تۆیە و بۆت سووتاوە ... ئەو بەتواناییە بوو کە وا پەردەی لەسەر بیرو هۆشی تۆدا هێنابوو کەچی ژیری و بیروهۆشی تۆ بەتەواوی دانەپۆشرابوو، وە ئەوەتا بۆ هەموو جۆرە پەیوەندی کردنێك پێوەی ڕەت دەکەیتەوە بە تەلەفۆن، چونکە هەست بە ئاکامە خراپەکانمان دەکەین.

خوشکی بەڕێز: زۆر سەرت سوڕماوە لەو جیاوازییەی کە تۆ پێی هەڵدەستیت ... و لەوانەشە هەستت پێ نەکردبێ کاتێك بەناو خۆشەویستێکی نادیار لەدەرگای دڵت دەدات چەند وتەیەك و گفتوگۆیەك لەماوەی مانگێکدا، وەتۆش هەردوو

دەرگاکەی بۆ دەخەیتە سەر پشت وە ئەوکەسە نادیارەی کە لەدەرگای دڵـتی داوە زۆر دڵخۆشە بەوەی کە هەست دەکات تەڵەکەبازیەکـەی خەریکـە سـەر دەگرێـت بۆیە داوای قسەکردنت لەگەڵدا دەکات بەتەلەفۆن چونکە تەڵەکەبازیەکـەی کـاری خۆی کرد، هەستت بە خۆشەویستی کرد بەرامبەر ئەو کەسە، هەستی خۆتت بـۆ دەربڕی بەوتەی نوسراو، پاشان لەهەوڵی ئەوەدایـە کـە چـۆن داوی کۆتاییـت بـۆ بنێتەوەو بەپێیەکانی خۆت بتباتە ناوی !!

وە ئەو خۆشەویستە بەردەوام سـەرۆکایەتی شـەڕێك دەکـات لـەنێوان گەڕانـەوەو پەلاماردان دا بۆیە پێویستی بەڕاهێنان و مەشق کردنە تا لەکۆتاییدا پیلانەکـەی بهێنێتە دی، هەر بۆیە تۆش وازهێنانی خۆتت ئاشکرا کرد ئەو کاتـەی کـە وازی لیٚ هێنای بۆ ماوەی یەك هەفتەو سووربووی لەسەر وازهێنان لێی ...

بەڵاّم ئەو ئەمەی نەویست، ئـەبینی کـە گەڕایـەوەو ئـەمجارە بەشـێوەیەکی تـر و فێلێکی ترەوە کە خۆت بەوە دەری دەبڕیت کە دەڵێیت: (چـەند قسـەیەکی نـەرم ونیانی بۆ کردم و زیاتر پەیوەست بووم پێوەی) وەمن جارێکی تر یادت دەخەمەوە کە ئەم کارە هەمووی (قسەیە) لەسەر (قسە) وە ئـەو بـەلای تـۆوە وەکـو سـحر بازێك وایە بە چەند فێڵێکی سیحراویەوە ... دەبینیت پاش ئەوەی تۆی دەستەمۆ کردووە دەگەڕێتەوە بۆسەر داواکارییەکەی یەکەمی ئـەویش قسـەکردنە لەگـەڵت بەتەلەفۆن .

خوشکی بەڕێزم:

ئەگەر یەکێك پێی ووتی کە ئەم کەسە تۆ لەگەڵیدا لە ئەزمووندای، خۆشەویستی خۆی بۆ یەکێکی تر جگە لەتۆ دەربڕیوە ئەوە تۆ دەت ووت – لـەژێر کاریگـەری

ووته سحريەکانیدا – ئەمە ڕاست نیەو نەگونجاوە، بەلاّم ئەوەتا خۆت ئەمەت ئاشکرا کردوو لەماڵی خۆتاندا کاتێك کە لەگەڵیدا لەئامێری خوشکەکەتەوە چاتت لەگەڵی کرد وەك ئەوەی کە تۆ نێچیرێکی تری...

خوشکی بەڕێزم:

ئایا ڕاستە تۆ تاوەکو ئێستا بڕوات وایە کە ئەو خۆشی دەوێیت؟ وەمن – هەرچەندە پرسیارەکەی لەبەردەستم دایە – بڕوام نیە کە تۆ تا ئێستا بڕوات وابێت؟؟

خوشکی بەڕێز:

سوپاسی خواکەت بکە کە تۆ بە پشتیوانی خوای گەورە، قسەکردنی تەلەفۆنت لەگەڵیدا ڕەت کردۆتەوە وەمتمانەت هەبێت کە ئەم کارەی لەگەڵ دەیەها کچی تر کردووە وەك چۆن لەگەڵ تۆدا کردوویەتی ... وە ئەو وشانەی کە تۆی پێ دەستەمۆکردووە وەکو کردوویەتی بەخۆراکی گیانت کۆمەڵە وشەیەکن زۆر بەبێ زاری و بێ گیانی ئەینوسێت لەبەر زۆری دووبارە کردنەوەیان ... وە لەوانەیە لەپشتی ئامێرەکەیەوە (کۆمپیوتەرەکەیەوە) زمانی دەرهێنابێت، کاتێك هەست بە وتەکانی خۆی دەکات لە (مەسنجەر) دا وەسەری لە وتەکانی خۆی سوڕماوە کەوا تیایدا هەست بە خۆشەویستیەکی زۆر دەکات کە بەسەر دەروونیدا زاڵە !!

لە کۆتاییدا: تۆ داوای ڕاوێژی منت کردووە .... خێراکە بۆ سڕینەوەی لە (مەسنجەر)ەکەتدا لەپێش ئەوەدا سڕینەوەی ئەو کوڕە لە دڵت دا ... بە ئومێدی ئەوەی کە ئەم ڕووداوە خۆراکێك و چێژێك بێت بۆ زیاتر خۆپاراستنت لەم داوانەی کە بۆت نراوەتەوە لە خاوەنەکانیان ... و خوای گەورە ڕێنمونیت بکات بۆ هەموو

چاكەیەك و بتپارێزێت لە هەموو خراپەیەك، وە وات لێبكات بینا بیت بەوەی كە چاكە.

ئەم چیرۆكانە لە لایەك و لە لایەكی كەوە بەلاَیەكی گـەورەتر ڕووی لـە (كچـان و گەنجانی) ئەم ولاَتە كردووە بە هۆی (دیـاری نـەكردنی كاتـە كانیانـەوە) لەسـەر (فەیسـبووك و ئینتـەرنێت) ئـەویش ئاسـتی نزمبوونـەوەی (زانسـت)و هـەوڵ و كۆششیانە بۆ بەرەو پێش چوونی كۆمەڵگاكانیان !!!!!!!

ئەگەر بێت و بڕوانینە ئاستی نزمی لەولاَتی خۆماندا دەبینین كـە ئاسـتێكی زۆر نزم و بگرە هەندێك جار هەر ئاست نییەو ئەزمەی بیَ عیلمیـە ئەمـەش بـەهۆی ئەوەوەیە كە گەنجان بەردەوام بیر لە تێركردنی ئارەزووەكانییـان دەكەنـەوە بەهـەر نرخێك بێت.

كە بەڕاستی زۆر بەئاشكراو ڕوونی دیارە كە لەزەمانێكدا زایانایانی ئـەم ئوممەتـە بەبیَ بوونی ئەم هەموو تەكنۆلۆجیایانە چۆن كەڵە پیاوانێكیـان لـیَ دەرچـووە وە بوونەتە نموونەی خەڵكی و پێشـەنگی ئـەم ئوممەتـە وە تەنانـەت بـیَ بـاوەڕانیش سوودیان لیَ بینیون . بۆیە خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

{ وَآَتَاكُمْ مِنْ كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا إِنَّ الْإِنْسَانَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ }(47).

واتە: لەهەموو ئەوشتانە كە داواتان كردووە پێی بەخشیون، خۆ ئەگەر بتانـەوێت نیعمەتەكانی خوا بژمێرن بۆتان ناژمێردرێـت بەڕاسـتی ئینسـانەكان سـتەمكارو سپڵەو بیَ باوەڕن.

---

(47) سورة إبراهيم: الآية 34.

بۆیە با شوکرانە بژێری خوای پەروەردگارمان بین بەڕاستی لەنازو نیعمەتێکی زۆر داین با هەوڵ دەین ئەم هەموو نیعمەتانە لەکاری باش و جواندا بەکاری بهێنین ئەوکات شوکرانەی ئەو نیعمەتەمان کردووە، بۆیە دەبێ ورەمان بەرزبێت وە لەئایندەی ئەم میللەتە بڕوانین بۆ چاکەو سەرفرازی، بۆیە ئەگەر بێت و ئێمە بەباشی ئەم نیعمەتانە بەکارنەهێنین ئەوە با لەوە دڵنیابین شەیتان لە خشتەی بردووین و لە ڕۆژی دواییشدا گاڵتەمان پێ دەکات و بە هانای ئەم جۆرە کەسانەوە نایات ! وەکو خوای گەورە دەفەرمووێت:

{ وَقَالَ الشَّيْطَانُ لَمَّا قُضِيَ الْأَمْرُ إِنَّ اللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ وَوَعَدْتُكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ وَمَا كَانَ لِي عَلَيْكُمْ مِنْ سُلْطَانٍ إِلَّا أَنْ دَعَوْتُكُمْ فَاسْتَجَبْتُمْ لِي فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوا أَنْفُسَكُمْ مَا أَنَا بِمُصْرِخِكُمْ وَمَا أَنْتُمْ بِمُصْرِخِيَّ إِنِّي كَفَرْتُ بِمَا أَشْرَكْتُمُونِ مِنْ قَبْلُ إِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ }(48).

واتە: کاتێك کە حوکم لە نێوان بەندەکان دەکرێت و ئەوەی بە هەشتییە بۆ بەهەشت و ئەوەی دۆزەخییە بۆ دۆزەخ، شەیتان لەناو ئاگری دۆزەخدا وتارێك بۆ ئەهلی جەهانمییەکان دەدات و دەڵێت: بێگومان خوای گەورە بەڵێنی ڕاست و دروستی پێدابوون کەبریتی بوو لە زیندوو کردنەوەو لێپرسینەوە و چوونە بەهەشت و چوونە ناو ئاگر وە من بە لێنم پێدان بەلام درۆم لەگەڵتان کردو نەم بردە سەر، وە من هیچ دەسەلاتێکم بەسەرتاندا نەبوو تەنها ئەوە نەبێت کەمن بانگم دەکردن بۆ گومڕایی، ئێوەش وەلامی منتان دایەوە، جا ئێستا لۆمەی من مەکەن بەڵکو لۆمەی خۆتان بکەن، چونکە من ناتوانم بێم بەهاناتانەوەو ڕزگارتان بکەم و

(48) سورة إبراهيم: الآية ٢٢.

ئێوەش ناتوانن بێن بە هانای منەوە، بەڕاستی من بێ باوەڕو سپڵە بووم بەوەی لە دونیادا منتان کردبوو بە هاوبەش بۆ خوای گەورە، وە ستەم کارانیش سزای بە ئێشیان دەدرێت.

الخامس: تجنب المثيرات.

خۆلادان لە شتە هەست جولێنەرەکان.

ئەوکەسەی (ئینتەرنێت) بەکاردەهێنێت ئەوشتەی کە دەیپارێزێت لەوکارانەی کەهەست جولێنەرە، ئەوەیە کە هەڵبێت لەو (سایت و منتدیاتانەی) کەسوك وڕیسواو ئابڕوبەرن، لەناو ئەو (سایت و منتدیاتانەدا) قسەی خراپ و بێ بنەماو هیچ دەوروژێنرێت، وە لەناو ئەو (مەقالەو گۆڤارانە)ی کە لەناویاندا بڵاو دەکرێتەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر(غەریزە)ی جنسی هەیە، لە تۆڕەکانی وەك (فەیسبووك، یۆتۆب، ئۆپێرا ..... هتد) جۆرەها ڕەسم و ڤیدیۆی ناشەرعی و ئابڕووبەر خراونەتە ڕوو هەر هەمووی بۆ لە خشتە بردنی (کچان و کوڕان)ی مسوڵمانانە، بە شێوازێك برەو بەو سایتانە دەدرێت بۆ خراپەکاری ئەگەر بێت و کەسێك بیەوێت لە کەناڵێکی وەکو (یۆتۆب)دا بەدوای (وتارێك ـ یاخود دەنگی قورئان خوێنێکدا بگەڕێ) لەگەڵ ئەو شتەی کە خۆی دەیەوێت، چەندەها فیلمی سێکس و ناشەرعی و چەندەها گۆرانی و ڕەسمی خراپ و هەست هەژێن دێتە سەر ئەو پەیجەی کە کردویەتی یەوە وای لێ هاتووە ڤیدیۆی هەست هەژێن و خراپ لەناو پەیجە (ئایینیەکان)دا بڵاو بۆتەوە لەو کەناڵانەی کەوا (قورئان و ـ وتار)ی تیادا بڵاوکراوەتەوە، زۆر زیاتر لەم شتە شەرعییانە شتی ناشەرعی تیادا بڵاوکراوەتەوە، هەموو ئامانجێکی ئەم کارە ناشەرعییانە بۆ ئەوەیە کە خەڵکی

تووشی بەدڕەوشتی ببن و تووشی (زیناو داوێن پیسی)یان بکەن، ئایا ئەم هەموو ئاسانکاری یانە بۆچی دەکرێت؟؟؟؟

ئایا ئەم ئاسانکارییانە بۆ ئەوە ناکرێت کەوا کۆمەڵگا بەرەو ڕوخان و نەمان ببرێت؟ ئایا ئەو کەسانەی کەوا بە ڕووکەش داوای ئازادی و پێشکەوتن دەکەن کە لەژێرەوە ژەهریان پێیەو هەستیش بە خۆمان ناکەین؟ ئایا ئەم جۆرە کەسانە دڵسۆزن؟ نە خێر: واللە ئەم کەسانە چۆن خۆیان لە ناخەوە داڕزاون بەهەمان شێوەش دەیانەوێت ئەو کەسانەی کە دوورن لە بێ ڕەوشتی و بێ ئەخلاقی و داوێن پیسی ئەمانیش وەك خۆیان لێ بکەن، زۆرن ئەو کەسانەی کەوا پێش ئەوەی ئەم شەیتانە کە ئینتەرنێتە بێتە ماڵەکەی ڕەوشت و ئەخلاقی زۆر پاك و سەلیم بووە بەڵام ئیستا خۆیان شایەتی دەدەن لەسەر خۆیان کەوا زۆر بەزەحمەت زاڵ دەبن بەسەر نەفسە شەیتانێ کەیانداو دەروونیان ڕوخاوەو بەردەوام غەریزەی جنسیان داوای کاری بێ شەرعیان لێ داوا دەکەن، بۆیە ئەی خوشکان و برایان وریابن لەم فیتنەیە کە ڕووی لێمان کردووە واللە ئەگەر کەسێك وریا نەبێت ئیللا ڕۆژێك دێت دەکەوێتە داوی شەیتانەوەو پەنجەی خۆت دەگەزیت ئەوکات لەپاش چی پەشیمان دەبیتەوە؟ ئایا ئەو کەسەی کەوا هاندەرە بۆ برەودانی ئەم فیتنەیە ئایا ئەو کەسەی کەوا یارمەتیت دەدات و پێت دەڵێت (ئینتەرنێت) بکڕەو بەردەوام بە گوێتدا دەدات کەوا پێشکەوتن بەوە دەبێت ئینتەرنێت بەکاربهێنیت و زانیاریت زیاد دەکات ئایا لەکاتی توش بوونت بە داوی شەیتانەوە بەفریات دێت نا واللە بگرە گاڵتەت پێدەکات و پێت پێ دەکەنێت، وە لە ڕۆژی دواییدا و لەناو ئاگری

جەهەننەم شەیتانیش بەرامبەرت دانیشتووەو سەیرت دەکات و پێت دەڵێت: وەکو خوای گەورە بۆمان باس دەکات چۆن شەیتان گاڵتەت پێدەکات و بەرییە لێت خوای گەورە دەفـەرموێت: { فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوا أَنْفُسَكُمْ مَا أَنَا بِمُصْرِخِكُمْ وَمَا أَنْتُمْ بِمُصْرِخِيَّ }(49).

واتە: جا ئێستا لۆمەی من مەکەن بەڵکو لۆمەی خۆتان بکەن، چونکە من ناتوانم بێم بەهاناتانەوەو ڕزگارتان بکەم و ئێوەش ناتوانن بێن بە هانای منەوە .

کەواتە ئەی خوشکی خۆم ئەی بـرای لاوی خـۆم خـۆت ڕزگاربکـە پـێش ئـەوەی هەردوو جۆرە شەیتانەکە شەیتانی (ئینس و جنۆکە) گاڵتەت پێ بکەن و پێت پێ بکەنن، پێش ئەوەی ئەو ڕۆژەت بەسەردابێت خۆت ڕزگار بکـە، کەواتـە کـاتی ئەوە هاتووەو ئەرکی سەرشانمانەو پێویستە لەسەرمان دووربکەوینـەوە لـەو وێنـە ئابڕوبەرانە وە لەو گرتەڤیدیۆیانەی کە هەست بزوێن و هەسـت هـەژێنن، چـونکە وێنەی نەفسەکان وا خولقاوەو دروستکراوە کەمەیل و حەزی بە شەهەواتە، ئەگەر ئەو نەفسە ئەسفاردەکرا لەناو خراپەدا ئـەوا حـەزو ئـارەزوو لـەکوێ سـەقامگیر دەبێت، وێنەی نەفس وەکو (بارووت و بەنزین) و ئەو مادانەی کەبەیەك داگیرسان گڕدەگرێت وایە، تاکو نەفس نزیك بێت لە شوێن کەوتەی هەواو ئارەزوو ئـەوکات وەکو ئەو مادانـە زۆر زوو گـڕی شـەهەوات دەی سـووتێنێت و لـەناوی دەبـات، ئارەزوو و ئەوەی لەشوێن ئارەزوو دەڕوات ئەگەر بێت و دووربێت لەهەواو ئارەزوو چۆن گڕدەگرێت، چۆن پلیتـە گڕدەگرێـت ئەگـەر داینەگرسـێنیت، وەکـو شـاعیر دەڵێت:

---

(49) سورة إبراهيم: الآية ٢٢.

قال ابن حزم

لا تلُم مَنْ عَرَّضْ النفسَ لما

ليس يُرضي غيرَه عند المحنْ

لا تُقَرِّبْ عرفجاً من لهبٍ

ومتى قَرَّبْتَهُ ثارتْ دُخنْ

واته:

سەرزەنشتی کەسێك مەکە کەنەفسی خۆی دەردەخات بۆ شتێك

کەغەیری خۆی ڕازی ناکات لەکاتی نارەحەتیدا

داری (عەرفەج)(50) لەکڵپەی ئاگر نزیك مەکەرەوە

وە هەرکات نزیکت کردەوە دەبێت بە دووکەڵ

وقال أبو الخطاب محفوظ بن أحمد الكلوذاني

من قارفَ الفتنةَ ثم ادعى الـ

عصمة قد نافقَ في أمره

ولا يجيز الشرعُ أسباب ما

يورط المسلمَ في حظره

فانجُ ودعْ عنك صُداعَ الهوى

---

(50) (عرفج): دارێکی ناسراوی بچووکە زوو گڕ دەگرێتو ڕووەکێکی هاوینەیە، والله أعلم (سووڕناتکەیە). النهاية في غريب الحديث والأثر/ ج٢/ص٤٨٥.

عساك أن تسلمَ من شَرِّه

واته:

هەركەسێك توخنی فیتنه بكەوێت، پاشان بانگەشەی پارێزراوی بكات

بەڕاستی دووڕوویی نواندووه لەكارەكەیدا

شەرع بەرەوای دانانێت به هۆكارانێك كه

مسوولْمان بخاته ناو قەدەغەكراوەكانی شەرعەوە

ڕزگاربەو لێ گەڕێ لەسەر ئێشەی ئارەزوو

بەئومێدی سەلامەتیت له خراپەكاری

لا تُتْبِعِ النفسَ الهوى .......... نەفست شوێن ئارەزوو مەخه

ودَعِ التعرضَ للمحن .......... لێی گەڕێ بانەفست تووشی نارەحەتی نەبێت

إبليسُ حيٌّ لم يمت .............. إبلیس زیندووەو نەمردووە

والعينُ بابٌ للفتن ............... وە چاویش دەرگایه بۆ فیتنه

السادس: غض البصر.

چاو داخستن لەئاست شته حەرامكراوەكان.

ئەو وێنەو ڕەسمه خراپانەی كەئینسانەكان بەبێ هۆ دەیبینێت واته خۆی هەوڵی بینینی دەدات كارێكی حەرامەو خوای گەورەو میهرەبان حەرامی كردووە، هەروەكو باسمان كرد له خاڵی پێشوودا پەیج و پەڕەی ئینتەرنێت نییه ڕەسمی ئافرەتانی ڕووت و بێ پۆشاكی تیا نەبێت، فەیسبووك دەكەیتەوە پڕە له ڕەسمی

خراپ لەهەمووی خراپترو ترسناك تر ڕەسمی سەر پرۆفایلی فەیسبووکەکانە کـەوا ئافرەتان ڕەسمی خۆیان کە هەندێك جار کچ نین بەڵکو کـوڕانن بـۆ ئـەوەی خۆیـان بکەن بە هاوڕێی کچان و پاشان ئەو مەبەستە خراپانـەی کـە خۆیـان دەیانـەوێت ئەنجامی بدەن کچانی بێ ئاگاش خەویان لێ کەوتووەو هەست بە خۆیشیان ناکـەن ! یاخود ڕەسمی (ئەکتەرو گۆرانی بێژە بێ ڕوشت و بێ دینەکانی لەسـەرە لەسـەر پرۆفایلی ئیمەیڵەکانیان، فیلمێکی دۆبلاژ کراو لێ دەدرێت خـێرا ئافرەتـانی بـێ ئاگا لە خواو لە شەرعی خوا یەکسەر ڕەسمی ئەم ئەکتەرانە دەکەنە سەر پرۆفایلی ئیمەیڵەکانیان و گەنجانی پێ لە خشتە دەبەن، بۆیە ئەی کچی ئیماندار وریابەو لە خوای گەورە بترسەو بیری قیامەتت هەبێت چـونکە واللە ئەگـەر بێـت و گـەنجێك گومڕا بکەیت تەنها ئەوەت بەسە بۆ چونە ناوگری جەهەننەمەوە، هەروەکو چـۆن ئەو کەسە بەسیەتی کەسێك هیدایەت وەربگرێت لەسەردەستی ئەوا بەسیەتی بـۆ چونە ناو بەهەشتی، بەهەمان شێوە، بۆ لادان و گومڕاکردنی کەسێکیش بەسە بۆ چوونە ناو ئاگرەوە، بۆیە وریابە ئەی خوشکی موسڵمانی خـۆم بـا کـەس لەسـەر دەستی تۆ گومڕاو سەرلێ شێواو نەبێت ڕەسمی خۆت یاخود ڕەسمی هەر ئافرەتێکی کە مەکە سەر ڕەسمی فەیسبووکەکەت ..................

بۆیە پێویستە لەسەرمان چی لەسەر پیاوان وەچی لەسەر ئافرەتان چاومان دابخەین لە شتی ناشەرعی و ڕەسمی هەست بزوێن و فیلمی خراپ و گرانی خـراپ چـونکە چاو دانەخستنمان دەبێتە هۆکارێك بۆ نزیك بوونەوەمان لە (زینـاو داوێنپیسـی)

وەکو خوای گەورە دەفـەرموێت: { قُلْ لِلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُـــوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ }(51).

واتە: ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بلّێ بەپیاوانی ئیماندار کەوا چـاویان دابخەن و دامێنیشیان بپارێزن، ئەوە چـاکترو پـاکترە بـۆ ئـەوان، بێگومـان خـوا بەئاگایە بەهەموو کردەوەیەك کەدەیکەن.

هەروەها لە ئایـەتێکی تـردا ئەمرەکـە بـۆ ئافرەتانـە هـەروەکوو خـوای گـەورە دەفەرمووێت: {وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ}(52).

واتە: ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بلّـێ بـە ئافرەتـانی ئیمانـدار کـەوا چاویان دابخەن و دامێنیان بپارێزن .

جا ئەگەر هەرکەسێك چاوی دابخات لەئاست ئەو شتانەی کە حەرامن و کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەستی ئینسانەکان ببزوێنێت و تێکی بدات، ئەوا دەبێتە هۆی ڕازی بوونی خوا، وە دەبێتە هۆی ئاسودە بوونی دلّ، چـاو ئاوێنـەی دلّـە، ئەگـەر چـاو بکرێتەوە لەئاست حەرامدا ئەوا هیلاکی وتیاچـوون بۆئـەو کەسـە دەمێنێتـەوە، بەلاّم ئەگەر چاوی لەئاست حەرامدا داخست ئەوا خۆشـبەختی بـۆ دەمێنێتـەوە، ئەگەر ئینسان چاوی دابخات ئەوکات دلّی دادەخرێت لەهـەنگاونان بـۆ ئـارەزوو و شەهەوات، بەلاّم ئەگەر چاوی کردەوە ئەوکات دلّیشی دەکرێتەوە بۆئارەزو بازی و خراپەکاری، بۆیە پێغەمبەری خۆشەویست (صلى الله عليه وسلم) دەفـەرمووێت: { العين تزني وزناها النظر }(53).

---

(51) **سورة النور: الآية ٣٠.**

(52) **سورة النور: الآية ٣١.**

(53) **في صحيحين بخارى ومسلم.**

واته: چاو زینا دەكات زیناكەشی تێڕوانینی حەرامە .

{ قُلْ لِلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّـــهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ }(54).

واته: ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بڵێ بەپیاوانی ئیماندار كەوا چاویان دابخەن و داوێنیشیان بپارێزن، ئەوە چاكترو پاكترە بۆ ئەوان، بێگومان خوا بەئاگایە بەهەموو كردەوەیەك كەدەیكەن .

(شيخ الإسلام ابن تيمية) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرمووێت:

خوای گەورە (سبحانه وتعالى) بۆیە وای داناوە (چاو) دابخرێت و داوێن بپارێزرێت ئەوە بەهێزترین (تزكيه)ە یە واتە پاكترین و خاوێنترین شتە بۆ نەفسەكان . كەواتە بۆیە خوای گەورە فەرمان بەداخستنی چاوەكان و پاراستنی داوێن دەكات، چونكە نەفسەكان بە پاراستنی ئەو دووشتە پاكی و خاوێنی بەدەست دەهێنێت، پاكردنەوەی نەفسەكان لەجێی نەمانی هەموو خراپەكاریەك و بەد ڕەوشتییەكە، وەكو (زوڵم و ستەم و هاوبەش بۆ خوا بڕیاردان و درۆ و جگە لەمانە).

## السابع: التثبت.

لێكۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن.

ئەوەی لەسەر مرۆڤەكان واجبە لە كاتی بەكارهێنانی ئینتەرنێتدا ئەوەیە كە لێكۆڵینەوە بكات لەو شتەی كە دەوترێت و دەبیسترێت، لەو شتەی كە

(54) سورة النور: الآية ٣٠.

دەیخوێنێتەوەو دەگێڕدرێتەوە، ئەوەی پێویستە لەسەر عەقڵی ئینسانەكان بیزانێت ئەوەیە باوەڕی دامەزراو پتەو بكات لە بینین و بیستنی ئەو شتانەدا كە بڵاو دەكرێتەوە لە (فەیسبووك و ئینتەرنێت)دا چونكە لە ڕۆژگارێكداین (درۆو خیانەت و غەیبەت و بوختان) زۆر بڵاو بۆتەوە هەروەكو پێغەمبەری خۆشەویست فەرموویەتی: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ {سَيَأْتِي عَلَى النَّاسِ سَنَوَاتٌ خَدَّاعَاتُ يُصَدَّقُ فِيهَا الْكَاذِبُ وَيُكَذَّبُ فِيهَا الصَّادِقُ وَيُؤْتَمَنُ فِيهَا الْخَائِنُ وَيُخَوَّنُ فِيهَا الْأَمِينُ وَيَنْطِقُ فِيهَا الرُّوَيْبِضَةُ قِيلَ وَمَا الرُّوَيْبِضَةُ قَالَ الرَّجُلُ التَّافِهُ فِي أَمْرِ الْعَامَّةِ}(55).

واتە: ساڵانێك دێت بەسەر ئوممەتەكەمدا كە پڕە لە غەشش و خیانات كە ڕاستگۆی تیادا بە درۆ دەخرێتەوە، وە درۆزنانی تیادا بە ڕاستگۆ دەخرێتەوە، وە كەسانی بە ئەمەك و ئەمیندار تیایدا بە خیانەتكار لە قەڵەم دەدرێت، وە خیانەتكاری تیادا بە ئەمیندار لە قەڵەم دەدرێت، وە كەسانێك قسە دەكەن لە كاروباری خەڵكیدا كە (الرُّوَيْبِضَةُ)ن، وترا: ئەی پێغەمبەر (الرُّوَيْبِضَةُ)كێیە؟ پێغەمبەریش فەرمووی: (الرَّجُلُ التَّافِهُ يتكلم فِي أَمْرِ الْعَامَّةِ) پیاوێكی سوك و هیچە قسە دەكات لە كاروباری گشتی خەڵكیدا.

بۆیە پێویستە لەسەرمان لەسەر خۆو بەوریابین و پەلە نەكەین لە بڕیاردانمان بۆ ئەو شتانەی كەوا لە پەڕەكانی ئینتەرنیتدا بڵاو دەكرێنەوە، چونكە كەسانێك هەیە بەس ئیش و كاریان بڵاوكردنەوەی درۆو دەلەسەو بوختان و ئاژاوە نانەوەیە، بەلاشمانەوە هیچ سەیر نەبێت كە چەندین كەس هەبوونە توشی شەڕو فیتنەو

(55) السلسلة الصحيحة (٤/٥٠٨).

كوشتن بوونە بەهۆی (ئینتەرنێت و تەلـەفۆن)ەوە .... بەتایبـەت کەسـانێك کـە هیواو ئاواتیان ئەوەیە موسڵمانان توشی زەلیلی و نەهامەتی بکـەن و خەفـەتیان پێ بدەن، بۆیە هەرچیەك هەڵدەستێت لە (ئینتەرنێتـدا)دا بەکـەیفی خـۆی شـتی قەڵەو و زەعیف دەنووسێت دێت و دەڕوات بەکەیفی خۆی، بەهـەر ناوێـك خـۆی بییەوێت نادیار بێت یان خوازراو بێت؟

جا لەسەر کەسی خاوەن عاقڵ پێویستە بڕوانێـت بـۆ ئـەو هەواڵـەو لـەو هەواڵـە بکۆڵێتەوە، جا ئەگەر بۆی دەرکەوت ئەو خەبەرو هەواڵـەو لێکۆڵینـەوەی لەسـەر کرا با سەیر بکات و بزانێت ئەگەر ئەم شتە خێری تێدایە ئەوە با بڵاوی بکاتەوەو ئاشکرای بکات، چونکە ئەگەر خێری تیادا بێـت بـۆ خـەڵکی ئـەم سـوودی پـێ دەگات . بەڵام ئەگەر زانیتی زەرەرو خراپەی هەیە با وازی لێ بێنێت و خۆی تیـا هەڵنەقوڵتێنێت و قسەی زل و قەڵەوی تیادا نەکات و لێی دوور بکەوێتـەوەو لـە دەستی هەڵبێت .

چەندەها کەس هەبوونە تووشی جۆرەها خراپەو ناکۆکی و شەڕو ئـاژاوە بـووە بـە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم جـۆرە ئاشـکراکردن و بـڵاو بوونەوانـە لـە ماڵپـەڕەکانی (ئینتەرنێت)دا، چەندەها کـەس لەخـەڵکی هەبوونـە عـەقڵیان لـە دەسـت داوە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەو شتانە لە ئینتەرنێتدا، وەك ئەوەی ئەگەر ئـەو شـتانەی بینی وەك ئەوەی وەحی بۆ بێت (لا يأتيه الباطل من بين يديه ولا من خلفه)

باتڵ و پوچ کاری لێ ناکات نە لە ئێستاو نە لە داهاتوو.

وە ئیللا ئەگەر کەسـێك خـاوەنی عـەقڵ و هـۆش بێـت لێـی دەکۆڵێتـەوەو ورد دەبێتەوە لێی، پەلە ناکات هەرچەندە ئـەو کەسـەی ئـەو شـتەی لێ دەبیسـترێت

ناسراوبێت و کەسێکی باوەڕ پێکراو و جێی متمانە بێت چ جای کەسێك کە باوەڕ پێکراوو جێی متمانە نەبێت, چونکە لە حەدیسی صەریحی پێغەمبەردا (صلی اللە علیە وسلم) دا هاتووە دەفەرمووێت:

روي عن النبي صلى الله عليه وسلم قال:" { كفى بالمرء كذبا أن يحدث بكل ما سمع }(56).

واتە: بەسە بۆ ئینسان درۆ کردن کەهەر شتێکی بیست بیگێڕێتەوە .

بۆیە پێویست بەوە دەکات ڕەوشت و ئەدەبێکی زۆر هەبێت لەکاتی فیتنەو بەسەر هاتەکاندا، بۆیە واجبە لەسەر ئامۆژگاری کار بۆ نەفسی بجوولێت بۆ ئەو ئەدەب و ڕەوشتە، هەتاکو نزیك بیت لە سەلامەتی و دوور بیت لە خراپەو بە هیلاك چوون .

وقال عليه السلام: " { مَنْ حَدَّثَ بِحَدِيثٍ يَـرَى أَنَّـهُ كَـذِبٌ فَهُـوَ أَحَـدُ الْكَاذِبِينَ}(57).

واتە: هەر کەسێك قسـەیەك بگێڕێتـەوە، وە بزانێـت درۆیـە ئـەوە یەکێکـە لـە درۆزنەکان .

خوای گەورە دەفـەرمویێت: { وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لَاتَّبَعْتُمُ الشَّيْطَانَ إِلَّا قَلِيلًا }(58).

---

(56) السلسلة الصحيحة باب ٨٦٦/جزء ٢/صفحة/٤٤٠.

(57) سلسلة الأحاديث الصحيحة (ج/٢-ص/٤٤٠).

(58) سورة النساء: الآية ٨٣.

واته: کاتێك هەواڵێکیان پێ بگات دەربارەی (ئاسایش) و هێمنایەتی یان لەبارەی (ترسەوە)، بڵاوی دەکەنەوە، بەڵام ئەگەر بیانگەڕاناياتەوە بۆلای پێغەمبەر(علیە سلام) وە بۆلای کاربەدەستانی خۆیان، ئەوە ئەوانە ڕاستی هەواڵەکان دەردەهێنن دەزانن هەواڵەکە(ڕاستە یا درۆیە)، وە ئەگەر چاکەو بەزەیی خوا نەبووایە بەرامبەر بە ئێوە بێ گومان شوێن شەیتان دەکەوتن تەنها کەمێکتان نەبێت .

شيخ ناصر سعدي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموێت: ئەمە هەڕەشەیەکە لەلایەن خواوە بۆ بەندەکانی لەسەر ئەو کردەوە ناشیاوە لەبەر ئەوەی واپێویست ئەکات ئەگەر کاتێك هەواڵێکیان لە کاروبارە گرنگەکان پێگەیشت کە بەرژەوەندی گشتی تێدابوو، کە تایبەت بوو بە ئەمن و ئاسایش و هێمنایەتی یاخود بەترس و ناخۆشی کە مەترسیدار بێت لەسەر موسڵمانان، دەبێت لێی بکۆڵنەوەو پەلە نەکەن لەئاشکراکردنی ئەو هەواڵە، بەڵکو بیگێڕنەوە بۆ لای رسول الله (علیە سلام) یاخود بیگێڕنەوە بۆ لای کاربەدەستانی خۆیان لە ئەهلی (علم و أهل نصح و أهل الرأي و وأهل العقل و أهل الرزانة) چونکە ئەوان زاناو شارەزان بەو شتانە، وە ئەوان زاناو شارەزان کەچی شتێك (مەسڵەحەتی تیایەو وە چ شتێك زەرەری تیایە).

وهذا قال: {لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ} أي: يستخرجونه بفكرهم وآرائهم السديدة، وعلومهم الرشيدة.(59)

ئەمەش یاسایەکی (ئەدەب) و (ڕەوشت)ی گرنگە، کاتێك ویستت لە کاروبارێك تێبگەی بزانیت کێ ئەهلی ئەوەیە وە بیگێڕیتەوە بۆلای و پێشیان نەکەوین!!

(59) تفسير ناصر سعدي.

چونكە ئەوان نزیكترن لە(صـواب) لە (پێكانەوە) لە چارەسەركردنی كێشەكان، وە ئەوان سەلامەت ترێكن وەك لەئێمە لە هەڵەوە.

بۆیە دەبێت نەهی بكرێت لە پەلەكردن لەبلاو كردنەوەی ئەو شتانەدا، كاتێك كـە دەیبیستین و دەیبینین، دەبێت لەسەر خۆبیت لەكاتی ئەو هەواڵ و باسانەدا پـێش ئەوەی قسە بكەیت و بـلاوی بكەیتـەوە، دەبێـت سـەیر بكـەیت بزانـی سـوودو مەسڵەحەتی بۆ خەڵكی هەیە یان نا، ئەوسا كـاری پـێ بكـەیت، بۆیـە وتـراوە: لەشوێنێكی تر هەولبدە بۆ لێكۆڵینەوەو بیرلێكردنەوەو ورد لێ بوونەوەو تێڕامان.

هەروەها خوای پەروەردگار بۆ خوێندنەوەی كەلامەكـەی كـە قورئانـە ئـەمر بـە ئیمانداران دەكات كەپەلە نەكەن لەخوێندی تاكو لەماناكەی تێنەگەن! جا چۆن بۆ شتی تر دەبێت پەلە بكرێت ! وەكو دەفەرموێت: { وَلَا تَعْجَلْ بِالْقُرْآنِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يُقْضَى إِلَيْكَ وَحْيُهُ وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا }(60).

واتە: پەلە مەكە لەخوێندنی (قورئان)دا، لەپێش ئەوەی سرووش كردنەكەی بـۆت تەواو دەبێت، وە بڵێ ئەی پەروەردگارم زانست و زانیاریم زیادبكە.

هەر بۆیە خوای گەورە نەهی كردووە لەم جۆرە كارانەو ئەفـەرموێت: { لَوْلَـــا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ ظَنَّ الْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بِأَنْفُسِهِمْ خَيْرًا وَقَالُوا هَذَا إِفْكٌ مُبِينٌ }(61).

واتە: دەبوا كاتێك ئەو بوهتانەتان بیست، (مەبەست ئەو بوهتانەی كە بۆ دایكـە عائیشە كرا) دەبوا پیاوان و ئافرەتانی موسڵمان گومانی چاكیان بە خۆیان ببردایە وە بیان وتایە ئەمە بوهتانێكی ئاشكراو ڕوونە.

---

(60) سورة طه: الآية ١١٤.

(61) سورة النور: الآية ١٢.

ئەمە بەرچاو ڕوونیەکە لەلایەن خواوە بۆ ئیمانداران کاتێك وتەو قسانێکی ناشرین دەدەنە پاڵ (پیاوان و ئافرەتان) پێویستە لەسەر بیسەری ئەم هەواڵە حوکم بە زاهیرو ڕووکەشی ئەم کەسە بکات، نابێت لابکرێتەوە بۆ ئەو وتە ناشرینانە، بەڵکو بگەڕێیتەوە بۆ ئەسڵی باسەکە ئەگەر وانە بوو ئینکاری لێ بکەیت .

بۆیە شاعیر دەڵێت:

قال ابن حبان: أنشدني منصور بن محمد الكريزي:

الرفقُ أيمنُ شيءٍ أنت تَتْبَعُه

والخُرقُ أشأمُ شيء يُقْدِمِ الرَّجُلا

وذو التثبت من حمد إلى ظفرٍ

من يركبِ الرفقَ لا يستحقبِ الزللا

واتە:

لەسەر خۆیی پیرۆزترین شتە تۆ شوێنی بکەویت

نەزانیی و بێ ئاگایی چارە ڕەشترین شتە پێش پیاو دەکەوێت

ئەو کەسەی دەکۆڵێتەوە سوپاسکراو و براوەیە

هەرکەسێك لەسەر خۆیی لە ئامراز بگرێت تووشی هەڵخلیسکان نابێت

جا زۆرن ئەو کەسانەی کەوا لە تۆڕەکانی (فەیسبووك و ئینتەرنێت) خەریکی ئاژاوە گێڕی و فیتنەیین جا لەناو ئەو جۆرە کەسانەدا هەیە (ئینتەرنێت) وەکو فیتنەی (دونیەوی) بەکار دەهێنێت، واتە بۆ شەهەوات و ئارەزوو بازی و ڕاوە ئافرەت و داوێن پیسی و دڵداری و تێکدانی شیرازەی ڕەوشت و ئەخلاقی خەڵکی بەکار دەهێنێت، جا لێرەدا بە کورتی تەنها باسی زەرەرو زیانەکانی ئەم فیتنەیەم

کردووە کە چەندە زەرەری داوە لە (کچان و کوڕان)ی موسڵمان، بە کورتی و بە پوختی ئەم جۆرە فیتنەیەم لە سەرەتای خاڵی یەکەمی ئەم باسەدا تیشکم کردۆتە سەر.

وە جۆری دووەمی ئەم فیتنەیە کە لە فیتنەی یەکەم گەورەترو ترسناکترە، وە زۆر زەرەرێکی گەورەی داوە لە موسڵمان کە ئەم جۆرە کەسانەش (ئینتەرنێت) وەکو فیتنەی (دین)ی بەکار دەهێنێت، وەکو پێشتر ئاماژەیەکی کەمم پێکرد لە سەرەتای خاڵی یەکەمدا کە باسی بە کارهێنەرانی ئینتەرنێتم کرد لە نێوان (باش بەکارهێنانی و خراپ بەکارهێنانی)دا بەڵام لە خاڵی دووەمی ی ئەم باسەدا بە پشتیوانی خوای گەورە بە پوختی تیشکی دەخەمە سەر، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانە بە خۆیاندا بچنەوەو ئاگاداری خۆیان بن بە ناوی دینەوە دین ناشرین نەکەن و قسەی کوفر بەزانایان نەڵێن .

١– جۆری یەکەم لە فیتنەی (دونیەوی) .....

لەسەر خاوەن عەقڵ پێویستە بڕوانێتە ئەو شتەی کە دەی بینێت، ئەگەر هەواڵێکی بیست یاخود هەر شتێکی بینی ئەوە با لەو کارە بکۆڵێتەوە، جاری واهەیە لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت زۆر هەواڵی سەیرو سەمەرە دەبیسترێت یاخود جۆرەها ڤیدیۆو ڕەسمی سەیرو سەمەرە بڵاودەکرێتەوە بێ ئەوەی ئەو کەسە بۆی دەربکەوێت ئەم شتە حەقیقەتی هەیە یان نا دەست بەجێ لەناو هاوڕێکانیدا بڵاوی دەکاتەوە بە تایبەتی لە (فەیسبووك)دا کە بەشدار بووانی ئەم سایتە ٣٧ سی وحەوت ملیۆن بەشدار بووی هەیەو بەردەوام لەزیاد بووندایە، خوێنەری خۆشەویست لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیاکانەوە

بچووکترین ڕووداو و بەسەرهات لەماوەی چەند ساتێکی کەمدا لەتۆڕەکانی ئینتەرنێت بڵاو دەکرێتە، کە ڕەنگە لەسەدا ٨٠٪ ی وا نەبێت زۆرجار، ئەگەر بێت و ئەو ڕووداوانە ڕاستیش بن ئەوا جاری واهەیە قازانج و مەسڵەحەت لەوەدایە بڵاو نەکرێتەوە نەوەکو ئەنجامی خراپەی لێ بکەوێتەوە چونکە زۆر شتی وا هەبوونە بۆتە مایەی ناخۆشی و نەهامەتی بۆ خەڵکی، لەم ڕۆژگارەی ئەم ڕۆماندا گەنجان کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەدەن و بەردەوام لەتۆڕەکانی (ئینتەرنێت)دا مەشغوڵی داونلۆد کردن و دابەزاندنی ڤیدۆ و ڕەسم و فلیمی ترسناك و ڕەسمی یاریزان و گۆرانیبێژو شتی بێ کەڵك و بێسوودن هەر بەمەوە ناوەستن و ئەم بۆ ئەوی دەنێرێت و ئەم بۆئەو ئەو بۆ ئەم، ئەم لەمۆبایلی ئەمەوە بۆ مۆبایلی ئەو تاوای لێهاتووە گەنجان لەکاتی موحازەرەو وانەکانی زانکۆدا کاتێك مامۆستا خەریکی دەرز وتنەوەیە (کوڕان و کچان) خەریکی چاتکردن و نامە گۆڕینەوەو ناردنی شتی هەست بزوێن و خراپەن، سەیر لەوەدایە لە داهاتوودا دەبێت چۆن بتوانێت خیانەت لەو ئەمانەتەی نەکات کاتێك لەدەزگاکانی حوکمەت و میللەت دادەمەزرێت، تۆ بڵێی ئەوکاتەش هەر خەریکی چاتکردن نەبێت !! جا سەیرتر لەوە ئەوەیە ئەم مۆبایل و (ئینتەرنێت)ە بچووکانەی وەکو شێوەی مۆبایل وان و بەشەبەکەی مۆبایل کاردەکەن وەك (مۆبایلی ئایفۆن و مۆبایلی ٤جی، ئێچ تیسی و مۆبایلی ئەپڵ و ئەو جۆرە مۆبایلانە کە لەمسن) ئەو وڵاتانەی کەئەم جۆرە ئامێرانە دروست دەکەن دڵنیابن لەسەتا ٥٪ ١٠٠کەسانی ئەم وڵاتانە خۆیان بەکاری ناهێنن ئەمەش قسەی من نییە لەو کەسانە بپرسن کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ژیاون لێیان بپرسن بزانن ئایا خۆیان ئەو مۆبایلانە بەکار ناهێنن کەلای ئێمە

$۳۰ دۆلار دەکات ئەگەر نەبێتە موبالەغە !! خوێنەری ئازیز بەهەڵە تێ مەگەن هەرگیز چونکە ئەم ئامێرانە نیعمەتێکی ئێجگار بەسوودیشن ئەگەر بێت و لەجێی خۆیی و لەکاری چاکو باشدا بەکاری بهێنین، چونکە بەشێوازێك دروستکراوە کە (دەتوانرێت هەموو خەتمی قورئان و چەندەها کتێبی گەورەو زەخم وەکو کتێبەکانی حەدیس وەکو بوخاری و موسلیمو باقی کتێبەکانی تریش) وە هەروەها چەندین (پرۆگرامی ئیسلامی و چەندەها بەرنامە کەزۆر بەسوودن) کە پێویستە مرۆڤی عاقڵ و پێ گەیشتوو ئەم بەرنامانە بۆ خزمەتی (دینی ئیسلام) بەکار بهێنێت، کە بەڕاستی ئاسانکارییەکی جوان و بێ وێنەیە، زۆر شتی باشی بۆ ئاسان کردووین، ئەو هەموو کتێبە بەسوودو جوانانەی ئەمڕۆ لەبەردەستماندایە هەمووی بەرووبومی ئەم پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیایانەیە، بەڵام با هەموومان هەوڵدەین لەکاری چاك و بەسوودا بەکاریان بهێنین، هەرچەندە ئەوان دەیانەوێت لەرێی ئەم ئامێرانەوە دینی ئیسلام لەناو بەرن, جا ئەگەر بێت و ئێمەش لەخوا بترسین ئەوا هەر بەو پیلانەی خۆیان دەتوانین بەسەریاندا زاڵ ببین، بەڵام ئەوان دەیانەوێت دین و ئەخلاقی ئەو نەتەوە موسڵمانانە لەناو بەرن چونکە زۆر حەسوودن بەرامبەر بەم دینی ئیسلامە پاکە، هەموو هەوڵێکیان بۆ نەهێشتنی ئیسلامە هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت ئەوان حەسوودن بەم ئیسلامە جوانە جا ئێمە لێرەدا باس لە لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو هەواڵ و ڕووداوانە دەکەین کە لە ماڵپەڕەکانی (ئینتەرنێت)دا بڵاودەکرێنەوەو خەڵکی تووشی چەواشەکاری دەکرێن جا ئەگەر بێینە سەر زەرەرو زیانەکانی (ئینتەرنێت) کاتێك شتێك دەبیستن لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت، کە چەندە تاوانە لای خوا چونکە نە

له ڕوی ئایین نه له ڕوی شارستانییەوە جوان نییه، شتێکی زەمکراو قێزەونه زۆرجار کەسی وا هەبوونە ئابڕوویان چووە کەهەرگیز لەو ناوەشێتەوە شتی وا ئەنجام بدات، زۆر جار بیستراوەو بینراوە کەسانێك هەبوونە لەماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت شتی خراپیان بڵاوبۆتەوە وەکوو (فلیمی سێکس و وێنەی ڕووت)ی ئەو کەسە، چونکە جاری واهەیە ڕەسمی ئەم کەسە گیراوەو بەبەرنامەی (مایەو ـــ بەرنامەی فۆتۆشۆپ) چەندین بەرنامەی تر کراوەتە سەر کەسانێکی داوێن پیس بۆ ئابڕووبردنی ئەم کەسانە, هەر چەندە زۆر جار ئەم شتانە لە هەڵەو نەزانینی ئەم کەسانە خۆیانەوەیە !

ئافرەتی وا هەیە بە ناوی هاوڕێ یەتییەوە لەگەڵ کوڕدا چونەتە دەرەوە کاتێك چاودێری خوایان لە بیر کردووەو بێ ئەمری دروستکاری ئاسمان و زەویان کردووە، دەستیان کردووە بە بێ شەرعی و کاری نا بەجێ، ئەم ئافرەتە عەقڵ زەعیفە بیری نەکردۆتەوە کە ئەم کوڕە تەسویری کردووە، پاشان لە دواییدا ئەم کوڕە هەڕەشەی لێ کردووە کە ئەگەر بەدەم داواکارییە ئارەزووە بازییەکانی یەوە نەچێت، ئەوا حەیای دەبات و فیدیۆکەی بڵاودەکاتەوە، وە زۆر جار ئافرەتانێك بەهۆی نەزانی و بێ ئاگایی وە شتی وایان لێ بەسەر هاتووە، کاتێك لە کۆگاکانی فرۆشتنی جلوبەرگی ئافرەتان جلوبەرگیان کڕیوە ویستوویانە ئەم جلوبەرگانە تاقیبکەنەوە چونکە زۆر دوکان هەیە شوێنی خۆگۆڕینی هەیە (بۆیە زۆر جار خاوەنی ئەم فرۆشگایانە لەخوا ناترسن، بیر لە ئابڕوو شەرەفی موسڵمانان و خەڵکی ناکەنەوە (کامێراو ـــ ڕاداری) نهێنی داناوە بۆ ئەوەی وێنەی ئەم ئافرەتانە بگرن و ئابڕوویان بەرن، زۆر کات ئەم ئافرەتانە هەر بەهۆی ئەم تەڵەکە بازییانەوە بونەتە

داوەوەو یاری بەشــەرەف و ناموســیانكراوە هەڕەشــەیان لێكــراوە ئەگــەر بــەدەم داواكارییە پیس و قێزەون و ناشرینەكانی ئەم كەسە تەڵەكە بازانەوە نەچن ئەوا لە (تۆڕەكانی ئینتەرنێت و مۆبایلەكان)دا بــڵاو دەكرێتــەوە، بۆیــە خۆشەویســتەكانم واللە ئەگەر بێت و كەسێك لەخوا نەترســێت زۆر شــتی وای لێ دەوەشــێتەوە زۆر بەئاسانی چونكە ئەگەر كەسێك نگرۆ بێت بە پیلانەكانی شــەیتانەوە ئــەوە هــەر شەیتانیش پیلانی بۆ دادەڕێژێت، بەڵام ئەگەر بێتو ئێمــە لەفەرمانــەكانی خــوای خۆمان دەرنەچین و گوێڕایەڵی فەرمانەكانی پێغەمبەرمان (محمد صــلی اللە علیــە وسلم) بین ئەوا هەرگیز بەدەستی دوژمنانی داوێن پاكی لەناو ناچین وە لە دەســت پیلانەكانی شەیتانی لە ڕەحم دەرچــوویش ڕزگــار دەبــین، چــونكە خــوای گــەورە لەقورئانە پیرۆزەكەیدا دەفەرمووێت:

{ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ }(62).

واتە: گوێڕایەڵی خواو گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن بەڵكو بەر ڕەحمەتی خوا بكەون .

وە بۆ دەربازبوون لە فێڵ و پیلانەكانی شەیتانیش دەفەرمووێت:

{ إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفًا }(63).

واتە: بەڕاستی فێڵ و پیلانەكانی شەیتان لاوازە.

بۆیە بەڕاستی خۆمان مایەی ئەم هەموو ناڕەحــەتی و نەهامــەتییــەین كەبــەهۆی شەیتان و شوێنكەوتووەكانییەوە تووشی دەبین، بۆیــە ئــەی خوشــكی بەشــەرەفی موسڵمان هۆشدارو وریابە نەكەویتە وەها داوێكەوە كە لەدواییدا دەربازبوون لێــی

---

(62) سورة آل عمران: الآية ١٣٢.

(63) سورة النساء: الآية ٧٦.

لەسەرت گران وقورس بێت, بۆیە ئاگاداربە باوا بەئاسانی ناموسـەکەت بەدەسـت دوژمنانی داوێن پاکی تووش نەبیت، چونکە بەڕاستی حەیاو ناموس زۆر گرانە، کەلەدەستت چوو وابەئاسانی ناگەڕێتەوە !!!!!

یـان کەسـانێك لـە ژوورەکـانی چـات و (فەیسـبووك)دا بـەناوی هاوڕێیـەتی و دۆستایەتی و پەیمان بەیەکدان و ئا لەم جۆرە قسە بـێ مانایانـە ژیـانی چـەندین کچیان تاریك و ڕەش کردووە، بەوەی کاتێـك دەبێتـە هـاوڕێی کـاتێکی زۆر بـە نووسین و چاتکردن بەسەر دەبەن لەگەڵ یەکتری کوڕان کۆمەڵێك وەعـدو پـەیمان و قسەی بێ بنەماو هیچی پێ دەدات و پێی دەڵێت دەمەوێت تۆ بکەم بەهاوسەری خۆم و خوازبێنێت بکەم بەڵام دەمەوێت پێش ئەوەی بێم وێنەیەکی خۆتم بۆ بنێری بزانم چۆنیت منیش وێنەیەکی خۆمت بۆ دەنێرم یان جاری وا هەیە بەشێوازێك ئەم کوڕە دەم لوسی و قسە لوسی بۆ دەکات هەر بەناوی هاوڕێ و دۆستی ئەم کچـەو نیازو نهێنی درۆینەی خۆی بۆ باس دەکات بەشێوازێك پێی دەڵێـت (مـن کەسـم نییە، جگە لەتۆ نیازی دڵمی بۆ بـاس بکـەم و غـەم و پـەژارەکانمی پـێ بڵـێم و خۆشییەکانمی بۆ دەربڕم کەس لەم دوونیایە شـك نابـەم جگـە لـەتۆ نـەبێت) تـۆ سەیری ئەم قسە لوس و بریق و باقانەکە شەیتان چۆن پیلانـی بـۆ دائەڕێـژێت !!!

خوشکی موسڵمانی خۆم وەکو لە خاڵەکانی پێشـتردا باسـی بەسـەر هـاتی ئـەو کەسانەمان کرد کە چۆن بەو قسـە لـوس و بریقەدارانـە ژیـانی خۆیـان کـرد بـە گۆڕستان، هەروەکو خۆیان دەڵێن هەموو ڕۆژێکمان مردنێکەو ڕۆژێکمان بە هەزار ساڵ لێ دەڕوات !! جا ئەم گەنجە دەم لوس و قسە لوسانە یەکسەر داوای لێدەکات و ئەمیش بێ ئەوەی بیر لەدوارۆژی ئەم کارەی بکاتەوە یەکسـەر دەکەوێتـە داوی

ئەم شەیتانەوە كە بە لاشە مرۆڤن بەڵام لە ناوەڕۆكدا شەیتانن، كام وێنەی جوانی خۆیەتی بۆی ئەنێرێت پەنا دەگرین بەخوا، كاتێك وێنەكە دەگات بەدەست ئەم ئینسانە بێ ئینسافە وەكو ئەوەی دووژمنایەتییەكی گەورەی لەگەڵ ئەم ئافرەتە داماوە بێت (سایت و پەیجی ماڵپەڕەكانی ئینتەرنێت نامێنێت بڵاوی نەكاتەوە كە ڕەنگە هەندێك جار بەهۆی سیقەیەكی زۆریان بۆ یەكتری ڕەسمی، ڕووت و قوت لە ئافرەتەكە داوا بكات دوای ئەوەی ئەم وێنانەی بۆ نارد ئیتر هاوڕێ یەتی وەكو تۆزی بابردووی لێدێت، پەنا دەگرین بەخوای كار لەجێ كچان و كوڕانی موسڵمانانمان بۆ بپارێزێت لەم جۆرە شەیتانانە.

جا كەواتە ئەی خوشكی خۆم، تاكەی بیرت فراوان ناكەیت و ئامۆژگارییەكانی الله ت لە گوێ ناكەیت؟ تا كەی فریوی ئەم جۆرە شەیتانانە ئەخۆی؟ بەسەو وازبهێنە لە قسە كردنی بێسوود لەگەڵ گەنجاندا ئەو كەسانەی كە قوربانی شەیتانن خۆیان دەڵێن: زۆر جار بیرمان دەكردەوە كە نییەتی ئەم گەنجانە خراپ نییە، بەڵام كاتێك كەوتینە داویانەوە ئەوسا تێگەشتین كە هەڵەیەكی زۆر گەورەو قێزەونمان كرد بەڵام زۆر جێگەی داخە كاتێك خۆت بكەیتە ناو دەریایەكی قووڵەوە ئەوسا بە بیرتا بێت كە مەلە نازانی.

كەواتە بوختان و درۆكردن زۆرە لەناو تۆڕەكانی (فەیسبووك و ئینتەرنێت)دا با وریابین و چاوڕۆشن بین نەكەوینە داوی ئەو جۆرە كەسانەوە كە ئەمە ئیش و كاریانە، با كارێك نەكەین دڵی ئەو جۆرە میكرۆب و فایرۆسانە بە خۆمان خۆش بكەین، باكارێك بكەین كە ئەوان دڵیان پێ ناخۆش و نارەحەت بێت، ناكرێت ئێمە هەر هەواڵ و ڕەسمێكمان بینی یەكسەر بە بێ علیم و زانیاری قسەی لەسەر

بکەین جا ئەگەر شتێکی واش بینرا یەکسەر کەسانێکی (شارەزاو بە حیکمـەتی) لێ ئاگادار بکەین بەڵام نەك کەسانێك کە بێ عیلم و زانسـتی شـەرعین و بـەبێ هیچ زانیارییەك لـە ئـایینی ئیسـلام (شـتمان بـۆ بشـەرعێنن) چـونکە ئەگـەر پرسیارێل لە ئەهلی خۆی نەکرێت ئەوا قورِ بەسەرییەکە زیاتر دەبێت، با نییـەتی پاکی خۆمان بۆ ئیشانێکی خێر نەدەینە دەست کەسانێك کەوا(دوورن لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا) ئەو کەسانەش کە دەبێت ڕاوێژیان پێ بکرێت دەبێـت (لەسەر قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خـوا پـەروەردە بوبێـت) ئەوسـا دروسـتە ڕاوێژی پێ بکرێت، وەکو خوای گەورە دەفـەرموێت: { وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّـذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لَاتَّبَعْتُمُ الشَّيْطَانَ إِلَّا قَلِيلًا }(64).

واتە: کاتێك هەواڵێکیان پێ بگات دەربارەی (ئاسایش) و هێمنایەتی یان لەبارەی (ترسەوە)، بڵاوی دەکەنەوە، بەڵام ئەگەر بیانگەڕاندایاتەوە بۆلای پێغەمبەر(علیـە سلام) وە بۆلای کاربەدەستانی خۆیان، ئەوە ئەوانە ڕاستی هەواڵەکان دەردەهێـنن دەزانن هەواڵەکە(ڕاستە یا درۆیە)، وە ئەگەر چاکەو بەزەیی خوا نەبوایە بەرامبەر بە ئێوە بێ گومان شوێن شەیتان دەکەوتن کەمێکتان نەبێت .

چونکە خوای گەورە ڕەخنەی لەو کەسانە گرت کاتێك حادیسەو هەواڵی (إفك)یان بیست، ئەو بوختانەی کە بۆ دایکە عائیشەمان خێزانـی پێغەمبـەر کـرا خـوای گەورە سەرزەنشتیانی کرد لەبەر ئەوەی بەبێ زانست و زانیاری لەسەر ئەو بابەتـە قسەیان کرد وەکو خوای گەورە لەو بوارەیەوە دەفەرموێت:

---

(64) سورة النساء: الآية ٨٣

{لَوْلَا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ ظَنَّ الْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بِأَنْفُسِهِمْ خَيْرًا وَقَالُوا هَـذَا إِفْـكٌ مُبِينٌ}(65).

واته: دەبوا کاتێك ئەو بوهتانەتان بیست، (مەبەست ئەو بوهتانەی کە بۆ دایکە عائیشە کرا) دەبوا پیاوان و ئافرەتانی موسڵمان گومانی چاکیان بە خۆیان ببردایە وە بیان وتایە ئەمە بوهتانێکی ئاشکراو ڕوونە.

بۆیە موسڵمانان با وریابین لەو کارە ناشرینانەو خۆمان بەدوور بگرین لێی بە ئومێدی ئەوەی کە خۆمان و کەسانی بێتاوانیش دووربن لە وەها کارێکی قێزەون و ناشەرعی، جا مەبەستی من هەر ئەوە نییە کە ڕەسمێکی خراپ یاخود ڤیدیۆیەکی خراپ بڵاو بکرێتە بڵێین ڕاستە یان درۆیە چونکە ئەگەر ڕاستیش بێت یاخود درۆ بێت، مەسڵەحەت لەوەدا نییە کە بڵاو بکرێتەوە بەڵکو ئەوەی کە واجبە لەسەرمان ئەوەی کە زەرورو پێویستە ئەنجامی بدەین ئەوەیە: کە پێش ئەم کارە ناشرینانە خەڵکی هان بدەین دوورە پەرێزبن لە (زینا)و داوێن پیسی و دوور بکەونەوە لە بڵاو کردنەوەی ئەم کارە ناشەرعییانە ئەوەی کە پێویستە ئەنجامی بدەین ئەوەیە بە هەموو شێوەیەك (ئەمر بکەین بە چاکەو نەهی بکەین لە خراپە) پێش هەموو شتێك خۆمان کاری خراپ و بەد ڕەوشتی ئەنجام نەدەین، پاشان ئامۆژگاری خەڵکی بکەین بەوەی وازبهێنن لەو سایتانەی کەوا ئەو فیلمە ناشەرعییانەیان تێدایەو ئامۆژگاری ئەو کەسانەش بکەین کەوا بەردەوام خەریکی داگرتنی ئەم جۆرە بەد ڕەوشتییانەن.

---

(65) سورة النور: الآية ١٢

٢ــ جۆری دووەم لە فیتنە بریتییە لە فیتنەی (دینی ـ ئایینی) ........

لە تۆڕەکانی (فەیسبووك و یۆتۆب و ئۆپێرا) خەڵکانێکی زۆر بە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانیان چ بڵاوکراوەی (نووسین ـ ڤیدیۆ ـ دەنگ .... هتد) بانگەوازی بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکەن خوای گەورە پاداشتی بە خێریان بداتەوە بەڵام ئەوەی ئەرکی سەرشانی ئەو کەسانەیە پێویستە لە سەریان کەوا بانگەوازیەکەیان بە (عیلم و زانستەوە بێت) وەکو خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەر (علیه السلام) دەکات بە عیلم و زانستەوە بانگەوازی خەڵکی بۆ ئیسلام بکات، قال تعالی:
{قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي}(66).

واتە: بڵێ ئەمە ڕێگای منە بانگی خەڵکی دەکەم بۆ لای خوا (عَلَى بَصِيرَةٍ) أي: علی علمٍ

واتە: لەسەر (زانست و زانیاری) من و ئەوانەش کە شوێنم کەوتوون .

کەواتە ئەگەر دەڵێی شوێنی پێغەمبەر کەوتوومە ئەوا شوێن کەوتووانی پێغەمبەران بە (عیلم)ەوە بانگەوازی خەڵکیان کردووە، پاشان بە (حیکمەت و داناییەوە دەبێت) بانگەوازی خەڵکی بکرێت، هەیە (عیلمی شەرعی) لا هەیە بەڵام بەداخەوە بەهیچ شێوەیەك حیکمەتی نییەو بە حیکمەت و داناییەوە بانگی خەڵکی ناکات، خوای گەورەو میهرەبان دەفەرموێت: { ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ }(67).

---

(66) سورة يوسف: الآية ١٠٨.

(67) سورة النحل: الآية ١٢٥.

واتە: بانگی خەڵكی بكە بۆ ڕێگای خوا (بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ) بە لیزانی و بە دانایی و ئامۆژگاری چاك و شیرین، پاشان ئەگەر تووشی (مجادلَة)و موناقەشە بوویت ئەوا (وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ) واتە: لەگەڵیان بدوێ و موناقەشە بكە بە جوانترین شێوە، چونكە (إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ) بێ گومان پەروەردگارت خۆی زاناترەو چاك دەزانێت بەوانەی كە گومڕابوون و لایانداوە لە ڕێگاكەی، وە هەر خۆیشی باش دەزانێت بە وانەی لەسەر ڕێگای ڕاستن.

كەواتە بانگەوازی كردن پێویستی بەو دوو مەرجە گرنگە بوو كە خوای گەورە ئەمری بە پێغەمبەر كردووە تیایدا هەبێت ئەویش (عیلم ـ حكمة) (زانست ـ و ـ دانایی)یە.

بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە كەسانێكی ناشارەزا بەم دینە جوان و پاكە هەڵدەستن بە بانگەوازی كردن هەر نەك (عیلم و حكمەت)یان نییە بەڵكو خۆیان بە (زاناو شارەزای) ئەم دینە دەزانن و سیفەتی (متعالم)یان تێدایە خۆیان بە گەورە دەزانن، با ئەو كەسانە لە خوای گەورە بترسن بابزانن قسەكردن بە ناوی دینەوە لە هاوبەش بڕیاردان شەریك بۆ خوا بڕیاردانیش گەورەترە، ئەگەر بێت و كەسێك هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار بدات ئەوا خوای گەورە هەرگیز لێی خۆش نابێت وەكو خۆی دەفەرموێت:

{ إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ }[68].

واتە: خوای گەورە بە هیچ شێوەیەك لە هاوبەشی بۆ دانان خۆش نابێت.

(68) سورة النساء: الآية ٤٧.

واته ئەگەر كەسێك هاوار بكاتە (قەبرێك مەرقەدێك یا شێخێك یا پێغەمبـەرێك یا سوێن بخوات بەم كەسانە یاخود شتێكی لێ بەسەر بێت بلێت یا غەوز یا كـاك ئەحمەدی شێخ فریام كەوە ........

یاخود وا بزانێت سودو قازانج لە لای ئەم كەسانەش هەیە یاخود عیلمـی غـەیب بداتە پاڵ ئەم كەسانە ئەوە با دڵنیابێت هەرگیز خوای گەورە لێی خـۆش نابێـت، بەڵام ئەگەر تەوبەی كرد و گەڕایەوە ئەوا خوای میهرەبان و بە بەزەیی خۆی لێـی دەبوورێت، ئەگەر بەیەك جاری وازی هێنا لە شەریك بۆ خوا دانان.

بەڵام بابزانین لە هاوبەش بڕیاردانیش گەورەتر هەیە ئەویش ئەوەیە بە ناوی دینەوە بە بێ عیلم و زانست قسە بكەین لە دیندا، خوای گەورە دەفەرموێت: { قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَنْ تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ }(69).

واتە: بڵێ ببێگومان خوای گەورە ئـەو كردەوانـەی حـەرام كـردووە كـە زۆر بـەدو خراپن، (مَا ظَهَرَ مِنْهَا) ئەوانەی كە بە ئاشكران و بە ئاشكرا دەكـرێن (وَمَا بَطَنَ) وە ئەوانەش كە بە نهێنی دەكرێن، (وَالْإِثْمَ) تاوانی حەرام كـردووە (وَالْبَغْيَ بِغَيْـــرِ الْحَقِّ) وە دەست درێژی حەرام كردووە بـە بـێ حـەق (وَأَنْ تُشْـــرِكُوا بِاللَّـــهِ) وە حەرامی كردووە كەسێك پێغەمبەرێك پیاو چاكێك بكەنە هاوبەشی خوای گـەورە كە (مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا) كە بەڵگەی بۆ نـەهاتووە، (وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ) واتە: وە حەرامی كردووە كە شتانێك بوترێت وبدرێتە پاڵ خوا واتە (بـە دینی خواوە) كە هیچ نازانن دەربارەی.

---

(69) سورة الأعراف: الآية ٣٣.

جا ئەم کەسانە نەك هەر خۆیان هیچ نازانن و بەدەم دینەوە قسە دەکەن و پەیوەندیشیان پێوە نییە بەڵکو هیچ سنوورێك بەرامبەر زانایان دانانێن، وا دەزانن زانایان پاڵیان لیٚ داوەتەوەو خەریکی هیچ نین دەم درێژی دەکەنە سەر زانایان و دەڵێن خەم خۆری ئەم دینە نین، منیش پێت دەڵێم کەسانێکی ناشارەزای وەکو ئێوە خەم خۆری ئەم دینەن؟ ئەگەر دوو ڕۆژ لێتان گەڕێن ئەوا دینی خوا هەر هەمووی دەشێوێنن خوای گەورە باسی ڕێزی زانایانی کردووە لە قورئانە پیرۆزەکەیداو دەفەرموێت: { شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلَائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِمًا بِالْقِسْطِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ }(70).

واتە: خوا شایەتی دەدات کە هیچ پەرستراوێکی بەحەق نییە جگە لەزاتی خۆی نەبێت وە فریشتەکانیش مەلائیکەتەکانیش ئەم شایەتییە دەدەن وە عالمەکان و زانایانیش ئەم شایەتییە دەدەن بە دادپەروەری.

بزانن خوای گەورە چۆن شایەتی (توحید و وەحدانییەتی) خۆی لەگەڵ شایەتی زانایاندا داوەتە پاڵ یەکتری و شایەتی حەقی زانایان دەسەلمێنێت، کەواتە ئەی ئەو کەسەی سیفەتی موتەعالمت هەڵگرتووە سنووری خۆت بزانە, خوای گەورە دەفەرموێت:{ يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ }(71).

واتە: خوای گەورە پلەو پایەی ئەو کەسانە بەرز دەکاتەوە کە باوەڕیان بە خوا هێناوە، وە ئەوانەش کە زانستیان پیٚ بەخشراوە بە چەند پلەیەك پلەیان بەرز دەکاتەوە.

---

(70) سورة آل عمران: الآية ١٨.

(71) سورة المجادلة: الآية ١١.

كەواتە جەنابتان بەو بێ عیلمییەتانەوە چاوەڕێی پلە نزم بوونەوە بکەن نەك پلە بەرز بوونەوە.

جا کەواتە واز بهێنە لە بانگەوازییەك کە زانستت پێی نییە و لێی بێ دەنگ ببە زۆر باشترە وەکو پێغەمبەری ئازیز فەرموویەتی: { من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يؤذ جاره ومن كان يؤمن بالله واليوم الآخر فليكرم ضيفه ومن كان يؤمن بالله واليوم الآخر فليقل خيرا أو ليصمت }(72).

واتە: ئەگەر کەسێك باوەڕی بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە ئەوا با ئەو شتەی خێرە بیلێت،ئەگەر نا با بێ دەنگ بێت.

کەواتە، ئەگەر نەتتوانی و نەتزانی قسەی خێر بکەیت بە جێی بهێڵە بۆ زانایان بۆ ئەو زانایانەی کەوا خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: {وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ} أي: الثابتون في العلم. سورة آل عمران.

واتە: ئەوانەی کە زۆر شارەزان و بەردەوامییان هەیە لەسەر عیلم و زانست .

بەڵام ئەگەر نەتتوانی ئەوا قسەی نابەجێ و ناشرین و بێ ئەدەبی مەنوێنە بەرامبەر زانایان، بەڵام هەندێك کەس بە قسەی نەزانان بێ ڕەوشتی دەنوێنن بەرامبەر زانایان بگرە قسەی ناشرین و نا بەجێ بە (زانایان)یش دەڵێن ! پێیان دەڵێن ئەمانە (علماء) نین بەڵکو (عملاء)ن، ئەم جۆرە کەسانە با وریابن چونکە إمام أحمد بن حنبل رحمه الله دەفەرموێت: (لحوم العلماء مسمومة)

واتە: گۆشتی زانایان وەك ژەهر وایە هەرکەسێك بیخوات دەمرێت. چونکە خوای گەورە دەفەرموێت:

---

(72) صحيح الترغيب والترهيب (ج/٢–ص/٣٤٢). صحيح البخاري برقم (٣١٥٣).

{ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا }(73).

واتە: ئایە كەسێك لە ئێوە پێی خۆشە گۆشتی براكەی بە مردویی بخوات؟
بەم ڕۆژگارە دەبینین كەوا چۆن لە سایتەكانی (فەیسبووك و ئینتەرنێت)دا كەسانی نە شارەزاو نەزان (موناقەشەو موجادەلەی بێسوود) دەكەن و لە (تعلیقات)ی فەیسبووكدا (جنێوی ناشرین) بە یەكتری دەوترێت و هەندێك جار كوفر بە دین دەكرێت لە داخی یەكتری، ئەمەش ئەنجامی نەزانین و ناشارەزاییە و ئەنجامی هەڵەشەیی و بێ ئینسافییە، بۆیە با ئاگادار بین پێغەمبەری خوا جنێوی ناشرینی حەرام كردووە وەكو فەرموویەتی: { سباب المسلم فسوق وقتاله كفر }(74).
واتە: جنێو دان بە موسڵمان فاسقیە، وەكوشتنی موسڵمان كوفرە.
كەواتە با ئەزیەتی یەكتری نەدەین بە قسەی ناشرین و لەقەبی ناشرین، چونكە پێغەمبەری خۆشەویست لە فەرمودەیەكی پیرۆزدا فەرمویەتی:
{ الْمُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ ... }(75).
واتە: موسڵمان ئەو موسڵمانەیە كە خەڵكی لە دەست و زمانی بێ وەیی و سەلامەت بن.
كەواتە لە خوا بترسن چونكە والله ئەم كارانەتان دژی ئایینی ئیسلامەو هیچ سودو قازانجێك لەم ئیشە ناشەرعییانەدا نییە، لە زەرەرو بە خراپە شكاندنەوە بەسەر ئیسلامدا هیچی ترتان لێی دەست ناكەوێت بە دڵخۆشی و كەسانی دوور

---

(73) سورة الحجرات: الآية ١٢.
(74) السلسلة الصحيحة (ج/٨-ص/٨). صحيح البخاري برقم ٥٦٩٧-٦٦٦٥. مسلم برقم ٦٤.
(75) صحيح الترغيب والترهيب (ج/٣-ص/٥٣). صحيح الجامع الصغير (ج/٣-ص/٤٤١). مسند أحمد برقم ٦٥١٥.

له دین و ناحەزانی ئیسلام و موسڵمانان هیچی ترتان لێی دەست ناکەوێت، ئەگەر ڕاست دەکەن و حەز دەکەن  کە موسڵمانان یەك بگرن و بە عیززەت بن ئـەوا واز بهێن لە جنێودان بەو زانایانـەی کـەوا هـەردەم بانگـەوازی خـەڵکی دەکـەن بـۆ یەکڕیزی و بۆ بە عیززەت بوونی موسڵمانان، کەچی بوختان دەکەن و دەڵێن: ئـەم (عملاء)ئانە ناکۆکی دەکەنە نێوانی موسڵمانانەوە و سەر لە خەڵکی ئەشـێوێنن، لە خوا بترسن ئەوان ئەو ئەمرەی خـوا ڕادەگەیـەنن کـە خـوای گـەورە ئـەمرتان پێدەکات بە یەك ڕیزی نەك بە پارچە پارچەیی

خوای گەورە دەفەرموێت: { وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا }(76).

واتە: دەست بگرن بەدینی خواوە هەر هەمووتان دووربـن لـە جیـاوازی و پارچـە پارچەیی.

کەواتە براو خوشکی موسڵمان کاتێك کەسـێك فەتوایـەکی شـەرعی (زانایـەك) دادەگرێت لە فەیسبووك بابەتێك کە پەیوەندی بە چـارەنووس و دینـی خەڵکـەوە هەیە، ئەوا ئەگەر فەتواکەشـت بـەدڵ نییـەو لەگـەڵ هـەواو ئـارەزووی خـۆت و حیزبەکەت دا ناگونجێت مەکەوەرە ناوو ناتۆرەی ناشرین و بوختان و غەیبەت بـۆ ئەو زانایانەو حوکمی کافر بوون و فاسق بوون و گومڕاو مونافیق مەدە بەسەر ئەو زانایانەدا, ئەگەر تەماشایەکی (فەیسبووك) بکەین دەبینین چۆن تانـەو تەشـەرو قسەی نابەجێ دەوترێت بە موسڵمانانو لەقەب و ناوو ناتۆرەی ناشـرین دەخرێتـە پاڵ زانایان و شـوێن کـەوتووانی زانایـان وەکـو لـە (فەیسـبووك)دا موسـڵمانان ناودەبەن بەم ناوانە:

(76) سورة آل عمران: الآية ١٠٣.

(مەدخەلیی ـ مەدخەلیزم ـ جامی ـ وەهابی ..... هتد) کە ئەمانە چەن ناوێکن لەو ناوی زانایانەی کەوا شوێن کەوتەی (قورئان و سوننەتی شیرینی پێغەمبەرن)، واللە ئەم زانایانە هەرهەموویان خەمخۆری ڕاستەقینەی ئەم دینەن، بەڵام بەداخەوە کەسانێك کە هیچ شارەزاییەکیان لەم دینە نییە بە گومانی خۆیان وا دەزانن ئـەم زانایانە خەمخۆری ئەم دینە نین و هـەوڵی بـۆ نـادەن، بـەڵام پرسـیارێك بـۆ ئـەو کەسانەی کەوا بە بێ عیلمو بورهان و زانست ئەو زانایانە کافرو فاسـق دەکـەن؟ ئایا هەر ئەم زانایانە نین کەوا ئینکاری لەو شـیرکانە دەکـەن کـەوا لـە شاشـەی تەلەفزیۆنەکانتانەوە لێ دەرێت ئایـا؟ هـەر ئـەو زانایانـە نـین کـەوا پاسـەوان و بەرگریکاری ئەم دینەن ناهێڵن بیدعەو خورافەت بێتە ناو ئەم دینەوە؟ ئایـا هـەر ئەم زانایانە نین کەوا پیش ڕودانی فیتنـە ئامۆژگـاری بـاش و بـەخێری خـەڵکی دەکەن کەوا نەکەونە ناو فیتنەوەو خۆیان زەلیل نەکەن؟ ئایا هەر ئەم زانایانە نـین کەوا بەردەوام ئامۆژگاری خەڵکی دەکەن و هانی گەنجانی موسـڵمان دەدەن کـەوا خەریکی زانستی شەرعی بن بۆ ئەوەی کـەوا زیـاتر لـە دینەکـەیان شـارەزابن و بگەڕێنەوە بۆ سەر ئەسڵی دین؟؟؟؟؟

ئەگەر لەوەڵامدا دەڵێن: نەخێر وانییە. ئەوا درۆتان کـرد، چـونکە هـەر خۆتـانن دەڵێن: ئەمانە بەردەوام باسی تەوحیدو یەکخواپەرستی و بیدعە دەکەن، بەردەوام خەریکی عیلم و حەدیسن هەر خۆتانن دەڵێن: ئەرێ ئەمانە چۆن تاقـەتیان مـاوە ئەوەندە باسـی (عەقیـدەو تەوحیـد)دەکـەن بـەڵێ شـانازییە بـۆ ئـەم زانایانـەو شـوێنکەوتوانی ئـەم زانایانـە، کـەوا بـەردەوام بـانگی خـەڵکی دەکـەن بـۆ یەکخواپەرستی و تەوحید چونکە ئەمە بانگەوازو شـیعاری هـەموو پێغەمبـەران

بووه (عليهم السلام) وەکو خوای پەروەردگار دەفـەرموێت: { وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ }(77).

واتە: بەتەئکیـد بـۆ هـەموو گـەل و نەتەوەیـەك پێغەمبـەرێکمان نـاردووە کـە بانگەوازی ئەو گەل و نەتەوەیەی کردووە (اُعْبُدُوا اللَّهَ) خـوا بەتـەنها بپەرسـتن وە دوور بکەونەوە لە تاغوت.

کەواتە شانازییە بۆمان بانگەوازی پێغەمبەران زیندوو بکەینـەوە ! بـەڵام سـەیر لەوەدایە گەورەترین زوڵـم و پێشـێلکاری بەرامبـەر زاتـی الله دەکرێـت ئـەویش هاوبەش بڕیاردانە بۆ خوا شەریك بۆ خوا دانانە ئێوەش لێی بێ دەنگـن و پاڵتـان لێ داوەتەوە، دەمیش بەرامبەر زانایانی بانگخواز بۆ تەوحید دەکـوتن و دەڵـێن ئەرێ بێزار نەبوون لە بانگەوازی تەوخید، نەخێر بێزار نابین چونکە پێغەمبەر نوح (علیە السلام) ۹۵۰ نۆسەد و پەنجا ساڵ ئەم بانگەوازییەی کردو بێزارش نەبوو وەکو خوای گەورەو میهرەبان دەفـەرموێت: { فَلَمْ يَزِدْهُمْ دُعَائِي إِلَّا فِرَارًا * وَإِنِّي كُلَّمَا دَعَوْتُهُمْ لِتَغْفِرَ لَهُمْ جَعَلُوا أَصَابِعَهُمْ فِي آذَانِهِمْ وَاسْتَغْشَوْا ثِيَابَهُمْ وَأَصَـرُّوا وَاسْتَكْبَرُوا اسْتِكْبَارًا }(78).

کەواتە دیارە کێ پاڵی لێ داوەتەوەو کێ خەمخۆری ڕاستەقینەی دینی خوایە وەکو ڕۆژی ڕوناك وایە بەڵام ئێوە جنێوی ناشرین و بوختان چاوی کـوێر کردوونـە، لـە خواناترسن و گۆشتی زانایان دەخۆن.

---

(77) سورة النحل: الآیة ٣٦.

(78) سورة نوح: الآیة ٧.

فیشەك دەنێن بە تاریكیەوە ئەگەر یەك تۆز ئینصاف تان هەبێت، جنێوی ناشرین نادەن بە زانایان قسەی ناشرینیان پێ نالێن ئەگەر لە خوا بترسن و ترسی قیامەتتان هەبێت پێ یان نالێن:

(عملاء، فاسق، كافر، بە كرێ گیراو، چڵكاوخۆر، دامی داشەی كاربەدەستان .... هتد) چەندین درۆو بوختانی تر كە مرۆڤ حەزناكات ئەم وشە پیسانە بنووسێت، بەڵام با ئەو كەسانە وریابن لەبەر ئەوەی گۆشتی زانایان ژەهراوییە، هەركەسێك بیخوات پێی دەمرێت هەروەكو إمام أحمد بن حنبل رحمە اللە دەفەرموێت: (لحوم العلماء مسمومة) واتە: گۆشتی زانایان ژەهراویە هەركەسێك بیخوات دەمرێت ..... چونكە خوای گەورە دەفەرموێت: { أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا }(79).

{ سباب المسلم فسوق وقتاله كفر }(80).

كەواتە باواز بهێنین لە قسە كردن بە زانایان و شوێن كەوتوانی مەنهەجی پێغەمبەرو صەحابە.

كارێكی ناشەرعی تریش ئەوەیە كە كۆمەڵێك كەسی تر كە خوای گەورە پاداشتی بە خێریان بداتەوە خەریكی (موجادەلەو موناقەشە)كردنن لە (فەیسبووك)داو لەگەڵ كەسانێك كە عینادن و نایانەوێت لە ڕاستی تێبگەن كەس بەردەوام خەریكی (موناقەشەو موجادەلەن)، كە خوای گەورە خێریان بنوسێت بەڵام كارێكی هەڵەیە، لەبەر ئەوەی كەسێك جنێو فرۆش بێت و حەق وەرنەگرێت

---

(79) سورة الحجرات: الآية ١٢.

(80) السلسلة الصحيحة (ج/٨-ص/٨).

دروست نييە موناقەشـەو موجادەڵـەی لەگەڵـدا بكرێـت ئـيللا مەگـەر كەسـێك بيەوێت ڕێگەی ڕاست بدۆزێتەوە، جا لە فەيسبووك و ئينتـەرنێت و سـايتەكاندا، ئەوانەی خۆيان خەريك دەكەن بە موناقەشەو ڕەد دانەوەی خەڵكی ئەوانە خەريكی داگرتنی شتانی بەسوود نين، بۆيە ئەگەر موناقەشـەيەك سـوودی نـەبوو بـا وازی لێبهێنين لەبەر خوای گەورە ئەوە باشترو چاكترێكە بۆمان، وەكو پێغەمبەری ئازيز فەرموويەتی:

{ أَنَا زَعِيمٌ بِبَيْتٍ فِي رَبَضِ الْجَنَّةِ لِمَنْ تَرَكَ الْمِرَاءَ وَإِنْ كَانَ مُحِقًّا وَبِبَيْـتٍ فِـي وَسَطِ الْجَنَّةِ لِمَنْ تَرَكَ الْكَذِبَ
وَإِنْ كَانَ مَازِحًا وَبِبَيْتٍ فِي أَعْلَى الْجَنَّةِ لِمَنْ حَسُنَ خُلُقُه }(81).

واتە: من كەفالەتی ماڵێك دەكەم لە دەوروبەری بەهەشتدا بۆ پياوێك كە واز لـە موناقەشەيەك بهێنێت كە دروست نەبێت، ئەگەر لەسەر حەقيش بێت، (الْمِـرَاءَ): بريتييە لەو موناقەشەيەی كە بەرامبەرەكەت حەق وەرنەگرێت ئەگەر بەڵگەشی بۆ بهێنيتەوە، وە زەمان و كەفالەتی ماڵێك لە ناوەڕاستی بەشتدا دەكەم بۆ كەسـێك لەبەر خاتری خوای گەورە واز لە درۆيەك بهێنێت ئەگەر بۆ گاڵتەيشـی بێـت، وە كەفالەتی ماڵێك لە بەرزترين پلەی بەهەشت دەكەم بۆ كەسێك كە ڕەوشتی جوان بێت.

كەواتە ئەی براو خوشكی خۆم بزانە موناقەشە چەند خراپ و حەرامە بزانە چەندە دڵەكان دەمرێنێت بۆيە واز لە موناقەشەی ئەو جۆرە كەسانە بهێنە كەوا عينادی دەكەن و قسەی نابەجێ بە زانايان دەڵێن جا كۆتا قسەم بۆ ئێـوەی خۆشەويسـت

---

(81) صحيح الترغيب والترهيب (ج/٣–ص/٦).

ئەی براو خوشکی موسڵمانی خۆم: بەوە کۆتایی پێ دەهێنم با بگەڕێینەوە بۆ لای زانایان و ئامۆژگارییەکانیان وەربگرین و بە قسەیان بکەین ئەو کات هەرگیز گومڕا نابین وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت لە قورئاندا:

{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ }[82].

واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمانتان هەیە گوێڕایەڵی خواو گوێڕایەڵی پێغەمبەرو گوێڕایەڵی وەلی ئەمرەکانتان بن وەلی ئەمری دینیتان ,. جا وەلی ئەمری دینیمان (زانایانن) خوای گەورە بیانپارێزێت کەواتە ئەمرو فەرمانی خوای گەورەیە کە گوێڕایەڵی زاناکانمان بین ..............

جا با بزانین ئامۆژگاری زانایان چییە بۆ ئەو کەسانەی کەوا بەردەوام خەریکی ڕەددو موجادەلەو موناقەشەن بەردەوام جوابی کەسانی ناشارەزا دەدەنەوە لە (فەیسبووك)دا:

ئامۆژگاری (الشيخ الدكتور: عبداللطيف أحمد مصطفى أبو عبدالحق الكردي) کە لە سایتەکەی خۆیەوە ئامۆژگاری گەنجان دەکات بەم وەسیەتانە:

خوشك و برایانی شوێن کەوتەی سەلەفی صالح:

١– هیچ قسەیەك مەنووسن بێ بەڵگە.

٢– ڕەددی کەسانی بێ ئەدەب مەدەنەوە وە کە ناچاریش بوون بۆ وەڵامدانەوە ئەوە با ڕەتدانەوەتان

دوو خەسڵەتی تێدا بێت:

(١) بە بەڵگەوە بێت و زانستی بێت.

---

(82) سورة النساء: الآية ٥٩.

(٢) به ئەدەبەوە بێت و دوور بێت لە جنێوو قسەی ناشیرین.

وە تکام وایە هیچ گەنجێك لاسایی موبتەدیعەكان نەكاتەوە چونكە ئەوان زۆرینەی جار لەبەر بێ بەڵگەییان پەنا دەبەنە بەر درۆو بوهتانو قسەی ناشیرین و جنێودان، وە هەركەسێك شێوازی ئەوان بگرێتە بەر ئەوە دیارە مەبەستی ناشیرین كردنی سەلەفییەكانەو دوور نییە كەسێكی نا حەزیش بێتو ناوی سەلەفی لە خۆی بنێت بۆ ناشیرین كردنی سەلەفییەت بە ناوی دیفاع كردنی، كەواتە وریابن.

براتان: عبداللطيف أحمد مصطفى

أبو عبد الحق الكردي

## الثامن: التأني في إبداء الرأي.

لەسەرخۆیی و پەلە نەكردن لە دەربڕینی بۆچون و پێشنیارەكان.

دەبێت كەسی زیرەك و لێهاتوو ویستی وابێت لەكاروبارەكانیدا گرنگی بدات بە لەسەرخۆیی لەدەربڕینی بۆچوون و پێشنیارەكاندا لەهەموو كاروبارەكان، وە ئەوەی كە دەیلێت لەهەموو شتێك كەدەیزانێت و شیاوێتی و مەسڵەحەتی تیادایە، وە جوان نییە بۆی كە پێشنیار بكات لەهەموو شتێكی گەورەو بچووكدا وا ناخوازێت كە قسەبكات لەهەموو شتێكی بەلای سەخت و گران، چونكە لەوانەیە هەندێ جار بەبیریدا نەیات ئەو ئیشەی كەویستی لێیەتی، وە هەندێ جار لەوانەیە هەڵە بێت لەو بۆچوونەدا، وە دوور بێت لەپێكانەوە عەرەب لەوبارەیەوە دەڵێن: { الخطأ زاد العَجُول }.

واتە: هەڵە كردن توێشوی هەڵەشەو پەلەكارانە .

وقال ابن حبان: الرافق لا يكاد يُسْبَق كما أن العَجِل لا يكاد يَلْحَق، وكما أن من سكت لا يكاد يندم كذلك من نطق لا يكاد يسلم.

واتە: کەسی لەسەرخۆ نزیك نییە کەس پێشی بکەوێت، هەروەکو چۆن کەسی پەلە نزیك نییە کەس پێی بگات، وە هەروەکو چۆن کەسێك بێ دەنگ بوو نزیك نییە پەشیمان بێت، هەر وایشە کەسێك قسە بکات نزیك نییە سەلامەت بێت .

وە هەروەها دەفەرمووێت:

والعَجِل يقول قبل أن يعلم، ويجيب قبل أن يفهم، ويحمد قبل أن يجرب، ويذم بعد ما يحمد، ويعزم قبل أن يفكر، ويمضي قبل أن يعزم.

واتە: کەسی پەلە قسە دەکات پێش ئەوەی بزانێت، وە وەڵام دەداتەوە پێش ئەوەی تێ بگات، سوپاس دەکات پێش ئەوەی تاقی بکاتەوە، وە سەرزەنشت دەکات لەدوای ئەوەی سوپاس دەکات، وە سوورە لەسەر ئەنجامدانی کارێك پێش ئەوەی بیربکاتەوە، وە ڕێ دەکات پێش ئەوەی کەوا داچەسپاوی هەبێت.

وە دەفەرمووێت:

والعَجِل تصحبه الندامة، وتعتزله السلامة، وكانت العرب تُكَنِّي العجلة: أمَّ الندامات.

واتە: کەسی پەلە پەشیمانی هاوڕێیەتی، وە سەلامەتی لێ دوور دەکەوێتەوە، وە عەرەب پەلەکردنی ناوبردووە بە دایکی پەشیمانییەکان .

لەم بارەوە هەر ابن حبان دەفەرمووێت:

وذكر بسنده عن عمر بن حبيب قال: كان يقال: لا يوجد العجول محموداً، ولا الغضوب مسروراً، ولا الحر حريصاً، ولا الكريم حسوداً, ولا الشَّرِه غنياً، ولا الملول ذا إخوان.

واتە: کەسی پەلە نییە سوپاس کراوبێت، وە کەسی تووڕە نییە بەختەوەر بێت وە کەسی ئازاد (حوڕ) نییە کە سوور بێت لەسەر کارێك، وە کەسی بەڕێز نییە حەسوود بێت، وە کەسی شەڕنگێز نیە دەوڵەمەند بێت، وە کەسی بێتاقەت نییە کەس لەدەوری بێت .

قال أحد الحكماء: إن لابتداء الكلام فتنةً تروق وجدَّةً تعجب، فإذا سكنت القريحة، وعدل التأمل

وصفت النفس _ فليعدِ النظر، وليكن فرحُه بإحسانه مساوياً لغمِّه بإساءته.

واتە: بێگومان سەرەتای قسە فیتنەیەکی هەیە دەدرەوشێتەوە جیدیەتێکی تێدایە سەرت سووڕ دەمێنێت، کاتێك کەوا برینەکە ئارامی گرت، تێڕوانین ڕێك بۆوە، وە نەفس پاك بۆوە، ئینجا دووبارە تێ بڕوانێت، با دڵخۆشی بە چاکەکەی یەکسان بێت بە خەم و پەژارەی خراپەکەی.

التاسع: لزوم المراقبة الله-عز وجل.

پابەندبوون بە چاودێری خوای پەروەردگارەوە.

گەورەترین بەربەست و ئامۆژگاری بۆ مرۆڤ و یارمەتیدان لەسەر باشەو كاری چاك لە بەكارهێنانی (ئینتەرنێت)دا، وە سەلامەتی و دووركەوتنەوە لە خراپی و بەدبەختی و نەهامەتییەكانی(ئینتەرنێت) پابەندبوونە بە چاودێری خوای گەورەوە (عزوجل)، وە بەردەوام بیربكاتەوە كە شاراوە لای خوا ئاشكرایە، چۆن گونجاوە بۆ مرۆڤ كەوا بەسووكی سەیری خوا بكات؟! جێی خۆیەتی كەوا (پەی) پێ بەرێت و بزانێت كەوا خوای گەورە هەرشتێك شاراوە بێت لە خەیرو شەڕ ئاشكرای دەكات!!!!

جا خوێنەری بەڕێز لەخواترسی ڕاستەقینە ئەوە نییە كە لەبەر چاوی خەڵكی شەرم بتگرێت و تاوان و سەرپێچی خوا نەكەیت !! بەڵكو لە خواترسی ڕاستەقینە ئەوەیە كەلە نهێنی و ئاشكرادا لە خوای گەورەو بەدەسەڵاتی كارلەجێ بترسیت بە شێوازێك وا بزانیت تۆ سەیری خوای گەورە دەكەیت چونكە پێغەمبەری خۆشەویست (علیه سلام) لە فەرموودەیەكی صەحیحدا دەفەرمووێت:

والمشهور حديث ابن عمر في سؤوال جبريل للنّبيّ (عن شرائع الإسلام) وفيه أنّه قال له: أخبرني عن الإحسان؟ قال: { الإحسان أن تعبدالله كأنّك تراه فإن لم تكن تراه فإنّه يراك }[83].

(83) أخرجه مسلم في أوّل كتاب الإيمان. صحيح الجامع الصحيح (ج/١-ص/٢٦٣).

واتە: چاکەکاری ئەوەیە لە پەرستنی خـوادا، بـە شـێوەیەك خـوا بپەرسـتی وەك ئەوەی کە خوا ببینیت، بەڵام ئەگەر تۆش خوا نەبینیت ئەوە بێگومـان خـوا تـۆ دەبینێت.

وەکو خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

{ مَنْ يَعْمَلْ سُوءًا يُجْزَ بِهِ وَلَا يَجِدْ لَهُ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا }(84).

واتە: هەر کەسێك خراپەیەك بکات پاداشتی دەدرێتەوە، بێجگە لـە خـوا هـیچ دۆست و یارمەتیدەرێکی دەستیش ناکەوێت.

جا خوێنەری بەڕێز بزانە (سلف) پێشینانی ئەم ئوممەتە ڕەحمەتی خوای گـەورە لـە هەر هەموویان بێت، چیان فەرمووە لەبارەی چاودێری خوای گەورەو میهرەبانـەوە کە پڕە لە پەندوو ئامۆژگاری !!!

قال أبو الدرداء: إن العبد ليخلو بمعصـية الله تعـالى فيلقـي الله بغضـه في قلـوب المؤمنين من حيث لا يشعر

واتە: عەبدی واهەیە (مەعصییەتی) خوادەکات بە پەنهانی خوای گەورە تـوڕەیی خۆی دەکاتە دڵی ئیماندارانەوە بەرامبەر ئەو کەسە، بەشێوەیەك کەهەسـتی پـێ ناکات.

قال أبو حازم سلمة بن دينار: لا يُحْسِن عبد فيما بينـه وبـين الله ـ تعـالى ـ إلا أحسن الله فيما بينه وبين العبـاد، ولا يُعَـوِّر ـ يفسـد ـ فيمـا بينـه وبـين الله ـ تعالى ـ إلا عوَّر الله فيما بينه وبـين العبـاد، ولَمُصَـانَعَةُ وجـه واحـد أيسـر مـن

---

(84) سورة النساء: الآية ١٢٣.

مصانعة الوجوه كلها، إنك إذا صانعت الله مالت الوجوه كلُّها إليك، وإذا أفسدت ما بينك وبينه شنأتك _ أبغضتك _ الوجوه كلها.

واتە:

هیچ عەبدێك نییە کە نێوان خۆی و خوا چاك بکات _ ئیللا خوای گەورە بەینی ئەو و خەڵکی چاك دەکات، وە هیچ عەبدێك نییە بەینی خۆی و خوا تێك بدات _ ئیللا خوای گەورە بەینی ئەو و خەڵکی تێك دەدات، کەسێك بەینی خۆی و خوا چاك بکات ئاسانترە لەوەی بەینی خۆی و خەڵکی چاك بکات،

لەبەر ئەوەی بەس بەینی خۆت و خوا تێك دەی ئەوا هەموو ڕووەکانی تر تێك دەچێت .

وقال المعتمر بن سليمان: إن الرجل يصيب الذنب في السر، فيصبح وعليه مذلته .

واتە:

پیاوی واهەیە تووشی تاوان دەبێت بە نهێنی، تاوای لێ دێت تاوانەکەی ئەبێتە مایەی سەر شۆڕکردنی.

قال ابن الجوزي: نظرت في الأدلة على الحق سبحانه وتعالى _ فوجدتها أكثر من الرمل، ورأيت من أعجبها: أن الإنسان قد يخفي ما لا يرضاه الله عز وجل _ فيظهره الله _سبحانه _ عليه ولو بعد حين وينطق الألسنة به، وإن لم يشاهده الناس.

واتە:

تەماشای بەڵگەکانم کرد لەسەر خوای گەورە تەماشام کرد زۆر زیاترە لە لم و قومی سەر زەوی، وە لە هەمووی سەرسوڕهێنەرتر ئەوەبو ئینسانی واهەیە شتێك

دەشارێتەوە خوا پێی ناخۆشە، خوای پەروەردگار ئاشکرای دەکات ئەگەر دواتریش بێت، وەزمانەکان ئەی درکێنن هەر چەندە نەشیان بینیوە .

وقال ابن الجوزي: إنه بقدر إجلالكم لله ــ عز وجل ــ يجلكم، وبمقدار تعظيم قدره واحترامه يعظم أقداركم وحرمتكم.

واتە: ئێوە چەندە خوا بە گەورە بزانن ئەویش ئەوەندە ڕێزتان لێ دەنێت، وە ئێوە چەندە خوا بە گەورەو بە ڕێزو دەسەڵاتدار بزانن خواش ئەوەندە

ئێوە ڕێزدارو گەورەو بە حورمەتتان دەکات .

کەواتە ئەی براو خوشکی بەڕێزم بەردەوام خوات لە بیر بێت، شەرم بتگرێت لە کاتی تاواندا هەست بە شەرمەزاری بکە، والله ڕەوانییە بۆ کەسێك کەوا شەرم دەکات و ڕووی نایات لەبەر چاوی کەسێك سەیری فیلمێکی ناشەرعی بکات و سەیری ڕەسمی خراپ بکات، بەڵام کاتێك کەسی لێوە دیار نییە بەبێ شەرم و ترس (ئینتەرنێت)ەکەی دەکاتەوە کام سایتی خراپ و هەست هەژێنەو کام سایتی خەللاعی و بێ شەرعی هەیە دەی کاتەوە، والله ئەگەر شەرم لە کەسێك زیاتر بکەیت وەك لە خوا ئەوا بڕۆ ئیمان و باوەڕەکەت سەر لەنوێ تازە بکەرەوە چونکە پلەی ئیمان لەوەها حاڵێکدا هیچ سوودی نییە!

ئەی ئەو کەسەی کە ئەوە حاڵتە شەرم لە خوا ناکەیت لە کاتی سەیرکردنی فیلمی ناشەرعی و قسەی خراپ لە (ئینتەرنێت)دا ئایا ناترسی لە کاتی ئەو تاوانەدا بمریت و خوای گەورە ڕوحت بکێشێت؟

ناترسیت بەسەر بینینی ئەو فیلم و ڕەسمە ناشەرعیانەوە بچیتەوە خزمەت خوای گەورە؟

بۆ بیرێك ناكەیتەوە خۆ تۆ نازانیت كەی دەمریت و لـە چـی كاتێكـداو بـە چـی شێوەیەك و لە چی شوێنێكدا دەمریت؟

جا كەواتە بیری مردنت بێت و لەو سات و كاتە بترسە كە بـە تاوانـەوە بچـیتەوە لای خوای گەورە بۆیە ئەی براو خوشكی خۆم خوای گەورەو میهرەبان هیچـی لێ ون نابێت هەرچییەك كە لە (ئینتەرنێت) ئەنجامی دەدەیت دوو مەلائیكـەی خـوا ئەو كردەوانەت دەنووسن كە ئەنجامی ئەدەیت، وەكو خوای گەورە دەفەرموێت: { إِذْ يَتَلَقَّى الْمُتَلَقِّيَانِ عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ قَعِيدٌ * مَا يَلْفِظُ مِنْ قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ }(85).

واتە: كاتێ ئەو دوو فریشتەیە كردارێك تۆمار دەكەن كە لـەلای ڕاسـت و لـەلای چەپیەوە دانیشتوون ❊ ئەو كەسە هەر وتەیەك هەر كردارێك كە ئـەنجامی دەدات چاودێری بەسەرەوەیە تۆماری دەكەن.

---

(85) سورة ق: الآية ١٨.

## العاشر: المشاركة في تقديم النافع المعين.

به شداربوون لەپێشکەش کردنی شتی باشی یارمەتیدەردا.

هەروەکو چۆن واجب و پێویستە لەسەر موسڵمان کە نەفسی خۆی دوور بگرێت و بپارێزێت لە فیتنەی (ئینتەرنێت) ئاوایش پێویست و واجبە لەسەری کە نەفسی خۆی نەگرێتەوە لە کارە بە سوودو خەیرییەکان بە تایبەتی ئەگەر خاوەنی زانین و تایبەتمەندی بوو لەو کارە خێرەدا، بەڵام ئەگەر شارەزایی و کەم و کورتی هەبوو یان بووە هۆی ناتەواوی لەبەرەو پێش بردنی ئەو کارەدا ئەوە با خۆی دوور بگرێت، بەڵام ئەگەر توانیتی با هەر کارێك کەمایەی خەیرە ئەوە بەرەو پێشەوەی بەرێت بە پێی توانای خۆی، لە بەشداربوون و یارمەتیدان و چاودێریکردن و بڵاو بوونەوەی ئەو کارە باش و خێرەدا، وەك دروستکردنی (سایت و منتدیات و ئەو جۆرە ماڵپەڕانەی کەوا خزمەتە بە ئیسلام) ئەگەر توانای هەبوو سایتێکی ئایینی دروست بکات یاخود لەڕووی ماددییەوە سەرپەرشتی بکات وە یاخود توانای نووسینەوەی ئەو مەقالەو گۆڤارانەی لەسایتەکاندا بڵاو دەکرێنەوە بنووسێتەوە، ئەوە بێگومان کارێکی باشی کردووەو وەلای خوای گەورەو میهرەبان ون نابێت و پاداشتی خۆی لای خوا وەردەگرێت إن شاء الله وەکو خوای

پەروەردگار دەفەرموویت: { فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ * وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ }(86).

واتە: هەرکەسێك بە ئەندازەی وردیلەیەك چاکەی کردبێت دەیبینێتەوە * وە هەرکەسێك بە ئەندازەی وردیلەیەك خراپەی کردبێت دەیبینێتەوە .

---

(86) سورة الزلزلة: الآية ٦-٧.

چاكەو بەشداری كردنی كاری باشە یاخود هاندان و یارمەتی كەسانێك بكەیت لە كاری باش و بەسوودا ئەوا ئەجرو پاداشتی ئەو خێرەی ئەوانت بۆ دێت بیٚ ئەوەی لەوانیش كەم ببێتەوە، وەكو پێغەمبەری خۆشەویست دەفەرموێت: { كُلُّ مَعْرُوفٍ صَدَقَةٌ والدّالُّ على الخيرِ كفاعِلِهِ }(87).

واتە: هەموو چاكەیەك خێرە ئەو كەسەی خەڵكی فێری خێر دەكات ئەوە خێری وەك ئەو كەسە وایە كە خێرەكە دەكات.

## الحادي عشر: إنكار المنكر.

نەهی كردن و ئینكاریكردن لە خراپەكاری.

لەسەر بەكارهێنەری (ئینتەرنێت) پێویستە بەرهەڵستی و ئینكاری لە نەفسی بكات لەو شتانەی كەتاوانەو خراپەیەو ناشرینە كاتێك لە شاشەی كۆمپیوتەرو ئینتەرنێتەكەی دەیبینێت، وە بەرهەڵستی و ئینكاری بكات لەو شتە خراپانەی كە لە (فەیسبووك و ئینتەرنێت)و سایتەكاندا بلاّو دەكرێنەوە، بە پێی تواناو دەسەلاّتی لە نەهی كردنی، وە (عیلم ـ و حیكمەت)ەوە بێت وەكو خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي ﴾(88).﴾

واتە: بلّیٚ ئەمە رێگای منە بانگی خەڵكی دەكەم بۆ لای خوا (عَلَى بَصِيرَةٍ) أي: على عیلمٍ﴾

(87) صحيح البخاري برقم (١/٣٧٤). صحيح مسلم برقم (١٠٠٥). جامع الصحيح (ج/٣-ص/١٤٠).

(88) سورة يوسف: الآية ١٠٨.

واتە: لەسەر (زانست و زانیاری) من و ئەوانەش کە شوێنم کەوتوون.

وەلە ئایەتێکی تردا خوای گەورە دەفەرموێت: { ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ }(89).

واتە: بانگی خەڵکی بکە بۆ ڕێگای خوا (بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ) بە لێزانی و بە دانایی و ئامۆژگاری چاك و شیرین، پاشان ئەگەر تووشی (مجادلة)و موناقەشە بوویت ئەوا (وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ) واتە: لە گەڵیان بدوێ و موناقەشە بکە بە جوانترین شێوە، چونکە (إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ) بێ گومان پەروەردگارت خۆی زاناترە چاك دەزانێت بە وانەی کە گومڕابوون و لایان داوە لە ڕێگاکەی، وە هەر خۆیشی باش دەزانێت بە وانەی لەسەر ڕێگای ڕاستن.

پێغەمبەری ئازیزو خۆشەویست لە حەدیسێکی صەحیحدا دەفەرمووێت:

عن أبي سعيد الخدري رضي الله عنه قال سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم { يقول من رأى منكم منكرا فليغيره بيده فإن لم يستطع فبلسانه فإن لم يستطع فبقلبه وذلك أضعف الإيمان }(90).

واتە: ئەگەر هەریەکێك لەئێوە خراپەیەکی بینی با بەدەست بیگۆڕێت، ئەگەر لە توانایدا نەبوو با بە زمانی بیگۆڕێت، ئەگەر بەمەش نەیتوانی بابە دڵ پێی ناخۆش بێت، ئەمەش لاوازترین پلەی (ئیمان)ە باوەڕە.

---

(89) سورة النحل: الآية ١٢٥.

(90) صحيح الترغيب والترهيب للألباني (ج/٢-ص/٢٨٣).

وە سیفاتی مرۆڤی ئیماندارو باوەڕدار ئەوەیە ئامۆژگاریکارو خەمخۆری یەکتربن و هانی یەکتری دەدەن لەسەر کاری باش و ڕێگری لەیەکتری دەکەن لەسەر کاری خراپە، وەکو خوای پەروەردگار لە قورئانە پیرۆزەکەیدا دەفەرمووێت: {وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ}(91).

واتە: پیاوان و ئافرەتانی باوەڕدار هەندێکیان یارمەتیدەرو خۆشەویستی هەندێکی تریانن فەرمان دەکەن بە چاکە بەوەی کاری باش و کردەوەی بەهەشتی ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی خوای گەورە بیان کاتە بەهەشتەکەی خۆیەوە، وە ڕێگری و نەهی یەکتر دەکەن لە خراپە.

وە خوای گەورە چەند سیفەتێکی ئیماندارانی پیاوان و ئافرەتان باس دەکات کەبریتین لە:

یەکەم: يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ فەرمان دەکەن بە چاکە.

دووەم: وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ ڕێگری دەکەن لە خراپە.

سێ یەم: وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وە نوێژیش ئەنجام ئەدەن .

چوارەم: وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وە زەکاتیش دەدەن.

پێنجەم: وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەیان دەکەن.

جا لەم ئایەتە پیرۆزەی قورئانەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە (ئەمر کردن بە چاکەو ـــ نەهی کردن لە خراپە) لە پێش (نوێژو ـــ ڕۆژو ـــ زەکات و ـــ

---

(91) سورة التوبة: الآية ٧١.

هەموو عیبادەتەکانی ترەوەیە)!!! واتە: ئەمرەکە زۆر گرنگە بۆیە خوای گەورە لەپێش ئەم کارە گرنگانەوە باسی کردووە.... بەڵام ئەوەمان بیر نەچێت ئەمر کردن بە چاکەو ڕێگری کردن لە خراپە، چۆنێتی ئەدا کردنەکەی حیکمەت و زانستێکی زۆری ئەوێت ! ئەم چۆنێتی ئەداکردنەش بە خۆشارەزاکردن لە (قورئان و سوننەت) ئەبێت، بە تێگەیشتنی (سەلەف)ی ئوممەت واتە (پێشینی) ئەم ئوممەتە کە صەحابە تابعین و تابعی تابعین ئەبێت، وە ئەوانەی شوێن ئەوانیش دەکەون بەو شێوەیەی کە صەحابە شوێن پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کەوتن، جا ئەگەر ئێمە (شتی خراپ وەك: ڕەسمی خراپ و نووسینی خراپ و ڤیدیۆی خراپ و هەرشتێك کە خوا پێی ناخۆشە) بینیمان یاخود خۆمان ئەنجامی بدەین ئەوا خۆمان شوبهاندووە بە کافرانەوە ! پەنا ئەگرین بەخوا، جا ئەگەر بێت و ئەو ئەمرەی خوامان شکاند

کەبریتییە لە (ئەمرکردن بە چاکەو ـــ نەهی کردنە لە خراپە) ئەوا سیفەتێك لە سیفەتەکانی مونافیقانو بێ باوەڕانمان ئەنجام داوە، چونکە ئەوان یارمەتی یەکتری ئەدەن لەسەر خراپەکاری، چونکە ئەگەر وامان نەکرد ئەوا یەکێك لەسیفەتە خراپەکانی(کافر)و بێباوەڕو (مونافیقان)مان جێ بەجێ کردووە وەکو خوای پەروەردگار لە قورئانە پیرۆزەکەیدا دەفەرموویێت: { الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ بَعْضُهُمْ مِنْ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمُنْكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمَعْرُوفِ وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ نَسُوا اللَّهَ فَنَسِيَهُمْ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ هُمُ الْفَاسِقُونَ}[92].

(92) سورة التوبة: الآية ٦٧.

واتە: پیاوانی دووڕوو و ئافرەتانی دوو ڕوو هەندێكیان لـە هەنـدێكیانن، فـەرمان دەكەن بە خراپەو ڕێگری یەكتری دەكەن لە چاكە و باوەڕهێنـان بـە خـواو نـەهی لەیەكتری دەكەن لەسەر ئەخلاق و ڕەوشتی بەرز وە لە كاروو كردەوەی باش وە لـە ئادابی جوان و بەپێز، وە دەستیان دەنووقێنن و دای دەخەن لـە خێـرو ڕێگاكـانی چاكەكاری، خوایان لەبیر چۆتەوەو یادی ناكەنەوە، بۆیە خواش فەرامۆشی كردوون و وازی لێ هێناون، وە مۆفەقیان ناكات بۆ خێر، وە نایشیان كاتە بە هەشـتەوە، بل يتركهم في الدرك الأسفل من النار, خالدين فيها مخلدين. بەڵكو دەیان كاتە ژێر ژێرەوەی ئاگری دۆزەخ، تێیدا دەمێننەوە بە هەتا هەتایی، بە ڕاستی دوو ڕووەكان هەر ئەوانەن دەرچوو لەسنوور. { وَعَدَ اللَّهُ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْكُفَّارَ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا هِيَ حَسْبُهُمْ وَلَعَنَهُمُ اللَّهُ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُقِيمٌ }(93).

واتە: خوا بەڵێنی داوە بە پیاو و ئافرەتە دوو ڕووەكان و بە بێ باوەڕەكـانیش بـە ئاگری دۆزەخ دەمێننەوە تێیدا بە هەمیشەیی وە ئاگری دۆزەخیان بەسە، وە خـوا نەفرەتی لێكردوون وە سزای هەمیشەییان بۆ هەیە.

وە ئەمركردن بە چاكەو نەهی كردن لە خراپـە لـە پـێش نوێـژو ڕۆژوو زەكـات و زۆربەی عیبادەتەكانەوەیە، وە ئەمەش هیچ بەلاتەوە سەیر نەبێت، چونكە خـوای گەورە ئەمری واپێ كردووینە ئەگـەر خۆمـان بـە موسـڵمان دابنـێین، هـەروەكو دەفەرموویێت: { وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِـالْمَعْرُوفِ

---

(93) سورة التوبة: الآية ٦٨.

وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ }(94).

واته: پیاوان و ئافرەتانی باوەڕدار هەندێکیان یارمەتیدەرو خۆشەویستی هەندێکی تریانن فەرمان دەکەن بە چاکە بەوەی کاری باش و کردەوەی بەهەشتی ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی خوای گەورە بیان کاتە بەهەشتەکەی خۆیەوە، وە ڕێگری و نەهی یەکتر دەکەن لە خراپە. وەئەگەر بێت و (ئەمر نەکەین بە چاکەو ڕێگری نەکەین لە خراپە) ئەوا (لەعنەتی خوایی) دەڕژێت بەسەرماندا، خوا بمانپارێزێت.

وەکو خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

{لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ * كَانُوا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ}(95).

واته: خوای گەورە لەعنەتی لە بەنو ئیسرائیل کرد لەسەر زمانی داودو عیسای کوڕی مەریەم لە زەبوورو ئینجیلدا لەعنەتیان لێکرا، وە خوا لەعنەتی بۆ ناردن، بۆ؟ ذالِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانوا يَعْتَدونَ

واته: چونکە سەرپێچی فەرمانی خوایان دەکردو دەست درێژیان دەکرد،

كَانوا لا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كَانوا يَفْعَلون * واتە: بۆیە لەعنەتییان لێکرا کە ئەگەر مونکەرێك یان خراپەیەك دەکرا، لا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ نەیان دەوت کاکە ئەوە خراپەیە مەیکە، بابە ئیشی من نییە من حەقم

---

(94) سورة التوبة: الآية ٧١.

(95) سورة المائدة: الآية ٧٨-٧٩.

چییه، كەس ناچێته قەبری كەسەوە، كەس بەئاگری كەس ناسـووتێت، هەركەسـه پێویسته دەست بەكلاوی خۆیەوە بگرێت با نەیبات[96] .

وه له كۆتاییدا خوشك و برایانی خوێنـەرو خۆشەویسـت، ئایـا هەسـت ناكـەیت كاتێك چاو و دڵت ئەم دیوو ئەودیو دەكات بۆ وێنەی خـراپ، ئایـا لـەو كاتـەدا هەست به تاریكیەك ناكەیت له دڵتا، وه به لاوازییەك له لاشەتدا، وه ئایا سـەیر نییه به لاتەوە كه كاری چاكت ناوێت (وەرعت)[97]

هەیه له كاری چاكەدا، وه (رەغبەتت) ئارەزووت هەیه له كاری خراپەدا، وه ئایا هەست ناكەیت كه تۆ مطـالەعـەی خراپـه دەكـەیت لـه سـەر (ئینتـەرنێت) وه كاتەكانت به فیرۆ و بەزایه دەدەیت به گوێ گرتن له فلان و فـلان، ئایـا هەسـت ناكەیت كاتێك كاتێكی زۆرت دەڕوات لەسەر (ئینتـەرنێت) بـێ ئـەوەی سـوودو قازانجێكت بەدەست كەوتبێت، ئایا كەمێك تونای بیركردنەوەت نییه؟

كەبیر بكەیتەوە له بەفیڕۆدانی كاتـەكانت كـه چـەندە زەرەرت كـردووە و چـەندە تووشی تاوان و سەرپێچی بوویته به هۆی ئەوەی كاتێك تەنیایت بیر له چـاودێری خوا (جل وعلا) ناكەیتەوە، دە له خوا بترسه كاتێك كه توانات هەیه تاوان ئەنجام بدەیت، چونكه خواش توانای زۆر زۆر له تۆ زیاتره كـەوا تۆڵـەت لێ بسـێنێت و سزات بدات، لەخوا بترسه كاتێك كه تەنهایت و كەست لێوە دیار نییـە, چـونكه

---

(96) **ئەم تەفسیره له كیتابی ئەمر بەچاكەو نەهی كردن لەخراپەی (د.عبداللطیف أحمد مصطفی أبو عبدالحق الكردي ـ حفظه الله) وەرم گرتووە. خوا بیپارێزێت.**

(97) **ورع: واته: ئەو كەسەی كه خۆی له تاوانو گوناه بگرێتەوە، پێی دەڵێن ـوەرعیـ هەیه لەو شتەدا.**

خوای گەورە بیٚ ئەوەی کەس بیبینیٚت و فەرمانی پیٚ بکات تۆڵەت لیٚ دەسیٚنیٚت و سزات دەدات و ڕووحت دەکیٚشیٚت .

أسأل الله "بأسمائه الحسنى وصفاته العلى" أن يجنبنا الفتن ما ظهر منها وما بطن وأن يجعلنا مفاتيح للخير، مغاليق للشر، مباركين أينما كنا

والحمد لله رب العالمين

**لە بلاٚوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن**

www.iman1.com

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنویٚ بوونەوەی ئیمان**

imanonekurd@yahoo.com